Erling Ronald & Grete Sørensen Vaaland

ئەرلینگ ڕۆنالد & گریّتە سویّرنسن ڤالاند

# بەرەنگاریی چەپاندن

## ڕێنمای مامۆستا

تەرجەمەی لە نۆرویێژیەوە

ئاکۆ مودیری

«کۆمەک»

www.komak.nu

*Mobbing i skolen - En læreveiledning*

Erling Ronald & Grete Sørensen Vaaland

Utdanning og forskningsdepartementet

Oslo 2003

*بەرەنگاریی چەپاندن - ڕێنمای مامۆستا*

نووسینی: ئەرلینگ ڕۆناڵد & گریتە سوێرنسن ڤالاند

Erling Ronald & Grete Sørensen Vaaland

ئوسلۆ، ساڵی 2003

تەرجەمەی لە نۆرویژیەوە

ئاکۆ مودیری

«کۆمەک» www.komak.nu

ئوسلۆ 2011

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی:
https://komak.nu/B21/pdf/Berengariy_Chepandin_B21.pdf

**ناوەڕۆک**

بۆ بەربەستن لە «چەپاندن» .................................................... 4
پێشەکی.................................................... 5
فاکتەرەکانی چەپاندن .................................................... 7
نیشانە و هۆکار .................................................... 10
پرێنسیپەکانی «ڕێنمای مامۆستا» دژی چەپاندن .................................................... 18
ڕێکخستن.................................................... 23
مێتود و چارەسەر بۆ فێرگە .................................................... 25
مێتود و چارەسەر بۆ ئاستی پۆل .................................................... 30
چارەسەرکردنی کێشە .................................................... 38
ئەنجامگیری .................................................... 54

**بۆ بەربەستن لە «چەپاندن»**

پێشڤەچوونی بواری فێرکاری لە نێو میللەتانی جیهاندا هەنگاوی خێرا دەنێت. فێرگە وەک ئاگردانی فەرهەنگ، یاسا، ڕێسا، ئازادی و ئاسوودەیی مرۆڤ بەرەو دوند (لوتکە) هەڵدەکشێت، بەرزویستی و داخوازیی ژیان لە پاش گڕوگاڵی کۆرپەییەوە دەستپێدەکات. زمانیش لە پێناو ویست و ئارەزوویدا هەردەم خەریکی داتاشینی وشە و دەستەواژەی نوێ و هاوئاستدایە.

داب و نەریتیش بەپێ ڕەوتی زەمان دەگۆڕێت، زۆرێک لە دیاردەکانی پەیوەندی و ڕەفتاری نێو جڤات دزێو دەبن و بەکارهێنانیان سەروەری و شکۆی مرۆڤ دەشکێنن. ئەوەی دوێنێ پیرۆز بوو ئەمڕۆ نامۆیە و پێچەوانەکەشی ئێستا نیشانەی پێشکەوتنە.

پێشکەوتنی جڤات لە فێرگەوە دەستپێدەکات. کوردستان وەک هەموو وەڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فێرگەی فەرهەنگساز بێبەشە. نەک هەر ناتوانێت پێناسەی خولیا و داخوازیەکانی مرۆڤی سەردەم بکات بگرە لە زۆر بواردا پاشەکشە دەکات.

ڕێکخراوی کۆمەک بە درێژایی چەندین ساڵە لە پێناو پێشخستنی فێرگەی کوردستان بێوچان تێدەکۆشێت، بە سەدان بابەتی نوێی فێرکاری، وەک پەرتووک، نامیلکە، خوولی تایبەت بۆ مامۆستا و فێرخواز پێشکەش بە فێرگەی کوردستان کردووە. هاوکات لەم بوارەدا خەریکی ناساندن، تەرجەمە و بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێی فێرکارییە هەم بۆ سەرخستنی ئاستی فێربوونی فێرخواز و ئاسوودەبوونی لە ژینگەی فێرگەدا و هەم بۆ ڕاهێزان و سەرفەرازیی مامۆستا لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی ئەرێنی بە جڤات.

زاراوەی «چەپاندن» **Bullying** (ئازاردان، سەرکردنەسەر، سەرخستنەسەر) لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لە وەڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت سکاندیناڤی سەری هەڵداوە و لە نێو جڤاتدا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت. «چەپاندن» وەک پێناسە و زاراوەی نوێ بووە بە چەتری سەر دیاردەکانی: ئازاردان، سەرخستنە سەر، پەراوێز خستن، لێدانی فیزیکی، تانە لێدان، نەدواندن، بێز لێکردنەوە، گاڵتە پێکردن و هتد...

بێگومان ئەم دیاردانە لە هەموو جڤاتێکدا باون، بەڵام لە هێندێک جڤاتدا چەندێک لەم دیاردانە بوونەتە نەریت یان بە تەواوی بوونەتە ڕەوشتێکی ئاسایی و ئاسوودەیی مرۆڤیان ژێرپێ خستووە. ڕۆژانە لە نێو خێزان، بازاڕ، شوێنکار و فێرگە کەسایەتیی تاک دەڕووشێنێت بێ ئەوەی کەسی لێ بەدەنگ بێ.

ئاکامی بەرفرەوانبوونی ئەم ڕەوتەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی توندوتیژی و دواتر کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورەی لێ دەزێت. تاکە ڕێگەی پێشگرتن و نەهێشتنی ئەم دیاردانە پەروەردەی خێزان و فێرگەیە. ئێمە بە خواستنی وشەی «چەپاندن» بەرانبەر ئەم دیاردەیە هەوڵمان داوە هەموو ئەم ڕەوشتە دزێوانە بخەینە خانەیێکی تایبەتەوە و وەک میللەتان زاراوەی تایبەت بدەینە دیاردەی «چەپاندن» کە وەک چەتر و هێما هەموو دیاردەکانی **Bullying** کۆ بکاتەوە.

ئەم کتێبە، ڕێنمایە بۆ مامۆستا و کارگێڕانی فێرگە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی چەپاندن لە فێرگەدا و داهێزانی کێشەی ڕەفتار و کرداری نایەتیە بەگشتی.

ئاکۆ مودیری

«کۆمەک»، ئۆسلۆ 2011

## پێشەکی

ئەم پەرتووکە ڕێنمایە دژی «چەپاندن»، فێرگە دەتوانێت بۆ پێشگرتن و نەهێشتنی «چەپاندن» **Bullying** (ئازاردان، سەرکردنەسەر، سەرخستنەسەر) سوودی لێ وەربگرێت. ڕێنماکە لە لایەن «سەنتەری تۆژینەوەی ڕەفتار» لە زانکۆی شاری «ستاڤانگر» بەرهەم هێنراوە. زانیاری دەربارەی چەپاندن پەخشان دەکات، پێناسەی دەداتێ، ڕێگەی چارەسەر و پێشگرتنی ڕوون دەکاتەوە بۆ کارگێڕ و مامۆستایانی فێرگە بە مەبەستی پیادەکردنیان لە بەرنامەی ڕاهێنانی فێرگەدا.

تۆژینەوە دەریخستوە 60 - 70 هەزار فێرخوازی بنەڕەتی، تەنیا لە فێرگەکانی یەک شاری وەڵاتی نۆرویژدا، هەفتانە بە چەپاندنەوە دەگلێن، یان چەپێنەرن (ئازاردەر) یان چەپێنراو (ئازاردراو). زۆر جار ئاماری نیوەی ساڵ لەم ڕێژەیە پترە و هەروەها تۆژینەوەکە ئاماژە بە ڕێژەی هەڵکشانی ڕۆژ لە داوی ڕۆژی ئەم دیاردەیە دەکەن لە ئاستی وەڵاتدا.

لەم ڕێنامەیەدا فێرخوازان چالاکانە بەشداری دەکەن لە نەهێشتن و پێشگرتنی دیاردەی چەپاندن. نەسەلماندی چەپاندن هەتا ڕێژەی سفر پرنسیپی سەرەکیی ڕێنماکەیە. ئەنجومەنی فێرخوازان ڕۆڵێکی تایبەت لێرەدا دەبینێت و خێزانیش وەک یاریدەدەر سوودی لێ وەردەگیرێت.

ئەزموون پێشانی داوین کارکردن بە شێوەیەی سیستماتیک هەم بە تاک و هەم بە کۆمەڵ بۆ پێشگرتنی چەپاندن کاریگەری باشی هەیە و چالاکی بەردەوام و درێژخایەن دژ بە چەپاندن سوودی و ئاکامی چاک دەبێت.

بە پێ یاسای خوێندن لە دەستووری فێرکاری وەڵات، دەبێت فێرگە ژینگەیەکی ئارام و دوور لە هەموو جۆرە توندوتیژیەک بێت. منداڵ و گەنج مافی هەبوونی ژینگەیەکی فێرکاری ساخلەم و بێ چەپاندنیان هەیە. هەر بۆیە فێرگە بەرپرسە لە پێشگرتن و نەهێشتنی چەپاندن.

## چەپاندن

ئەمڕۆ بەیانی ئارام دیسان وەک ڕۆژەکانی دیکەی فێرگە، بە سکئێشەوە لە خەو بەخەبەر دێت، ڕۆژانی پشوو ئەم ژانەی نییە. ئەم ژانەسکە، بەتایبەت ئەو ڕۆژانە زیاد دەکات وا کوڕانی پۆلی بەرانبەر هاوکات لەگەڵ ئەمان وانەیان دەستپێدەکات. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە. هەر وەک جاران شۆڕش و یادگار لە کۆڵانی سەر ڕێگەی فێرگە لە پەنا دارەکان خۆیان مەڵاز داوە. لەپڕ دێنە پێش و دەیترسێنن، ئارامیش زۆر دەترسێت. ئەو دەزانێت ئەم ترساندنە شتی دیکەشی بەدواوەیە. شۆڕش شانێک لە شانی ئارام دەدات- بە جۆرێک باسکی ئارام بەر سینگی شۆڕش دەکەوێت. شۆڕشیش هەر ئەوەی دەویست، بە دەنگێکی گڕەوە وتی «لێم دەدەی؟» ئارام وتی «نەخێر»، شوڕش وتی «درۆ دەکەی»، کەوا بوو ئارام شایانی لێدانێکی زۆرە. ئیدی دەستی کرد بە لێدانی. پاشان شۆڕش و یادگار ڕۆشتن بۆ فێرگە. ئارامیش وردە وردە بە ژاکاوی و دوودڵی دوایان کەوت. هەر یەکەم کاژێری وانە مامۆستا هەست دەکات ئارام زۆر شەکەت و پەستە- «لەوانەیە شەو درەنگ نوستبێت؟!».

کچەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا بە دوو ڕیز وەستاون و خەریکی یاری بازبازێنەن، هەر ڕیزە لە ئاستی خۆیەوە بە بازدان پێشی کەسی ڕیزەکەی بەرانبەری دەداتەوە. دواکەسی ڕیزی یەکەم شەرمینە، کچەکانی پێش ئەو زۆر لێک نێزیکن، هەر دەڵێت پێکەوە نووساون. ئەوان نایانەوێت بەر جلەکانی شەرمین بکەون. هەتا نۆرەی شەرمین دێت باز بداتە نێو خانەی یاریەکەوە. لە ڕیزی بەرانبەری، نۆرەی ژاڵەیە. هەر کە شەرمین باز دەدات، ژاڵە لە شوێنی خۆی ڕادەوەستێت. کاتێک شەرمین لە خانەکە دەردەچێت، ئەوانی دیکە دەست پێدەکەنەوە. کەسیان

نایەوێت لەگەڵ شەرمین یاری بکات. هەموو جارێک وای لێدێت. لە شوێنی جل هەڵواسین کەس جلی خۆی لای جلی شەرمین هەڵناواسێت. گەر پارچە جلێکی شەرمین هێندێک نێزیک بێت لە جلەکانی ئەوان یەکسەر خۆیانی لێ دوور دەخەنەوە. کەم جار ڕوو دەدات کەسێک قسەیەکی ناشیرین بە شەرمین بڵێت، بەڵام کچەکان بە زۆری خۆیان لە شەرمین دوور دەگرن و کاتێک ئەو نێزیک دەبێتەوە دەست دەکەن بە چپەچپ. هەست دەکەیت بازنەیەکی ناودیوی (دیوی- ناوەوە) مەگناتیسی نادیار بە دەوری شەرمیندا کێشراوە و هەموو کەسێک لەو دوور دەخاتەوە. لە ژووری وێنەکێشان هەموو فێرخوازان بە جووت دادەنیشن، بەڵام شەرمین بە تەنیایە. لە پۆلی دووەمەوە ئەم ڕەوتە هەر وا هاتوە. زۆرجار شەرمین دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە لەوانەیە ئەم شێوازە ڕەفتارە لە پۆلەکانی ناوەندیدا بێتە گۆڕین.

لە فێرگەی پیشەناسیدا کاتی پشووی فراڤینە، هەموو فێرخوازان تۆشەیان پێیە (تۆشە: خواردنێکی سەرەتاییە بۆ کاتی فراڤینیان). فێرخوازان تۆشەی خۆیان لە جانتا دەردێنن و دەڕۆن بۆ کانتینا. ڕێبوار زۆر شانازە بە خۆی کە سندوقێکی جوانی دروست کردوە و ئەرکی وانەی ئەمڕۆی تەواو کردوە، ئەویش دەڕوات تۆشەکەی لە جانتا دەربێنێت، دەبینێت هیچی لێ نییە. ئەو دڵنیایە تۆشەکەی لە جانتاکەیدا بوو، بەڵام ئێستا نەماوە. کاتێک سەیری سەتڵی خاشاک دەکات، دەبینێت تۆشەکەی لەوێیە، ئەمە یەکەم جار نییە تۆشەکەی لەوێ دەربێنێتەوە.

پاش پشووی فراڤین فێرخوازان ڕوو دەکەنە کارگە، سەیوان و هەژیر بە ڕستەی گاڵتەئامێز ڕێبوار دەگرنە بەر پلار و سەرنجی هەموو دەوروبەر بە پێکەنین ڕادەکێشن، ڕێبوار بۆ خۆشی پێدەکەنێت و وا پێشان دەدات شتێکی ئاساییە، بەڵام زوو هەستی کرد دۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات و ئەوان پتر گاڵتەی پێدەکەن. لەپڕ یەکێک وتی، خواردنی ڕێبوار لە سەتڵی خاشاکە، ئیدی ڕێبوار بە تەواوی نەفرەت و بێزاری دایگرت.

ڕێبوار لە کارگە سندوقەکەی دۆزیەوە، بەڵام بە شکاوی. سندوقەی پێش کاژێرێک زۆر جوان بوو، ئێستا تەواو شکاوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. ئەو پێشتر شتی وای بەسەر هاتبوو. وا دیسان جارێکی دیکە بە ئەرکی ناکامیەوە ڕووی کردە مامۆستا بۆ وەرگرتنی کەرەستەی پتر. مامۆستا بێزار بوو! ڕێبوار تۆ زۆر جار توانای خۆتت پێشان داوە ... بۆ جاروبار بابەتی وانەکەت تێکدەدەیت! مامۆستا جارێکی دیکە بە نابەدڵی ڕێبوار دەخاتەوە سەر ئەرکەکەی و پێ دەڵێت بیرت لای کارەکەت بێت و تواناکانت بخە گەڕ. ڕێبوار بە وڕی لە بەردەم مامۆستا وەستاوە و گوێ لە قسەکانی دەگرێت.

ڕێبوار و شەرمین و ئارام کەسانێکی چەپێنراون. شۆڕش، یادگار، ژاڵە و هەموو کچەکانی پۆلی شەرمین بە سەیوان و هەژیرەوە چەپێنەری چالاکن: ئەوان ئازاردەرن.

**بەشی یەکەم**

**فاکتەرەکانی چەپاندن**

### چەپاندن چییە؟

«چەپاندن» ئازاردانێکی فیزیکی و دەروونیە بەرانبەر بە کەسێک یان دەستەیەک، جا چ لە لایەن تاکەوە بێ چ دەستەیەک. پێشمەرجی دروستبوونی چەپاندن هێزێکی ناتەرازە لە دۆخی نێوان چەپێنەر (ئازاردەر) و چەپێنراو (ئازاردراو) کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و درێژخایەن ڕوو دەدات.

ئازاردانی فیزیکی، پەراوێزخستن و سەرخستنەسەر سێ جۆری زۆر باوی دیاردەی «چەپاندن» ـن:

- ئارام بە شێوەی فیزیکی ئازار دەدرێت
- شەرمین پەراوێز دەخرێت
- ڕێبوار سەر دەخرێتە سەری

بەو پێناسەی سەرەوەی چەپاندن دەرکەوت کە چەپاندن ئازاردانێکی بەردەوامە و بە شێوەیەکی سیستماتیک و درێژ خایەن ڕوو دەدات. بەڵام دەبێت بزانین کە یەک جار ئازاردانی فێرخوازێکیش دەتوانێت بچێتە خانەی چەپاندنەوە.

### ڕێژەی چەپاندن

تۆژینەوە پێشانی دەدات کە ڕێژەی شێوەکانی چەپاندن گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، بەڵام بەگشتی ڕێژەی سەرەکیی مەیلی چەپاندن لە ماوەیەکی درێژخایەندا هەروا سەقامگیر ماوەتەوە.

بۆ نموونە لە فێرگەکانی نۆروێژدا، لەساڵانی 1995 هەتا 2001، ڕێژەی چەپاندن 70% هەڵکشاوە. ڕێژەی نێوان چەپێنەر و چەپێنراودا، تا ڕادیەک یەکسانە. ڕێژەی بەرزبوونەوەکەش پتر لە گرووپدا خۆی دەنوێنێت (کەسانی چەپێنەر و چەپێنراو هەر دوو لە گرووپدان).

پێویستە ئاماژە بکەین بە جۆریکی نوێی چەپاندن کە لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەکرێت، وەک قسە و کورتەنامەی ناشرین و دزێو. وا دەردەکەوێت ئەکتەرەکانی ئەم جۆرە چەپاندنە کەسانێکی دیکە بن جودا لەو چەپێنەرە ئاساییەی پێشتر باسمان کردن.

بواری تۆژینەوەی ئەم بابەتە سنوورێکی داناوە بۆ ڕێژەی دووپاتبوونەوەی کێشەکە هەتا وەک چەپاندن بناسرێت. دووپاتبوونەوەی هەفتانە یان مانگی 2 - 3 جار زۆر باوە ... چەپاندنی چەند جارێک لە هەفتەدا تاوی (فشار) زۆر گرانە لەسەر کەسی چەپێنراو. فێرگە دەبێت چالاکانە ڕێگر بێ لە هەموو جۆرەکانی چەپاندن، چ زووزوو بێ، چ دەگمەن.

**لە نێوان 40 - 50 هەزار چەپێنراو (قوربانی) و 20 هەزاری چەپێنەرە (ئازاردەر)-دا**

بەپێی بەڵگەی چەندین تۆژینەوە دەربارەی چەپاندن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە 5 -10 % فێرخوازانی فێرگەی بنەڕەتی، هەفتانە لە لایەن هەڤاڵانیانەوە دەچەپێندرێن. ڕێژەی 10% لە پۆلی سەرەتایی و 5% لە پۆلەکانی باڵاتر ڕوو دەدات.

مەیلی Tendency سەرەکیی چەپێنراو بەپێی زایەند و تەمەن:

- کوڕان پتر لە کچان بەر چەپاندن دەکەون
- بەپێی هەڵکشانی تەمەن پلەی ڕێژەکە دادەبەزێت، بەڵام دابەزینەکە لە نێوان کوڕان کەمترە لە کچان
- هەم کچ و هەم کوڕ وەک یەک بەر چەپاندنی زارەکی دەکەون
- کوڕان پتر لە کچان بەر چەپاندنی فیزیکی دەکەون، لە کاتێکدا کچان پتر پەراوێز دەخرێن

بەپێی چەندین تۆژینەوە دەتوانین ئاماژە بە پتر لە 3% فێرخوازان لە فێرگەی بنەڕەتی بکەین کە ڕۆژانە و هەفتانە بەشدارن لە چەپاندنی هەڤاڵیاندا. ئەم ڕێژەیە پێشان دەدات کە پتر لە 20 هەزار فێرخواز چالاکانە بەشداری چەپاندنن.

مەیلی Tendency سەرەکیی چەپێنەر بەپێی زایەند و تەمەن:

- کوڕان چالاکترن لە کچان، جیاوازیی ڕۆڵی زایەند لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا هەڵدەکشێت
- ڕێژەی چەپێنەری کوڕ بەپێی هەڵکشانی تەمەنیان زۆرتر دەبێت
- ڕێژەی چەپێنەری کچ بەپێی هەڵکشانی تەمەنیان تاڕادەیەک سەقامگیرە
- کوڕان پتر لە کچان بە شێوەی فیزیکی ئازاری هەڤاڵان دەدەن، کچان پتر پەراوێز خستن بەکار دێنن
- هەم کچ و هەم کوڕ شێوازی سەرخستنەسەر بەکاردەهێنن

**چەپاندن بە مۆبایل**

چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە دیاردەیەکی تاڕادەیەک نوێیە، ئەمەش بە هۆی بڵاوبوونەوە و زۆر بەکارهێنانی مۆبایلە وەک ئامێرێکی پەیوەندی ڕۆژانە. چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە هەم بە شێوەی ئاخافتنە و هەم بە شێوەی ناردنی کورتەنامەیە. لە هەردووک حاڵەتدا ئەم جۆرە چەپاندنە خۆی جودا دەکاتەوە لەو چەپاندنەی لە جڤاتدا باوە، جیاوازیەکە یەکتر نەبینینی ئازاردەر و ئازاردراوە.

تۆژینەوەیەکی ڕووپێوی لە سەر 7 هەزار فێرخوازی پۆلی 5 - 10 لە چەند فێرگەیەکی نۆروێژدا ڕێژەی چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەستنیشان دەکات. 3/1 فێرخوازانی پۆلی پێنجەم مۆبایل بەکار دەهێنن. ئەو بەشەی لە وەڵامی بەکار هێنانی مۆبایل وەڵامی بەڵێ هەڵبژاردوە بەپێی تەمەن هەڵدەکشێت بۆ سەرەوە و لە پۆلی 10 ڕێژەی ئەو فێرخوازانەی مۆبایل بەکار دەهێنن دەگاتە 90%. هەروەها ڕێژەی کچان هێندێک لە ڕێژەی کوڕان پترە.

ڕێژەی چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە لە لایەن گرووپێکی فێرخوازەوە شرۆڤە کراوە و بۆ خۆیان دیاردەی چەپاندن بە مۆبایل دەسەلمێنن. لێرەدا چەپاندن لە ڕێگەی کورتەنامەوە زیادترە هەتا پەیوەندی ئاخافتنی ڕاستەوخۆ. کوڕ و کچ وەک یەک لە هەموو پۆلەکان بەر چەپاندن دەکەون. لە 15% ئەو فێرخوازانەی مۆبایل بەکار دەهێنن دەڵێن لە ماوەی ساڵی خوێندندا زۆر جار لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەچەپێندرێن هەم بە شێوەی ئاخافتنی ڕاستەوخۆ هەم بە نامە، چەپاندنی کوڕ و کچ یەکسانە لەم بوارەدا.

هیچ پەیوەندیەکی سیستەماتیک نییە لە نێوان پۆلەکاندا (لە پۆلی 4 و 5) و بەر کەوتنی چەپاندنی بە مۆبایل لە لایەن ئەو کەسانەوە مۆبایل بەکار دەهێنن. بەڵام کاتێک ڕێژەی بەکارهێنەران بەپێی تەمەن پتر دەبێت، کێشەی پۆلەکانی باڵا زۆر بەرفرەوانتر دەبێت.

لە نێوان کوڕاندا ڕێژەی ئازاردانی هەڤاڵان ڕۆژانە یان هەفتانە بە مۆبایل لە هەر چوار کەس سێ کەسیان دەگرێتەوە و ڕێژەی ئەو کەسانەی «جاروبار» ئازاری هەڤاڵان دەدەن دەگاتە 17.5 %. لە نێوان کچاندا ڕێژەکە ڕۆژانە و هەفتانە 0.9% و جاروبار 13.7 %. ئازاردانی هەڤاڵان بە مۆبایل پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی پۆلەوە هەیە و ڕێژەکەش وەک پێشتر باسمان کرد بەپێی تەمەن پتر دەبێت. بەرزبوونەوەی ڕێژەکە لە نێوان کچ و کوڕدا یەکسانە. کاتێک ئاماژە بە پتربوونی ئازاردان بەپێی تەمەن و بەکارهێنانی مۆبایل دەکەین، کێشەکە زۆر بە خێرایی لە پۆلەکانی باڵا بەرفرەوانتر دەبێت.

چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە لە نێوان کوڕان پترە لە کچان، هەر چەندە کوڕان پتر لە کچان ئازاری کەسانی دیکە دەدن بە مۆبایل، جیاوازی زایەند کەمترە لەچاو چەپاندنی ئاسایی.

جیاوازی ڕێژەی نێوان ئەو گرووپانەی بەر چەپاندنی ئاسایی و چەپاندنی مۆبایل دەکەون زۆر نیە. بەڵام ئەو کەسانەی لە ڕێگەی مۆبایلەوە ئازاری هەڤاڵانان دەدەن جودان لەو کەسانەی بەشدارن لە چەپاندنی ڕووبەڕوودا.

هەم لە چەپاندنی ئاساییدا و هەم لە چەپاندن لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەستەیەک هەیە کە هەم چەپێنەرە و هەم چەپێنراو. لە چەپاندنی ئاساییدا ئەم دەستەیە زۆر کەمە و بەپێی تەمەنیش کەمتر دەبێت. تایبەتمەندی ڕۆڵی چەپاندن لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا زەقتر دەبێتەوە. ئەم ڕێچکەیە پێچەوانەیە لە چەپاندنی مۆبایلدا، لەم گرووپەدا ڕێژەی هەردوو لایەن (چەپێنەر و چەپێنراو) تاڕادەیەک لە یەک ئاستدا هەڵدەکشن و لەگەڵ تەمەنیشدا پتر دەبن. زۆر جار ڕۆڵی ئازاردەر و ئازاردراو بەپێی هەڵکشانی تەمەن زۆرتر تێکەڵ دەبێت.

هۆکار و مێکانیزمی دۆخی چەپاندن بە مۆبایل وەک چەپاندنی ئاسایی شرۆڤە نەکراوە. هێندێک نیشانەی هاوبەشیان هەیە، بەڵام کەسانی چەپێنەر و چەپێنراو لەم دوو جۆرەی چەپاندن بە تەواوی جیاوازن. هەر بۆیە پێویستە بگەڕێین بەدوای هۆکار و تایبەتمەندیەکانی چەپاندن بە مۆبایل. چاوەڕوان دەکرێت هێندێک بەربەست و پێوانەی تایبەت بەکار بهێنرێت بۆ کەمکردنەوە و ڕیشەکێشکردنی ئەم دیاردەیە. کاتێک دەبینین چەپاندنی مۆبایل گرێدراوە بە هەڤاڵان و پەیوەندیەکانی نێوان فێرگە و فێرخوازەوە، دەبێت لە سەرەتاوە هەر هەمان ستراتێژی و شێواز بەکار بهێنین کە بۆ چەپاندنی ئاسایی بەکار دەهێندرێت،

## بەشی دووەم

## نیشانە و هۆکار

زۆرجار پرسیار دەربارەی نیشانەی و تایبەتمەندیی کەسانی چەپێنەر و چەپێنراو دەکرێت. تۆژینەوەکان هێندێک نیشانە پێشان دەدەن، بەڵام ئەم نیشانە و تایبەتماندیانە بەزۆری لای کەسانی چەپێنراو خۆی دەنوێنێت. دەکرێت بڵێین ئەم گروپە بەپێ پێوانە و لێکدانەوەی فۆرمی تۆژینەوە ئاستی توانایان بەتێکڕا لە چاو فێرخوازی ئاسایی دیکە نزمترە. کاتێک ئەم نیشانە و تایبەتمەندیانەی دەستنیشان کراوە ڕۆڵی چەپێنەر و چەپێنراو لە کەسایەتی فێرخوازدا چەسپیوە. هەر بۆیە ئاسانە بڵێین کەسەکان مەیل Tendency و تایبەتمەندیەکانیان پێش چەپاندن تێدا بووە یان هێندێک لە نیشانەکان دۆخ و کاریگەریی چەپاندن گەشەی پێداوە.

هەروەها دەبێت بڵێین ئاماژەکردن بە مەیلی باو ناتوانێت ببێتە پێوەر و نیشانەیەک بۆ پێناسەکردنی چەپێنەر و چەپێنراو. جیاوازی لە مەیلی تاکەکانی گرووپدا زۆرن، هەر بۆیە ناکرێت زۆربەی چەپێنەر یان چەپێنراوان پێناسەیەکی تایبەت بە پێوانەی نێوەند وەربگرن. مەیلی چەپاندن لە نێو گرووپەکاندا زۆر جیاواز و بەربڵاوە، بۆیە زۆربەی چەپێنەر و چەپێنراوان لەگەڵ نیشانەی پێوانەکەدا ناگونجێن. زۆر فێرخوازیش هەن نیشانەیان تێدایە و نەکەوتوونەتە بەر چەپاندن. ئەم مەیلەی لێرەدا وەسف دەکرێت دەبێت بە جیاواز لەم بابەتە تێبخوێندرێتەوە.

## چەپێنراو

زۆربەی چەپێنراوان منداڵ و لاوی کەم ورە و پەشێون. ئەوان لە بارودۆخی سەخت و توندا ترس و بێدەسەڵاتی پێشان دەدەن، وەک گریان و شڵەژان کاتێک دەبینن شتێک بە دژیان دەوەستێت. چەپێنراو لە بواری بوێری و خۆ دەرخستندا لە ژێر ڕێژەی مامناوەندەوەن و خۆمتمانە (متمانە بە خۆکردن) یان - لەچاو فێرخوازی ئاساییدا – لاوازە. ئەو کوڕانەی ئازار دەدرێن هێزی فیزیکیان لە ژێر ڕێژەی نێوەندە. ئەم دیاردەیە لە نێو کچدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت. سەیر لەوەدایە، ڕوخساری مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی گرینگ نابینێت لە بواری چەپاندندا.

لە نێوان منداڵانی هاوتەمەندا، چەپێنراو کەمتر خۆشەویستن و زۆر جار لە ماڵ و لە پشووی فێرگەدا تەنیان، دۆست و هەڤاڵانیشیان لە خۆیان منداڵترن.

کێشەی سۆزداری زۆر بەربڵاوە لە نێو چەپێنراواندا لەچاو هاوتەمەنەکانیان، بۆ نموونە دڵەڕاوکێ، نیشانەکانی خەمۆکی، بێخەوی و بیری خۆکوشتن. هەروەها لە نێو چەپێنراواندا ئێش و ئازاری ماسوولکە، ژانەسک، ژانەسەر، و هەڵامەت پترە.

وەک گرووپ، چەپێنراوان یان قوربانیانی چەپاندن لە زۆر لایەنەوە ناسک و دۆڕاون لەچاو هاوتەمەنەکانیان. بەڵام دیسانیش دەبێت بڵێین تا ئێستا هیچ بنەمایەک نییە بیسەلمێنێت کە ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی بەرکەوتنیان.

هیچ گومانی تێدا نییە چەپاندن هۆکاری گەشە پێدان یان ڕاهێزانی هێندێک لەو نیشانگەلەیە لە سەرەوە باسکران. هەرچەند بەگشتی وێنای قوربانیی چەپاندن مرۆڤێکی ناسکە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو کەسێک دەکرێت ناسک بێت. بۆ نموونە جار هەیە فێرخوازی خاوەن توانای جڤاکی و ڕێبەرایەتی دەکەوێتە بەر چەپاندن لە لایەن هەڤاڵانیەوە، ئەوان وا

هەست دەکەن ئەو کەسە بوەتە هەڕەشە بۆ سەر ڕۆڵی ڕێبەرایەتیان. ئەم تەکنیکە هێندێ کەس بەکاری دەهێنن بۆ لاوازکردنی پێشبڕکێ کار، ئەوان لە ڕێگەی چەپاندنەوە پارێزگاری لە دۆخی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن.

**چەپێنەر**

بەگشتی چەپێنەر (ئازاردەر) جیاواز نین لە فێرخوازانی ئاسایی. بۆ نموونە گەر چەپێنەر وەک گرووپ لەگەڵ فێرخوازانی دیکە بەپێ ڕوخسار، توانای بەجێ گەیاندنی ئەرکی فێرگە و بوێری بەراوەرد بکەین، لە ئاستی نێوەند و سەرەوەدا دەر دەکەون.

کوڕانی چەپێنەر بە زۆری لایەنی فیزیکیان هێندێک بەهێزترە لە فێرخوازی ڕێژەی ئاستی نێوەند. ئەم جۆرە پێوانەیە لە ناو کچاندا هیچ نەخشێکی نییە.

خۆمتمانەی چەپێنەر جیاوازیەکی زۆری نییە لەگەڵ خۆمتمانەی تێکڕا (ئاستی نێوەند)ی فێرخوازی ئاسایی. دەربارەی ئەم باسە مشتومڕ و دیدی جیاواز لە نێو پسپۆڕاندا هەیە. تۆژینەوە هەیە خۆمتمانەی چەپێنەر بە نۆرماڵ پێشان دەدات، تۆژینەوەی دیکەش هەیە لایەنی نایەتی (نێگەتیف) ی خۆمتمانەیان پتر ڕوون دەکاتەوە.

جیاوازیی بۆچوون پتر لە شرۆڤەی وشە و مانای خۆمتمانە خۆ دەنوێنێت. ئازاردەران پتر نیشانەی خەمۆکی و بیری خۆکوشتن لە مێشکیاندایە لەچاو فێرخوازێک لە دەرەوەی بازنەی چەپاندن.

بەپێی بەراوەرد چەپێنەر بە هەمان ڕێژەی فێرخوازانی دیکە لە نێو هاوتەمەنەکانیاندا خۆشەویستن. لە هەمانکاتدا وا دەر دەکەوێت ئەم سەلماندنە پتر لە لایەن کەسانی ئازاردەری دیکەوەیە یان با بڵێین هاوڕەوتە بێت، هەم لە نێو پۆل، فێرگە و دەرەوەی فێرگەشدا. ئەم جۆرە خۆشەویستیە دەتوانێت فاکتەرێکی نایەتی بێت بۆ ڕاگرتنی ژینگەیەکی ناساخلەم و پتر پەرە بدات بەم ڕەوتە (چەپاندن). بێگومان دۆخی دیکەش لەم ژینگەیەدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پەرەپێدانی چەپاندن و سەقامگیربوونی.

سەلمێندراوە کە فێرخوازانی چەپێنەر، لەچاو فێرخوازی دیکەدا، زۆرتر خەسڵەتی توندوتیژیان تێدا گەشە دەکات و مرۆڤی زیانبەخشیان لێ دەرسکێت. جار هەیە چەپاندن دەبێتە پێناسەی ڕەفتاری نایەتیی فرەلایەن: چەپێنەر وەک گرووپ بە تووڕە و توندوتیژ پێناسە کراون لەچاو کەسانی دیکەدا. دواتر لە بەشێکی تایبەتدا دەگەڕێنەوە سەر ئەم باسە.

**بارودۆخی خێزان**

کاتێک دەنۆڕینە پێوەری مەیلی تێکڕا average tendency ، جیاوازیەکی زۆر کەم دەبینین لە نێوان خێزانی چەپێنراوان و خێزانی کەسانی دوور لە چەپاندن. هاوکات دەتوانین بڵێین هێندێک لە قوربانیانی چەپاندن پتر لە پێویست لە لایەن خێزانەوە پارێزگاریان لێ دەکرێت. لێرەدا بە ئاسانی تێدەگەیت ئەم جۆرە داڵدەدان و پەرۆشییە دەبێتە هۆی لاوازکردنی منداڵ و هەڵدانی بۆ ناو بازنەی چەپاندن. هەروەها ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەم دۆخە دەرئەنجامی چەپاندنە یان هۆکارە، چونکە منداڵ وەها ڕادەهێنێت هەمیشە چاوەڕوانی پشتیوانیی خێزان بێت و ببێتە ئامرازی چەپاندن.

دۆخی خێزانی چەپێنەر لە نێوان خۆیاندا جیاوازە. ئەم کەسانە لە خێزانی هەر دوو توێژ و پلەی هەژار و دەوڵەمەندی کۆمەڵایەتیدا پەیدا دەبن. هاوکات دەزانین دۆخی سەختی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ هەموو ڕەفتارێکی دژ بە ڕەفتاری جڤاکی، وەک چەپاندن. بە زۆری و بەگشتی خێزانی چەپێنەر خۆیان لە خێزانی ئاسایی لە پلەی

نێوەندی جیا دەکەنەوە، وەک ناسەقامگیری پەیوەندیی نێوان باوک و دایک، نەبوونی ئاسوودەیی، کزیی ژینگەیەکی ڕاهێزی ئایەتی لە لایەن گەورەسالانەوە و نەبوونی ڕێسا و سنووری دیاریکراو بۆ ڕەفتاری باش و زیانبەخش.

بێگومان خێزانی هێندێک مندالی چەپێنەر ڕۆڵێکی نایەتی (نێگەتیڤ) دەبینن و بۆ خۆیان شێواز و مۆدێلێکن لە چۆنیەتی باسکردنی کەسانی دەوروبەر و شێوازی هەڵسوکەوتیان لە جڤاتدا. ئەم ڕەفتارانە تۆوی سەرەکیی چەپاندنن کە گرێدراوە بە پەروەردەی سەرەکیی نێو خێزانەوە.

**هاوئاهەنگی لە چەپاندندا**

بە گشتی قوربانیانی چەپاندن هەر چی لە دەستیان بێت دەیکەن بۆ خۆپاراستن و خۆلادان لە چەپێنەر، بەڵام هێندێکیان جاروبار ڕەفتاری وەها پێشان دەدن کە دەبێتە هۆی بێزاری یان ڕاکێشانی سەرنجی چەپێنەر. ئێمە لە هەموو حاڵێکدا چەپێنەر بە بەرپرس دەزانین، چۆن ئەوان هەمیشە بە چەپاندن دەستپێشخەری دەکەن.

دوو جۆر ئادگاری تووڕەیی گرینگن لە ڕەفتاری چەپاندندا. شەڕانیبوون ئادگارێکە کە مەیلێکی سەقامگیرانە دەداتە مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کرداری نایەتی (نێگەتیڤ). پەلاماردان، جۆری جیاوازی دیکەی ئەم کردارەیە.

تووڕەیی مەیلێکی چالاکی شەڕانی و پەلاماردەرانە لە مرۆڤدا دەرسکێنێت،کاتێک ڕووبەڕووی دۆخی نائومێد و ئاڵۆزیی دەبێتەوە بە میزاجی نایەتی کردار دەنوێنێت. مێزاجی تووڕەیی بە تێکڕا و هاوئاهەنگ لەگەڵ چەپاندندا لای فێرخوازانی پۆلی سەرەتایی خۆی پێشان دەدات، بەڵام ڕێژەی ئەم ڕەوتە کەمترە لای فێرخوازی پۆلی ناوەندی.

هەر بۆیە زۆر گرینگە بزانین چی دەبێتە هاندەر و بزوێن لە چەپاندندا. تووڕەیی چالاک مەیلێکی سەقامگیرانە دروست دەکات لە کاردانەوەی شەڕەنگێز بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتی جڤاکی. تووڕەیی هاندەرە و هەستی دەسەڵات بە چەپێنەر دەدات بەرانبەر چەپێنراو. بەم جۆرە چەپێنەر چێژ لە چەپاندن وەردەگرێ.

جاروبار چەپاندن لە لایەن تاکەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام زۆر جار شێوەی ئاسایی چەپاندن پتر بە گرووپ خۆ دەنوێنیت. زۆر جار دوو یان چەند کەس پێکەوە تاکێک دەچەپێنن، لێرەدا هەستی سەربە گرووپ بوون زۆر گرینگە بۆ چەپێنەر.

وا بیربکەینەوە ئێمە دەتوانین وێنەیەک بە تیشکی ئێکس x وەک لە بواری پزشکیدا بە کار دێت لە دۆخێکی چەپاندن بگرین. لەم وێنە جڤاتیەدا دەتوانین زۆر هۆکاری گرینگ ببینین کە لە دۆخی چەپاندندا سەر هەڵدەدەن و گیانێکی نوێی بە چەپاندن دەدەن. وێنەکە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی دەمارەکانی پەیوەندی نێوان چەپێنەران. ئەم دەمارانە هەتا دێت ئەستوورتر و بەهێزتر دەبن لە دۆخی چەپاندندا.

کاتێک دوو یان سێ کەس بە کۆمەڵ ئازاری هەڤاڵێک دەدەن، لەو کاتەدا هەست بە یەکگرتوویی دەکەن. هۆگری نێوانیان لەم کردارە هاوبەشەدا بەهێز دەبێت. هەروەها چێژ وەرگرتن لە دەستە و گرووپ پتر بەهێز دەبێت، بە هۆی بوونی کەسێک لە دەرەوەی گرووپەکەیانەوە: ئەویش کەسی چەپێنراوە.

جیاوازیی نێوان چەپێنەری سەربە گرووپ و چەپێنراوی گرووپبەدەر (لە دەرەوەی گروپ) دەکاتەوە ئەوەی هێز بداتە چەپێنەر و پەستان بخاتە سەر چەپێنراو. هەروەها ئێمە لە ڕێگەی ئەم وێنەی لە سەرەوە باسمان کرد دەتوانین چێژی بەهێزبوونی ئەم گرووپە لە دۆخی بەرانبەر بە چەپێنەر ببینین. ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی بێدەسەڵاتی چەپێنەرەوە

دەسەلمێندرێت. هاوکات جیاوازیی نێوان توانا: بەهێزی یان بێهێزی گرینگە بۆ چەپێنەر. ئەوەی دەسکەوتێکی جڤاکی دەدات بە یەکێک یان لایەنێک، هەر هەمان ڕەوت دەبێتە هۆی زەرەمەندبوونی لایەنەکەی دیکە.

چەپێنەر تێدەکۆشن یەکگرتوویی و هێزی خۆیان لە ڕێگەی کردەوەی شەڕانیەوە بەرامبەر بە قوربانی چەپاندن بچەسپێنن. کەسی چەپێنراو بە تەریک کەوتن و بێهێزی خۆی دەسەڵاتی ئەوان دەسەلمێنێت.

هەم بۆ کچ و هەم بۆ کوڕ بزوێنی سەربە گرووپ بوون بەهێزترین هاندەرە بۆ ڕەفتاری چەپاندن. کوڕان پتر هاندەدرێن لەچاو کچان بە هۆی ڕەهەند و کرداری هێزەکی. تووڕەیی چالاک پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ چەپاندن، ئەم لایەنە کوڕ و کچ وەک یەک دەگرێتەوە. وا دەرکەوتوە ئەم ڕەوتە سەرەکیترین هۆکاری چەپاندنە، بەتایبەت لە پۆلەکانی باڵا.

بزوێنی سەربە گرووپ بوون ڕۆڵ نابینێت، کاتێک کەسانێک بە تەنیا خەریکی چەپاندنن. بەڵام کاریگەری یان بزوێنی هێز پێشاندان گرینگە بۆ ئەم کەسانەش.

**بەربەستەکان**

چەپێنەر هاوکات لەگەڵ ڕەفتارەکەشیان زۆربەیان پێیانوایە چەپاندن هەڵەیە. بە گشتی هەموویان بە تێوری یان زارەکی مەودا دەگرن لە کرداری چەپاندن و جۆرێک لە هەستی خۆتاوانبار [خۆ بە تاوانبار زانین] لە گوتاریاندا سەر هەڵدەدات. بۆ بنبڕکردنی ئەم هەستە لە بنەڕەتدا پێویستیان بە سێ مێکانیزم هەیە بۆ ئەوەی هەستی خۆتاوانبار – یان تێدا لاواز بێ بەرانبەر بە ڕەفتار و کرداری نایەتیان.

یەکەم، پێش هەموو شتێک گرووپ دیسان لێرەش گرینگی خۆی دەنوێنێت. بە دەگمەن هەڵسوکەوتی گرووپ وەک هی تاک قورسایی بەرپرسایەتی هەڵدەگرێت لە ڕەفتار و کرداری خۆی. وردبوون یان دابەشبوونی بەرپرسایەتی، کاتێک ڕوو دەدات، چەند کەس پێکەوە کارێک ئەنجام بدەن. هاوکات هێندێک لە هەستی خۆتاوانبار [خۆ بە تاوانبار زانین] لە تاکی ناو گرووپدا کز دەبێت، هۆکارەکە گرووپە «ئەوەتا ئەوانی دیکەش وەها دەکەن». هەر بۆیە بەرپرسایەتیی تاک تاڕادەیەک لە ناو دەچێت و دەکەوێتە ژێر سێبەری کردای گرووپەوە.

دووەم، چەپێنەر دەیانەوێت بەپێی تێپەڕبوونی کات مەودایەکی دەروونی دوور لەگەڵ قوربانی چەپاندندا پێکبهێنن. ئەمە بریتییە لە شرۆڤەکردنی ڕاستییەکان بە جۆرێکی وەها ڕەفتاری نایەتی دژ بە چەپێنراو بخرێتە پەیوەستێکی بەردەوام هەتا بەم شێوەیەش ئەوان پتر بسەلمێندرێن. بۆ نموونە چەپێنەر دەیانەوێت گرینگی بدەن بە خەسڵەت یان ئاکاری قوربانی چەپاندن کە دەبێتە هۆی جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەماندا (چەپێنەر). کاتێک ئەم ڕەوتە زۆر بەردەوام دەبێت، دەبینین تاڕادەیەک نیشانە مرۆییەکانیان لە کەسی چەپێنراودا زەوت کراوە و ئەوەندە جیاواز دەبێت لەگەڵ کەسانی دیکە، هەتا «ڕەوا» دەبینن هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ بکەن، ڕێ بە خۆیان نەدەن ئەم هەڵسوکەوتە دژ بە کەسێکی دیکەی نێو جڤات بکەن.

لێرەدا بنەمای بیرکردنەوە بنیاد دەنرێتەوە: وێنایەکی ڕاستی لای کەسانی چەپێنەر دروست دەبێت کە ئەوان بە کاری دەهێنن بۆ کەمکردنەوەی هەستی تاوانباریی خۆیان. ئیدی ئاکار و کردارە نایەتیەکان زۆر هەڵە نین! لە بەر ئەوە ئەم کردارە دژ بە کەسێک دەکرێت لەوە پتری شایان نییە. دەرچوون لە ژێر بەرپرسایەتی دەبێتە خوو. کاتێک ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت، ئێش و ئازاری ویژدانی کەمتر دەبێت بۆ چەپێنەر لە کاتی چەپاندندا. وەختێک ڕووداوەکان

دووپات دەبنەوە، بەربەستەکان بۆ خۆیان دەتوێنەوە و لەنێو دەچن. بەم شێوەیە تاک ڕادێت فێرخوازی چەپێنراو بچەپێنێت و لە لایشی ئاسایی بێت.

سێیەم، چەپێنەر دەیانەوێت لە ماوەی ئازارداندا بەردەوام هۆکار و مەبەست پەیدا بکەن بۆ پتر چەپاندن. کەسی چەپێنراو دەورووژێت و ئەمەش پتر هانیان دەدات بۆ ئازاردانی خۆی یان بە هەر هۆیەک بێت ئەو دۆخە بە خۆی ڕەوا دەبینێت. کەسی چەپێنراو هەر شتێک بڵێت، نەڵێت، کردەوەیەک لە خۆی بنوێنێت یان نە، چەپێنەر بە دژی بە کاری دەهێنن و دەیکەنە هۆکار بۆ جاری داهاتوو. گەر بۆ نموونە کەسی چەپێنراو وەڵامیان بداتەوە و بەرگری لە خۆی بکات، ئەوان بە درۆزن یان هار تاوانباری دەکەن. گەر چەپێنراو بێدەنگ بێت بەرانبەریان و هیچ کردەوەیەک لە خۆی پێشان نەدات، ئەوان بە بێڕێز تاوانباری دەکەن داوای لێ دەکەن کاتێک ڕووی دەمیان لەوە وەڵامیان بداتە. بەم شێوەیە چەپێنەر «مافی ئەم کردارە بە خۆیان ڕەوا دەبینن» و دیسان زەمینە و کەش ساز دەبێت بۆ چەپاندنی داهاتوو. هەموو دۆخێکی چەپاندن بە شێوەیەک تەواو دەکرێت کە ئەو (چەپێنراو) هێشتا ماویەتی و کۆتایەکەشی بە هەڕەشە بۆ جارێکی دیکە دەبڕنەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بەربەستی چەپێنەر کەم دەبێتەوە، کاریگەریی نایەتیش لە دەروونی کەسی چەپێنراو بەرانبەر خۆی دەچەسپێت. کەسی چەپێنراو ڕووداوەکان بە دەستدرێژی دەزانێت و تێگەیشتنی دەربارەی خۆی دەگۆڕێت، ئیدی خۆمتمانەی نامێنێت و لە گۆشەنیگای چەپێنەرەوە خۆی هەڵدەسەنگێنێت، هەتا دەگاتە شوێنێک هەستی شەرمەزاری و خۆتاوانباری دەروونی دەگرن. چەپاندنەکە دەگاتە جێگایەک هەر دوو لا بەرتاوی یەکتر بن، چەپێنەر دەبینن کەسی چەپێنراو کۆڵ دەدات و ئەمە دەبێت هاندەر بۆ بەردەوامبوونیان. ئەو وێنەیەی چەپێنەر دەربارەی کەسی چەپێنراو لە مێشکی خۆیان کێشاوە بوەتە وێنەیەکی لۆژیکی، هەر بۆیە کەسی چەپێنراو بەکاردانەوەی خۆی دەیسەلمێنێت و ڕەوایەتی پێدەدات. کەسانی چەپێنەر چەپاندنەکە بە مافی خۆیان دەزانن و کەسی چەپێنراویش بە تاوانبار.

ئەم جۆرە تێگەیێشتن و هۆکارانە لێیان دەبێت بە ڕاستی و کاریگەریی لە سەر ئاخاوتنیان دادەنێت، کاتێک ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە دەربارەی ڕەفتار و کرداریان. بۆیە زۆر گرینگە کاتێک لێکۆڵەر لەگەڵ چەپێنەر دەپەیڤێت، بزانێت ئەم جۆرە مەبەست و هۆکارانە لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرن و بە قازانجی کێ تەواو دەبن. لێکۆڵەر نابێت دەرفەتی ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆیان پێ بدات کە هەتا چ ڕادەیەک کردارەکانیان ڕاستە یان نە. لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت ئەم کەسانە ڕەوایەتی بدەن بە ئازاردانەکەیان و بە شیاوی بزانن.

**تەماشاچیان**

لەو شوێنەی چەپاندن ڕوو دەدات بە زۆری تەماشاچی لێیە. ئەوان دەزانن چەپاندن ڕوو دەدات، بەڵام نە چالاکانە بەشداری تێدا دەکەن و نە لایەنی کەسیش دەگرن. زۆر جار ئەوان لەگەڵ هەڤاڵانیان دەوێستن و سەیر دەکەن چۆن یەکێک سەر دەخاتە سەر یەکێکی دیکە یان بە شێوەی فیزیکی ئازاری دەدات.

جاری واش هەیە دەبینن چی ڕوو دەدات بەڵام خۆی تێناگەیێنن. بەگشتی تەماشاچی زۆرترن لەو کەسانەی چالاکن لە دۆخی چەپاندندا، لەم ڕووەوە ئێمە دەتوانین ئەوان وەک لایەنی «زۆرینەی بێدەنگ» پێناسە بکەین. گەر ئەم زۆرینە بێدەنگە دەنگ و کرداری نواندبا، بەشێکی زۆری چەپاندن نەدەما. زۆریی تەماشاچیان دەتوانێت ببێتە هێزێکی گەورە. بەگشتی زۆربەیان دژی چەپاندنن، بەڵام زۆر جار لێکدانەوەیان لە بۆچوونی یەکدی دەربارەی ڕووداوەکە هەڵەیە. تاکی تەماشاچی پێوایە تەماشاچیانی دیکە ڕایان بەرانبەر چەپاندنەکە ئایەتییە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە. ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە

پێش بە تەماشاچیان دەگرێت لە یارمەتیی چەپێنراو. ئەوان پێیانوایە تەنیان لە خۆ دوورگرتن لەو ڕووداوەی دەیبینن، بۆیە ناوێرن هیچ بڵێن. جاری واش هەیە تاکی تەماشاچی چالاکانە لەگەڵ چەپێنەردا بەشداری چەپاندن دەکات.

چەپێنەریش هەڵە تێدەگەن و زۆر جار پێیانوایە تەماشاچیان یارمەتیان دەکەن. ئەمان هەست بەم دەرکە چەوتەی خۆیان ناکەن، لەبەر ئەوە زۆربەی تەماشاچیان بێدەنگی ڕادەگرن. گەر بێدەنگی بشکێت و یارمەتی چەپێنراو ئاشکرا بێت، چەپێنەر سەرچاوەی سەرنجی خۆیان لە دەست دەدن. هەروەها چەپێنراوانیش بە هەڵە بۆچوونی تەماشاچیان لێکدەدەنەوە. کاریگەریی ئازاردانەکە قورستر دەبێت کاتێک چەپێنراوان دەبینن «هەموو کەسانی دیکە» بەشدارن لە چەپاندنیاندا. لە نێوان چەپێنەر، چەپێنراوان و تەماشاچیان «کۆدەرکی چەوت» (هەڵە بینینێکی بە کۆمەڵ) دروست دەبێت. ئەوەی وا هەموو کەس پێوایە هەموو کەس وا بیر دەکاتەوە، کاریگەری دادەنێت لە سەر کرداریان لەم بارودۆخە تایبەتەدا و دەبێتە هاندەرێکیش بۆ دووپاتبوونەوەی ڕووداوی نوێ. گەر تەماشاچیان لە دۆخی چەپاندنی کەسێکدا هەڵوێستیان هەبێ و یارمەتی چەپێنراو بدەن، هەر لەوێدا چەپاندنەکە کۆتا دەبێت.

**کێ ئازاری کێ دەدات؟**

کوڕ هەم ئازاری کوڕ دەدات هەم ئازاری کچ. ئەوان هەم ئازاری فێرخوازی پۆلی خۆیان دەدەن هەم هی پۆلی دیکە. کچ بە گشتی ئازاری کچ دەدات ئەویش لە پۆلی خۆیدا. ئەمە نموونەی جیاوازیی زایەندە. پێکەوەبوونی کوڕان پتر گرێدراوە بە چالاکیەوە: ئەوان پێکەوەن لەبەر ئەوە سەرقاڵی یەک باسن. مەرجی ئەم جۆرە پەیوەستە - پێکەوەبوونە - پێویستی بە هاوڕێیەتیی تۆکمەی نێوانیان نییە: ئێمە هەڤاڵین لەبەر ئەوە پێکەوە یاری تۆپی پێ دەکەین. کاتێک خاڵی سەرەکی پەیوەستەکە وا بێت، مرۆڤ دەتوانێت قوربانییەکی چەپاندن هەڵبژێرێت کە باش نایناسێت. دەکرێت چەپاندنیش چالاکی پەیوەستەکە بێت (خاڵی پەیوەندی بێت).

لە پەیوەست - پێکەوەبوون - ی کچاندا زۆر جار پەیوەندی هاوڕێیەتیەکە گرینگترە: کچان پێکەوەن لەبەر ئەوەی هاوڕێن. ئەوان پێکەوەن لە چالاکیەکدا لەبەر ئەوەی دەیانەوێت پێکەوە بن، چالاکییەکە تاڕادەیەک دەکەوێتە دوای هاوڕێتییەکەوە. دەستپێک ئاوا بێت، کاریگەی چەپاندن لە نێو کچاندا ئاڕاستەی کەسێک دەکرێت پەیوەندی لەگەڵیدا هەیە، بەتایبەت کەسێک دەیەوێت لە پەیوەستی چەپێنەر بێت. ئەوکات پەراوێز خستنی زۆر پڕ ئازارتر دەبێت، بەم شێوەیە ئاشکرا سنوور دیاری دەکرێت کە کێ بۆی هەیە لە پەیوەستدا بێت و کێ بۆی نییە.

هێندێک فێرخواز هەم چەپێنەرە هەم چەپێنراو. ئەم کەسانە پتر لە لایەن هاوتەمەنەوە دەچەپێندرێن و خۆیان فێرخوازی کەم تەمەنتر دەچەپێنن. ئەمە شێوازیکە لە ڕاگرتنی هەستی خۆمتمانە (متمانە بەخۆ بوون). کاتێک بۆ خۆت قوربانی چەپاندن بیت و بتوانیت کەسی دیکە بچەپێنیت، ڕاستەوخۆ ئاست و شوێنی چەپێندرەکانی خۆت دەگریتەوە.

**ئاستی پۆل**

ڕێژەی چەپاندن لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێک زۆر جیاوازە، بەڵام ئەم جیاوازیە زۆرە نە تەنها پاشخانی خێزانە و نە تەنها زۆریی ژمارەی فێرخواز لە پۆلدا. زۆر جار ڕێژەی چەپاندن لە پۆلی بچووک وەک پۆلی گەورەیە. گەشەی باری جڤاکی ناو پۆل تاڕادەیەک سەربەخۆیە و پەیوەندی بەم لایەنەوە نییە، ئەم شێوازەش کاریگەری دەبێت لە ڕێژەی چەپاندن. نیشانەی ئەو پۆلانەی کێشەی هەڵسوکەوت و چەپاندنی تێدایە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاسوودەیی لە نێوان فێرخوازان،

بوونی فێرخوازانی تەریکخراو (پەراوێزخراو)، پەشۆکان و ژینگەی نایەتی. ئەم جۆرە پۆلانە هیچ ڕۆتینێکیان بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرک لە کاتی وانەدا نییە، پەشێوی و کزی سێرەگرتن (جەختکردن) باڵ دەکێشێت بە سەر پۆلدا.

ڕەوشت و ڕێسا لەم جۆرە پۆلانەدا لە ژێر کاریگەریی دەرکی چەوتدا خۆ دەنوێنێت، بۆ نموونە بوونی ڕێسای نایەتی و جەختکردن لەسەر ڕواڵەتی ئەم و ئەو. لە کەشێکی وا نارِوون و نائاسوودەدا دەبێت فێرخواز ململانێ بکات بۆ دیاریکردنی شوێن و ئاستی خۆی و ڕادەی کاریگەری دانان و سەربە گرووپ بوونی خۆی. ئامرازەکان لێرەدا دەبنە چەپاندنی هەڤاڵ، بەتایبەت ئەو کەسانە کە لایەنی جڤاکیان هەر لە سەرەتاوە لاوازە لە پۆلدا. بەتایبەتی ئەم جۆرە ژینگەیە هاندەرێکی ترسناک دەبێت بۆ ئەو کەسانەی لە خێزانەوە پاشخان و مەیلێکی چەپاندنیان تێدایە بۆ ئازاردانی خەڵکی دیکە کاتێک زەمینە ڕەخساو بێت بۆیان. ئەم جۆرە فێرخوازانە خێرا یەکدی دەناسنەوە و یەک دەگرن بۆ نواندنی کرداری نایەتی دژ بە هەڤاڵان.

بەڕێوەبردنی لاواز لە لایەن مامۆستا و کاربەدەستانی فێرگەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستبوونی ژینگەیەکی نایەتی لە پۆلدا. فێرخوازانی خاوەن وزەی شەڕانی هەستیارن بەرانبەر بە مامۆستا و لە بۆشایی دەگەڕێن، گەر مامۆستا نارِوون بێت لە دارِشتنی ڕێسای ناو پۆل، ئەوان دەبنە بڕیاردەر. ئامانجی ڕوونی و چالاکیی مامۆستایان لە بەڕێوە بردنی پۆلدا کاریگەریی دەبێت لە سەر ساختاری جڤاکی و دەبێتە بەربەستێک بۆ بەدڕەفتاری و چەپاندن.

### ئاستی فێرگە

ڕێژەی چەپاندن لە فێرگەکان جیاوازیەکی زۆری هەیە. بێگومان مرۆڤ دەتوانێت ڕێژەی بەرز و نزمی سەختیی دۆخی خێزان لە فێرگەیەکدا شرۆڤە بکات، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکار یان وەڵام بۆ ئەو جیاوازیە زۆرە. تەنانەت جیاوازییەکان پەیوەندی بە شوێنەوە نییە، وەک ئەوەی فێرگە لە شار بێت یان گوند، تەنانەت گەورە و بچووکیی فێرگەکەش ڕۆڵ نابینێت. شیمانە (ئیحتیمال) هەیە زۆریی جیاوازی نێوان فێرگەکان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی نێوان مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی فێرگە. کزیی هاوکاری نێوان مامۆستایان و لاوازی بەڕێوەبردن پاڵنەرێکی نایەتییە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی چەپاندن لە فێرگەدا. کێشەی نەبوونی هاوکاریی نێوان مامۆستایان دەبێتە هۆی گەشە نەسەندنی ئاستی توانایان. ئەم جۆرە کێشەیە دەبێتە هۆی نەبوونی پشتیوان بۆ تاکی مامۆستا بەرانبەر گرفتی ناو پۆل و بەڕێوەبەری فێرگە لە دانانی پلانێکی پوخت و ئامانجی دیار بۆ فێرخواز.

### ئەنجامگیری دەربارەی هۆکارەکان

دۆخی نایەتی خێزان مەیلی ئازاردانی کەسانی دیکە لای فێرخوازان بە هێز دەکات. بێپلانی، نەبوونی ڕۆتینی ڕوون و بوونی ڕێسای نایەتی خۆی لە خۆیدا پێکهێنەری بنەمای چەپاندنە لە پۆلدا. هەبوونی ئەم جۆرە ژینگەیە و نیشانەی نایەتی لە تاکی ناو پۆل، تێکبەستەیەکە ئەنجامەکەی دەبێتە چەپاندن. مامۆستای پۆل و هاوکارانی زۆر گرینگن بۆ چۆنیەتی گەشەی ژینگەی پۆل. بەڕێوەبەرایەتی فێرگە و دۆخی هاوکاری نێوان مامۆستایان پێشمەرجی سەرەکییە بۆ بەڕێوەبردنی پۆل و چاودێریان لە کاتی پشوودا.

هەروەها هاوکاری نێوان فێرگە و خێزان لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی فێرگە کاریگەریەکی زۆری هەیە لە سەر ڕێژەی چەپاندن. دۆخ و هۆکاری چەپاندن تارادەیەک پەیوەستە بە ژینگەی دەرەوەی فێرگەوە. فێرخواز خاوەن ئاکارێکی تایبەت بەخۆیە و زۆر شت لە خێزانیەوە فێر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری وا هەیە لە فێرگە و چێوەی کاری مامۆستادا کاریگەر بێت لە سەر ڕێژەی بەرزبوونەوەی چەپاندن. بۆ کارکردن دژی چەپاندن لە فێرگە پێویستە ڕایەکی گشتی سەلمێنراو لە نێوان کارگێڕانی فێرگە و ئەو مەرجانەی لە چێوەی پلانی فێرکاری دیاری کراوە بخرێتە گەڕ. فێرگە دەتوانێت ئەم کارە لە ڕێگەی گرینگی دان بە جۆرایەتی بەڕێوەبردنی پۆل و فێرگەوە جێبەجێ بکات. ئەم تایبەتمەندی ڕەفتار و بارودۆخەی تاکی فێرخواز هەیەتی و پێوەی دێتە فێرگە، دەکرێت هەتا ڕێژەیەکی زۆر قەرەبوو بکرێتەوە،

**چەپاندن، کێشەی هەڵسوکەوت و فێرخوازی لاواز (لە سنووری مەترسیدا)**

نیشانەی هاوبەش لە نێوان جۆرەکانی کێشەی هەڵسوکەوتدا هەیە، بۆ نموونە نائارامی و ژاوەژاوی کاتی وانە، خۆ دزینەوە، تێکدان، لاساری، تاوانکاری و مەیلی چەپاندنی هەڤاڵان. ئەمە گرۆتینێکی بەهێزی پێشگرتن بە شێوەیەکی بەرفرەوان دەداتە فێرگە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. بەڵام هاوکات بابەتێکی دیکەش لایەنی سەرەکی ئەم باسەیە: هەموو فێرگەیەک فێرخوازی ناسک و لاوازی هەیە، گرفتی خوێندن و نووسین، فێرخوازی خاوەن پێداویستی تایبەت، بورای دەروونی و فیزیکی یان فێرخوازی بێ سەرپەرەشت. ئەم فێرخوازانە لە سنووری مەترسییەکی گەورەدان، گەر فێرگە دیاردەی چەپاندن و کێشەی هەڵسوکەوتی تێدا بێت. دەکرێت بڵێین فێرگەیەکی دۆستانە و گشتگیر پێویستە بۆ سەرخستنی ئاستی توانای ئەم جۆرە فێرخوازانە. ڕوانگەیەکی وەها بەرفرەوان، هاندەر و بزوێنێکی باش دەبێت هەم بۆ پتەوکردنی کاری مامۆستا و هەم بۆ ئاسوودەیی فێرخواز و ڕەخساندنی ژینگەیەکی ساخڵەم بۆ هەموان.

بەشی سێیەم

## پرێنسیپەکانی «ڕێنمای مامۆستا» دژی چەپاندن

ئێمە هەتا ئێرە وەک پاشخان، تەنیا زانیاریمان دەربارەی چەپاندن داوە بۆ پێشگرتن و بەربەستنی ڕەفتاری نایەتی. «ڕێنمای مامۆستا» دژی چەپاندن لە سەنتەری تۆژینەوەی ڕەفتار لە زانستگەی ستاڤانگر بەپێ چەند پرێنسیپیکی بنەڕەتی دامەزرا.

### نەسەلماندنی هیچ جۆرە چەپاندنێک

لە نێوان «سەرخستنەسەر»ی بێ مەترسی و چەپاندندا سنوورێک هەیە، نەسەلماندنی هەموو شێوە کردارێکی لەم بابەتە بوەتە چاوگی سەرەکیی ڕێنماکە و واتای دەستنیشانکردنی سنوورێکی ڕوون و ئاشکرایە بەرانبەر بەم دیاردەیە.

بە کورتی نابێت کەس ڕێگە بدات فێرخواز بەرانبەر بە هەڤاڵی خۆی بێڕێز بێت، تەنانەت گەر ڕووداوەکە زۆر بچووکیش بێت. فێرخواز دەبێت هەست بەم ڕوانگەی مامۆستا بکات، ئەم شێوازی نەسەلماندنە بە توندی دەبێتە بەربەست بۆ ڕووداوی گەورەتر و چەپاندنی بەردەوام.

### گەورەی سالار Authoritative

گەورەیەکی سالار تێکەڵییەک لە پشتیوانی و کۆنترۆڵی خۆی پیشانی منداڵ و گەنج دەدات. لە خێزاندا ئەم شێوازی پەروەردەیە بە ڕوونی لایەنی ئایەتیی ڕەفتاری منداڵ پێش دەخات و لایەنی نایەتی لاواز دەکات. هەمان شێواز بە ڕێژەیەکی زۆر لە فێرگەدا نەخشی هەیە. ئەم ڕەوشتە هەم لەماڵەوە و هەم لە فێرگە کاریگەریەکی گەورەی ئایەتی هەیە، گەر گەورەکان پێکەوە هاوکار بن دەربارەی ئەم چەمکە، بەتایبەت ئەگەر منداڵ یان گەنج بزانێت خێزانی لەگەڵ کارگێڕانی فێرگەدا هاوکاری دەکەن. نابێت ئەم سالارییە لەگەڵ خۆسەپاندندا — کە بە چەکی ترس و تۆقاندن دەچەرخێ — بخرێنە یەک خانەوە.

**پشتیوانی** - گەورەکان دەبێت لە فێرگەدا بە ڕوونی پیشانی بدەن کە ئەوان پەرۆشی هەموو تاکێکی فێرخوازن، سەرنج و ڕێزی پێویستیان بدەنێ و هاوکاری لایەنی جڤاکی و زانستیان بن. ئەمە یارمەتییەکی بەهێز دەبێت بۆ پەیوەندیی نێوان گەورە و منداڵان و هەروەها دەبێتە هۆی پێکهێنانی دۆخێکی باش لە نێوان فێرخوازاندا.

**کۆنترۆڵ** - کاتێک فێرخواز تێدەگەن لە فێرگەدا گەورەکان کۆنترۆڵیان نییە، زۆرینەیان هەست بە پەشێوی دەکەن. بۆیە چەند بەڕێوەبەرێکی نایەتی و نافەرمی لە فێرخوازان کۆنترۆڵ دەگرنە دەست و بە هەڵە دژی مامۆستا و فێرخواز بەکاری دەهێنن. ئەمە نیشانەیەکی بنەڕەتییە لە بوونی زۆری کێشەی هەڵسوکەوت بەگشتی و چەپاندن بەتایبەتی. هەر بۆیە زۆر گرینگە هەموو تاکێک، مامۆستا، بەڕێوەبەر و کارگێڕ توانا و ویستی بڕیار دانیان هەبێ، پیشانی بدەن کە تەنها خۆیان خاوەن بڕیارن و هەموو تواناش دەخەنە گەڕ بۆ بەربەستن لە هەڵسوکەوتی نایەتی و لە چەپاندن.

تۆژینەوە سەلماندویەتی کە تێکبەستنی پشتیوانی و کۆنترۆڵ زۆر کاریگەرە. لێرەدا بۆ منداڵ و جەوان دەردەکەوێت کە مەبەست لە کۆنترۆڵ سەلماندنی گەورەکان نییە، بەڵکوو لەبەر هاوسۆزی و پشتیوانی منداڵ، گەنج و جڤاتە بەگشتی. ئەمە وا دەکات فێرخواز ڕێز دابنێت بۆ کۆنترۆڵ (چاودێری) و پتر بەرپرسایەتی یەکدی بگرنە ئەستۆ. گەر گەورەکان بەم شێوەیە ڕەفتار بنوێنن، بە باشترین شێوە پێش بە دیاردەی چەپاندن دەگرن.

**هاوکاریی گەورەساڵان** – کاتێک فێرخواز دەبینێت پەیوەندی نێوان گەورەکان دۆستانەیە و لە هەموو بابەتێکدا هاوکاری یەکدی دەکەن، وێنای دەسەڵات، ڕێز و هاوسۆزی ئەوان پتر دەکات. زۆر گرینگە مامۆستا، بەڕێوەبەر و خێزان بە کردەوە لەم باسەدا هاودەنگی پێشان بدەن. بەتایبەت بەڕێوەبەر و بەرپرسانی دیکە ئەرکێکی گرینگیان لە سەر شانە بۆ پێشاندانی هاوکاری و هەڤاڵەتیی نێوانیان لە ژینگەی فێرگەدا، بە جۆرێک فێرخواز هەستی پێبکات. وەک پێشینان لە ئەفریقا گوتویانە «بۆ پەروەردەکردنی یەک منداڵ، توانای گشت خەڵکی گوندەکە پێویستە».

**یەکڕەوتی** – زۆر هەوڵ و چارەسەری باش بەرانبەر بە دیاردەی چەپاندن بە کار هاتوە، بەڵام بە هۆی ڕەچاو نەگرتنی هەموو لایەنەکانی، هاوئاهەنگ نەبوون و نەبەستنەوەی بە ئەرکی ڕۆژانەی فێرگەوە سەرکەوتوو نەبوە. ئەمە هۆی نەبوونی یەکڕەوتیە و زۆر جار مامۆستایان، خێزان و فێرخوازان وا تێدەگەن ئەمە دیاردەیەکی کاتییە و ئەرکی کاتی پێویستە و کێشەکە دوای ماوەیەکی کەم تەواو دەبێت. ئێمە کاتێک ئاکامی باشمان دەست دەکەوێت، پێکەوە یەکڕەوت مێتودی دژی چەپاندن ببەستین بە ئەرکی ڕۆژانەی فێرگەوە.

بەتایبەتی بۆ ماوەیەکی کورت کاریگەریی زۆر باشتر دەبێت گەر هاوئاهەنگی و یەکڕەوتی لە نێوان چارەسەری گەورە و بچووکدا هەبێت، بۆ نموونە چارەسەر بۆ ناو پۆل و کاتی پشوو لە حەوشەی فێرگە. ئەم شێوازەیان ناسراوە بە سێرەگریی یەکڕەوت لە چەپاندن بۆ ماوەیەکی کورت. بەڵام گەر بمانەوێت بۆ درێژمەودا ئاکام و دەسکەوتێکی باشمان هەبێت، دەبێت هەموو هەوڵ و مێتودەکانی پێشگرتن بە چەپاندن بکەین بە بەشێکی ئاسایی ئەرکی ڕۆژانەی فێرگە. ئەم شێوازەی دواییان ناسراوە بە یەکڕەوتی گشتگیر.

«ڕێنمای مامۆستا» بایەخێکی زۆر دەدات بە هەر دوو شێوازەکە.

**سێرەگیریی یەکڕەوت لە چەپاندن:** Bullying Focused Consistency هەموو پرۆگرامێک دژی چەپاندن چارەسەر و مێتودی خۆی هەیە، کێشەکە دەکاتە نیشان و ئامانج. بۆ نموونە ڕێکخستنی گفتوگۆ لەگەڵ هەموو تاکێکی فێرخواز دەربارەی چەپاندن لە سەرەتای پاییز و بەهاردا. ئامرازێکی دیکەی هاوشێوە دەرفەت دان بە فێرخوازە کار بکات لەگەڵ بابەتی ئەدەبی دەربارەی کێشەکە (چەپاندن). هەر دوو بەشەکەی بەپێی پلان دانراوە و هەموو کەس ئەرکی بۆ دەستنیشان کراوە دەربارەی دیاردەی چەپاندن. هەروەها لێرەشدا یەکڕەوتیی نێوان چارەسەرەکان ڕەچاو دەگیرێت.

ڕێنماکە لە ڕێگەی چەند مێتودێکی دیکەوە ڕاستەوخۆ پێش بە چەپاندن دەگرێت، بۆ نموونە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو تاکێکی خێزان و کۆبوونەوە بەتایبەتی دەربارەی چەپاندن. دیسان یەکڕەوتی هەیە لە نێوان ئەم دوو شێوازەی باسمان کرد. هەروەها یەکڕەوتی و هاوئاهەنگی هەیە لە نێوان ئەو چارەسەرانەی ڕاستەوخۆ ڕووی لە فێرخوازە و ئەوانەی

پەیوەندی بە خێزانیانەوە هەیە. ئامراز و چارەسەری هەر دوو گرووپەکە پەیوەستە بە پۆلەوە. بۆیە ئێمە مامۆستا، فێرخواز و خێزانمان وەک گرووپی بنەڕەتی لە فێرگە ناساندوە کە لێرەدا پێی دەڵێین «پۆل».

نموونەیەک لە ئامراز و چارەسەری چەپاندنی فێرگە لە ڕێنمای مامۆستا تۆژینەوەیە دەربارەی فێرخواز، پێش بەکارهێنانی و ساڵێک دواتر. ئەم ئامرازە هاوئاهەنگی و یەکڕەوتی نێوان چارەسەری پلەی پۆل و فێرگە پێشان دەدات و کاریگەری ئیشەکە بەهێز دەکات.

**گونجاندن** – ئەم مێتودەیان ئاڵۆزە بەڵام کاریگەرە. لایەنێکی مێتودەکە گونجاندنی دوو یان سێ بابەتە لەگەڵ یەکدی و چۆنیەتی پەیوەستبوونیان پێکەوە. بۆ نموونە بەڕێوەبەری فێرگە سەردانی پۆلی هەشتەم دەکات و لەوێدا هەم لە سەر چەپاندن قسە دەکات و هەم دەستخۆشی لە پۆلەکەیان دەکات بە بۆنەی ئەو پرۆژە باشەی دەربارەی مێژووی ئوستورالیا ئەنجامیانداوە. ئەم چارەسەرە سێرەگیریی یەکڕەوتە بەرانبەر بە چەپاندن و هێندێک پتریش. بەڕێوەبەر ناڕاستەوخۆ دەڵێت دیاردەی چەپاندن بەپێی ئەو ستانداردەی بەڕێوەبەر دەیەوێت لە فێرگەدا ناگونجێت.

ئەم جۆرە گونجاندنە چەپاندن دەخاتە نێو پەیوەستێکی بەرفرەوانتری بابەتەوە بۆ فێرخواز و وەها دەکات دیاردەی چەپاندن پتر بە شێوەیەکی سروشتی باس بکرێت و ببێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە متمانەی دوولایەنە. لایەنێکی دیکەی کاریگەری ئایەتیی ئەم مێتودە ڕاهاتنی مامۆستایانە بۆ پیادەکردنی لە زۆر دەرفەتدا.

گەر کاتێک بەڕێوەبەر قسە لەگەڵ فێرخوازان دەکات مامۆستا لە پۆلدا بێت، دەبێتە هۆی گونجاندنی پەیوەندی نێوانیان. فێرخوازان دەبینن مامۆستا و بەڕێوەبەر هاوکاری یەکدی دەکەن، بەتایبەت کاتێک بەڕێوەبەر ئاماژە بە زانیاری مامۆستا دەکات دەربارەی ئەو پرۆژە باشەی ئەوان ئەنجامیان داوە. ئەمە یەکڕەوتی و هاوکاری گەورەکان پێشان دەدات.

فێرگە دەتوانێت زۆر شێوازی گونجاندنی بابەت و پەیوەندیی گرێدراو بە چەپاندنەوە پێک بهێنێت، گەر مامۆستا و کارگێڕانی فێرگە بڕوایان بە پرێنسیپەکە هێنابێت. لە پۆلدا دەرفەتی زۆر هەیە بۆ گونجاندنی بابەتەکان بە چەپاندنەوە. گونجاندن خۆی سەر هەڵدەدات گەر مامۆستا کاتێکی کەمیش بەکار بهێنێت لەگەڵ بابەتی چەپاندن، بە مەرجێک دەرفەت گونجاو بێت. ئەگەر گەورەکان بتوانن هاوکاری نێوان خۆیان پێشان بدەن، هەوڵەکە باشتر یەکڕەوت و کاریگەر دەبێت.

**یەکڕەوتیی گشتگیر** – یەکڕەوتی بە گونجاندنی بابەتەوە وەک پێشتر باسمان کرد کار لەسەر چەپاندن و بابەتێکی دیکە دەکات لە ماوەیەکی کورتدا. ئەم شێوازەیان زۆر کاریگەرە، بەڵام هەر پێمان کەمە. لەبەر ئەوە فێرخوازان بێ مەبەست ئەم جۆرە گونجاندنە و پەیوەندیە لە نێو خۆیاندا ڕێکدەخەن. بەڵام گەر ئەوان ئەم ڕەوتە لە مامۆستایان ببینن متمانەیان لا دروست دەبێت. بۆ خێزانیش هەر وایە. یەکڕەوتیی گشتگیر چێوەیەکی ستانداردی هاوئاهەنگە کە کاریگەری لە سەر هەموو ڕەوتی فێرگە دەبێت.

شامەبەستی «ڕێنماکە» بایەخ دانە بە شێوازی بەڕێوەبردن و کاری ڕۆژانە لە نێوپۆلدا. باش پەڕێوەبردنی پۆل خۆی لە خۆیدا پێشگرتنە لە چەپاندن. هاوکات پێشمەرجێکی باشە بۆ گونجاندنی بابەتەکان لەگەڵ چەپاندن و چارەسەرەکانی.

هەروەها بایەخی زۆریش دەدات بە چارەسەر بۆ کاتی پشوو لە گۆڕەپانی فێرگە. بێگومان ئەم مێتود و چارەسەرانە تەنیا کاریگەری بۆ پێشگرتن بە دیاردەی چەپاندن نییە، بەڵکوو بەگشتی ژینگەیەکی ئاسوودە و ئارام بۆ فێرخوازان دەستبەر دەکات. یەکڕەوتیی گشتگیر چارەسەر دیاری دەکات.

**بەردەوامبوون** – هۆکاری سەرەکی بۆ کاریگەربوونی مێتودەکانی بەرەنگاریی چەپاندن لە فێرگەدا، ڕەچاوگرتنی ستاندارد و پیادەکردنی چارەسەر و شێوازەکانە بۆ ماوەیەکی درێژمەودا. هەوڵی خۆ لە کێشە دزینەوە و پشتگوێ خستن تەنیا زیانی لێدەکەوێتەوە. هەڵەیەکی باو کە زۆر فێرگە دەیکەن و هاوکات چاوەنۆڕن جۆرایەتیی فێرگە باش بێت. ئەوەیە زۆر جار بایەخ بە لایەنێک دەدەن و لایەنێکی دیکە لەبیر دەکەن، دیسان بە شتێکی نوێ جێگەی پڕ دەکەنەوە، ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا پەراوێز دەخرێت. کاتێک فێرگە بابەتێک بە هەند نەگرێت بێ ئەوەی مەبەستی بێت، هەموو مێتود و چارەسەری کارا پەک دەخات و فەرهەنگی فێرگە تێک دەدات.

پرۆگرامی بەرەنگاریی چەپاندن یەک ساڵی خوێندن دەخایێنێت. دەبێت بەردەوامی بەکارهێنانی پرۆگرامەکە لە ماوەی ساڵدا بەپێی پلانی کاری ڕێنماکە بێت. پلانەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، یەکەم مۆدێلی ڕێکخستنەکەیە و دوەم چالاکی گرێدراو بە ساڵنامەی خوێندنەوەیە. چالاکیەکان بە شێوازێکی دیاریکراو بە دوا یەکدا وەها ڕیز کراون، هەموو هەنگاوێک زەمینە بۆ هەنگاوی پاش خۆی خۆش بکات.

لە بەهاردا ئامادەکاری بۆ بەرەنگاریی چەپاندن دەکرێت و یەکەم ڕۆژی کرانەوەی فێرگە لە پاییزدا دەست بەکار دەبێت. گرینگە ئامادەکاریەکە ورد بێت. هاوکات دەبێت ڕۆژی دەستپێکی ڕێنماکە ڕۆژێکی تایبەتی بێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هەموان. بەڕێکەوت نییە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی فێرگە دیاری کراوە. یەکەم ڕۆژ، ڕۆژێکی تایبەتە بۆ فێرخوازان و پێشاندانی ستانداردی فێرگە و چۆنیەتی شێوازی بەڕێوەبردنی فێرگە دەچەسپێت. زۆر گرینگە بڕگەی یەکەم بە وردی پلانڕێژ و جێبەجێ بکرێت، ئەمە بزوێن دروست دەکات و دەبێتە هاندەر بۆ بەردەوامبوون. گەر دەستپێک باش نەبێت بەردەوامی پرۆگرامەکە جێ ناگرێت. دەبێت پێشڤەچوون لە پلانی ساڵدا دیاری کرا بێت هەتا بتوانین مێتودی نوێ یەک لە دوای یەک بخەینە گەڕ. دەبێت بزانین کاتێک مێتودی نوێ دەستپێدەکات، مێتودی پێشوو لە بیر نەکرێت. بە پێچەوانەوە دەبێت گیانی نوێی بە مێتودی کۆن بدرێت و قووڵتر ببێتەوە لە بابەت هەتا زەمینە بۆ مێتودی نوێ برەخسێت.

لە بەرەنگاریی چەپاندندا هێندێک ڕۆتینی چارەسەر بەستراون بە کاتەوە، مەبەست لێرەدا سێرەگرتن لە سیستماتیک و کاتە. دەبێت بزانین کە ڕێنماکە وردەکاریی زۆری تێدا بەکار بێت. بەپێی پرێنسیپەکانی بەرەنگاریی چەپاندن دەبێت فێرگە بۆ خۆی پلان و دەرفەت ڕێک بخات و جەخت بکاتە سەر گەشە پێدانی توانا و کارامەیی. ڕۆڵی یەکەم لێرەدا بەڕێوەبەر و مامۆستایانی پلانڕێژ دەیبینن.

### دەکرێت، دەتوانرێت و بیرۆکەکانی

پەرتووکی بەرەنگاریی چەپاندن ڕێنوێنێکی زۆر ورد نییە، پلەبەپلە هەموو شتێک بۆ فێرگە و بەشداربوان باس بکات.

پرێنسیپەکانی سەرەوە جگە لەوەی ناسنامەیە بۆ «بەرەنگاریی چەپاندن»، دەکرێت ببێتە ڕێنوێن بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی شێوازەکە.

چەمکی «دەکرێت»، واتە مێتودی ئەم ڕێنمایە بۆ پیادەکردنە، لەگەڵ کاری فێرگەدا دەگونجێت. چاوەڕوان دەکرێت فێرگە لە ڕێگەی بەشداربوونی لە پرۆژەی «بەرەنگاریی چەپاندن» ـەوە پابەند بێت بە ئەرکی خۆی.

لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی «دەتوانرێت» بۆ هێندێک بارودۆخ بەکار دێت هەتا بسەلمێندرێت کە ئەم شێوازانە وەک دەستپێک پێشنیاز دەکرێت. پاشان پێشنیاز یان بیرۆکەی جۆراجۆر دخرێتە ڕوو.

نێوەڕۆکی «دەتوانرێت» و «بیرۆکەکان» زۆری بە بەرەوەیە. فێرگە دەبێت بەپێ پرێنسیپەکانی ڕێنمایەکە و پێداویستی و پێشمەرجەکانی خۆی هونەر و زیرەکی لە ماوەی یەکەم ساڵی جێبەجێکردنی - و تەنانەت دواتریش - بە کار بهێنێت.

گەر ئەم ڕەوتە جێبەجێ بکرێت، فێرگە دەتوانێت دەستکەوتی باشی لە ماوەی ساڵی یەکەم و گەشاندنی جۆرایەتی بۆ ساڵانی پاشتریش هەبێت، هەم لە پێشگرتن بە چەپاندن و هەم کێشەی ڕەفتار بەگشتی.

بەشی چوارەم

**ڕێکخستن**

**مۆدێلی تێکبەستراو**

پرنسیپی سەرەکی لە «بەرەنگاریی چەپاندن» ـدا پێکهێنانی مۆدێلی ڕێکخستنی ساکارە. واتا هەتا دەکرێت پرۆژەکە بە مۆدێل و ساختاری ڕێکخستنی فێرگەوە ببەسترێت و تێهەڵکێش بکرێت. ئەم مۆدێلە ناسراوە بە تێکبەستراو و جیاوازە لەگەڵ مۆدێلی پرۆژەدا. لایەنی لاوازی مۆدێلی تێکبەستراو کەمتر دەرکەوتنی مۆدێلەکەیە لە کاتی جێبەجێکردندا. پرۆگرامی هاوشێوەی بەرەنگاریی چەپاندن مۆدێلی پرۆژە بەکار دێنن کە پێویستی بە دروستکردنی تەواوی هەیکەلی دەزگەیەکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە. سوودی ئەم شێوازەیان دیار کەوتنی پرۆگرامەکەیە. زیانی بەکارهێنانی وزە و سەرچاوەیەکی زۆرە و کاتێکیش دەزگەکە نەمێنێت سەرلەبەری پرۆگرامەکە دەخرێتە لاوە. ئێمە هەموو فێرگەیەک هاندەدەین هەتا دەکرێت مۆدێلی تێکبەستراو بەکاربێنن.

کاتێک ڕێنما ئەمەندە بایەخ دەدات بە تێکبەستنی بە ڕێکخستنی ئاسایی فێرگەوە، دڵنیایە کاریگەری هەیە و چارەسەرەکانیش تاڕادەیەک دیار دەکەون.

**ئەنجومەن** – بەڕێوەبەری فێرگە بەرپرسایەتیی یەکەمی لە ئەستۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی بەرەنگاریی چەپاندن. ئەرکەکە بە پێکهێنان و دەستنیشانکردنی دەستەیەکی بەرپرس دەست پێدەکات. ئەرکی ئەم دەستەیە خستنە گەڕ، چاودێری و دیڤچوونی (بەدواداچوون) بەرەنگاریی چەپاندنە. ئەمەش لە ڕێگەی هاوکاری مامۆستایان و ئەنجومەنی فێرخوازانەوە دەکرێت. بەشێکی ڕێنماکە تەرخان کراوە بۆ ڕاهێنانی وردی هاوکاران لە کاری پێشگرتن و بەکارهێنانی چارەسەر و مێتوەدکان. هاوکات ئەرکی «ئەنجومەن» پشتیوانی لە مامۆستایان و کۆی هاوکارانە لە بارودۆخی تایبەتدا. هەروەها بەرپرسە لە پێدانی زانیاری ستراتیژی بۆ هەر دوو بەشی نێو و دەرەوەی فێرگە.

دەکرێت پێکهاتەی ئەنجومەن هەمان دەستەی بەڕێوەبەری فێرگە بن. سەرەڕای بەڕێوەبەر، سەرپەرشتیار، ڕاوێژکار و کەسانی پسپۆڕی بواری فێرکاری تێدا بەشدار بن. واتە ئەم مۆدێلە بەرپرسایەتیی جێبەجێکردنی ئەرکی بەرەنگاریی دەخاتە ئەستۆی بەرپرسانی ئاسایی فێرگەوە و ناسراوە بە «مۆدێلی تێکبەستراو». دەکرێت ئەم مۆدێلە لە فێرگەی گەورەدا یارمەتی لە پسپۆڕانی فێرکاری وەک بواری پلانرێژی، گرووپکاری و دەروونناسی وەربگرێت.

دەبێت دڵنیا بین ئەو کەسانەی لە ئەنجومەندا کار دەکەن هەم توانای بەڕێوەبەری و هەم توانای فێرکاریان تێدا بێت، هاوکات دەکرێت سەرۆکی ئەنجومەنی فێرخوازان ئەندامی ئەم دەستەیە بێت.

لایەنێکی بەهێزی دیکەی مۆدێلی تێکبەستراو، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیکردنی بابەت و کێشەکانە لە کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایی فێرگە. هەروەها لەم کۆبوونەوانەدا هەموو گرفتەکانی فێرگە دەخرێتە بەر باس و پەیجۆریی (لێکۆڵینەوە و تەحقیقات Investigation) هاوبەش و دۆزینەوەی چارەسەری گشتی هاوکات و هاوفەرمان (لە یەک کات و لە لایەن یەک دەستەوە) بەڕێوە دەبرێت.

سیستەمی یەک دەستەی بەڕێوەبەران لە کۆبوونەوەکاندا وەها دەکات بابەتەکان ئاسانتر پێکەوە ببسترێن و پێشکەوتن لە کارەکان خێراتر بەدی بکرێت.

**گرووپکاری** – گەر مامۆستایان بە شێوەی تیم کار بکەن بۆ نموونە مامۆستایانی پۆلی 1-3 پێکەوە خەریکی پلانڕێژی و پیادەکردن بن، مۆدێلەکە دەبێتە بەستنەوەی هەڵمەتی «بەرەنگاریی چەپاندن» بە کاری ڕۆژانەی خۆیانەوە. مۆدێلی تێکبەستراو پەیوەندیی نێوان ئەنجومەن و تیمەکان دەستەبەر دەکات. دەکرێت سەرۆکی تیمەکان لە کۆبوونەوەدا کات تەرخان بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕێنماکە. دەکرێت بابەتەکانی ناوەڕۆکی کتێبەکە دابەش بکرێت و کاری لە سەر بکرێت، هەروەها هەموو بابەتێک بە وردی پێش کۆبوونەوە خوێندرابێتەوە. دەبێت بەر لە دەستپێکی کار، هەموو لایەک بە باشی شارەزای ڕێنماکە بن.

کۆبوونەوەکانی تیم دەکرێت بە درێژایی ساڵ کار بکات بۆ پلان دارشتن و گفتوگۆی مێتود و چارەسەری پێشگرتن لە نێو پۆلدا. گەر هەر لە سەرەتاوە، گفتوگۆی ناو کۆبوونەوەکان ڕاستەوخۆ ببەسترێت بە پلانڕێژی کار لەگەڵ فێرخوازان و خێزاندا سوودی زۆر دەبێت و زەمینە خۆش دەکرێت بۆ گۆڕینەوەی ئەزموونی هەردوو لا. گەر بەشدارانی تیم ڕووداوی چەپاندن ببینن، دەکرێت هەموو تیمەکە لە چۆنیەتی ڕووداوەکە ئاگادار بکەنەوە و بەشداربوانیش بناسێنرێن.

ئەگەر نەکرا ڕێکخستنی مامۆستایانی فێرگە بە گرووپکاری بێت، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی فێرگەکە بچووک بوو، دەکرێت شێوازێکی دیکە وەک ئەوانەی لە سەرەوە باس کرا بەکار بهێندرێت.

**گرووپی هاوکاران** – ئەرکی گرووپی هاوکاران (گرووپێک لە مامۆستایان) دارشتنی پلانی کارە دژ بە چەپاندن بەپێی ئاماژە و ڕێنوێنەکانی ڕێنماکە. ئەم گرووپە شەش جار لە ساڵی خوێندندا کۆ دەبنەوە.

**هاوکاری** – فێرگە دەکرێت هاوکاری لایەنی دیکەی وەک دەروونناس، دەزگەی منداڵپارێز و دوکتۆری فێرگە بکات هەتا هەموو لایەک بە دیداری ڕاستەوخۆیان لەگەڵ فێرخوازان و خێزان پتر کاریگەری پرۆگرامەکە ڕاهێزن.

**گرووپی فێرگە** – دەکرێت ڕێنمای «بەرەنگاریی چەپاندن» 3-5 فێرگەی ناوچەیەک پێکەوە ببەستێت بە مەبەستی هاریکاری. مەبەست لەم کارە پێکهانی تۆڕێکی هاریکاریە لە نێوان ئەم چەند فێرگەیەدا. ئەم هاریکارییە پتر بە شێوەی کۆنکرێت لە کۆبوونەوەی نێوان ئەنجومەنی فێرگەکاندا دەربارەی بەرەنگاریی چەپاندن پێک دێت. پاش ماوەیەک لە جێبەجێکردنی ئەرکەکە ئەنجومەنی ئەم چەند فێرگەیە دەتوانن، لە کۆبوونەوە و سمیناری هاوبەشدا، ئەزموونی هەمەڕەنگی بوارەکانی ڕێنماکە بگۆڕنەوە.

بەشی پێنجەم

## **مێتود و چارەسەر بۆ فێرگە**

### **قۆناخی گواستنەوە و دەستپێکی باش**

قۆناخی گواستنەوەی منداڵ لە زارۆخانەوە بۆ پلەی سەرەتا کارێکی گرینگە. دەشێت گواستنەوە لە پلەی ژێر بۆ پلەی بەرزتر رۆڵی نایەتی لەگەڵ خۆی بگوێزێتەوە. هاوکاریی نێوان بەرپرسانی منداڵ لە پلەی ژێر (زارۆخانە) و پلەی سەرەوە (سەرەتا) یارمەتیەکی زۆر دەدات بەم جۆرە منداڵانە بۆ گەشەی ئادگاری باشتر. دەکرێت قۆناخی گواستنەوە و چۆنیەتی تێکەڵکردنی فێرخوازان یان پێکهاتەی پۆل پێش دەستپێکی فێرگە پلانڕێژ کرابێت.

تۆژینەوەیەکی گەورەی وەڵاتی نۆروێژ، پرنسیپی دانانی پێکهاتەی پۆلەکانی 1-7 لە چەندین فێرگەدا بە دوو شێواز هەڵسەنگێندرا.

یەکەم - «پرینسیپی بەردەوامی و پێکەوەبوون» دانانی هەموو فێرخوازانی پۆلی 1-7 بەپێ شوێنی ژیان، بۆ نموونە هەموویان خەڵکی گەڕەکێک یان شارەکێک بن.

دوەم - «پرینسیپی بڵاوە پێکردن» دانانی هەموو فێرخوازانی 1-7 لە چەند فێرگەی دیکە بە پێچەوانەی پرینسیپی یەکەم فێرخوازان بە کەمترین ڕێژە خەڵکی یەک گەڕەک بن لە پۆلێکدا.

ئاکامی تۆژینەوە لەو چەند فێرگەی «پرینسیپی بەردەوامی و پێکەوەبوون» پیادە کرد بوو ڕێژەی 40-50 % دیاردەی چەپاندنی تێدا پتر بوو لەچاو ئەوانی دیکەی وا پرینسیپی بڵاوە پێکردنی ڕەچاو کرد بوو.

پرینسیپی بڵاوە پێکردن بەپێ تیروپشکی ناوی فێرخوازان بەڕێوە دەچێت. بەڵام باشتر وایە فێرخوازان بەپێ ڕەچاوگرتنی زانیاری زارۆخانە، فێرگە یان مامۆستای پێشوو جێگیر بکرێت. بۆیە گرینگە ئەو فێرخوازانەی پەیوەندیان نارێکە یان کاریگەری نایەتیان لە سەرە لە پۆلێکدا نەبن، هاوکات هەوڵ بدەین نەریت و ڕەفتاری باش لە پۆلدا بچەسپێنین.

ڕەچاوگرتنی بەڕێوەبەردنی باش پێکهێنانی پۆلێکە لە فێرخوازی باش، ئەویش بە کارامەیی و هونەری بەڕێوەبردن دەکرێت.

پرینسیپی بڵاوە پێکردن دەبێتە هۆی دانەمەزرانی پۆل وەک گرووپ یان دەستەیەک، کاتێک پۆلی باڵاتر لە فێرگە یان فێرگەیەکی دیکە وەریدەگرێت. ئەوکات مامۆستایان دەرفەتیان پترە دەبێت بۆ دانانی کاریەگەریەکی باش لە سەر ڕەفتاریان. بەتایبەت کاتی دەستپێک زۆر گرینگە، دەکرێت فێرگە پلانێکی ڕوونی هەبێت لە چۆنیەتی شێوازی کاری مامۆستایان بۆ ئەم ماوەیە لە پۆلدا. بۆ هەموو پۆلێک ماوەی دوای پشووی هاوین و دەستبەکاربوونی مامۆستای نوێ لە سەرەتاوە گرینگە.

هێندێک فێرگە سیستەمی ڕێکخستنیان بەپێی پلەیە (بۆ نموونە پۆلی 1-3 پلەی یەکەمە و پۆلی 4-7 پلەی دووەمە و پۆلی 8-10 پلەی سیەمە) نەک بەپێی پۆل، بەڵام هاوکات پلەکان گرووپبەندی کراون. ئەم شێوازە دەرفەتی چاک دەدات بە پیادەکردنی پرینسیپی بڵاوە پێکردن. لەو فێرگەی سیستەمی پۆل باوە، دەشێت مامۆستایان تووشی دەمەقاڵە و کێشە بن لەگەڵ خێزانی فێرخوازانی پۆلی یەکی سەرەتایی کاتێک پرینسیپی بڵاوە پێکردن پیادە دەکەن. هەرچەند پیادەکردنی ئەم پرینسیپە سوودی زۆرترە، بەڵام دەکرێت لە کاتی دەستپێکدا بە شێوەیەکی باش لەگەڵ خێزانی

فێرخوازاندا بدوێن و دەربارەی سوودی ئەم شێوازە قەناعەتیان پێبێنین. دەنا سوودەکەی لە ڕێگەی کێشمەکێشی (هاوڕا نەبوون و گفتوگۆی ناکام) نێوان مامۆستا و خێزان بە خەسار دەڕوات.

## تۆژینەوە لەسەر فێرخوازان

فێرگە تۆژینەوەیکی بێ ناو و نیشان لە سەر فێرخوازان لە وەرزی بەهاردا ئەنجام دەدات. فۆرمی تۆژینەوەکە بریتیە لە هێندێک پرسیاری سەرەکی دەربارەی چەپاندن. مەبەست لێرەدا ڕووپێوی ڕێژەی چەپاندن و دیاریکردنی شوێنی ڕووداوی ئەم کێشەیەیە. هاوکات دەرفەتی ئەوەمان پێدەدا بزانین ڕێژەی چەپاندن لە تەمەن، پۆل، پلە و نێوان کچ و کوڕدا چ جیاوازیەکی هەیە. ئاکامی ئەم جۆرە تۆژینەوانە هەمیشە هەڵەی تێدا دەبێت، بەهۆی وەڵامدانەی هەڵە و تێنەگەیشتنی فێرخواز لە یەک یان چەند پرسیارێک. ئەمەی دوایان پتر لە نێوان فێرخوازی کەم تەمەنەوە ڕوو دەدات لەچاو فێرخوازانی گەورە. بەهەرحاڵ تۆژینەوەکە وێنەیەکی باشی بارودۆخی کێشەکە لە فێرگە پێشان دەدات. ئەم تۆژینەوە بێ ناونیشانە پێناسەی بەشداربوانی کێشەکە دیاری ناکات. ڕێنماکە بۆ ناساندنی ئەو کەسانە شێوازێکی دیکە ڕەچاو دەکات کە دواتر باس دەکرێت.

ئاکامی تۆژینەوەکە یەک جار دەخرێتە بەر دەست هاوکاران پاشان ئەنجومەنی فێرخوازان و نوێنەرایەتی خێزان (دوو کەس لە خێزان نوێنەرایەتی هەموو خێزانی فێرخوازان لە پۆلێکدا دەکەن و دەبنە پردی پەیوەندی نێوان فێرگە و خێزان). پێویستە نوێنەرایەتی خێزان ئاکامی تۆژینەوەکە لە یەکەمین دەرفەتدا لە کۆبوونەوەی خێزان بخاتە بەر دەستیان. پێشکەشکردنی ئاکامەکە دەبێتە هۆی پێداچوونەوەی وردتر بە مێتود و پلانی کاری بەرەنگاریی چەپاندندا. پلانی کۆبوونەوە دەکرێت لە لایەن فێرگە، ئەنجومەنی فێرخوازان و دەستەی نوێنەرایەتی خێزانەوە بە هاوکاری دابنرێت. هاوکات ئەم کۆبوونەوەیە دەرفەتێکی چاک دەرەخسێنیت بۆ بەشداری پێکردنی شارەداری شار، بەشی ساخڵەمی و کارگوزاری فێرگە.

لەوانەیە فێرگە ئاکامی تۆژینەوەکانی هاوکات لەگەڵ چەند فێرگەیەکی دیکە بۆ دەرکەوێت کە ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندنیان بەکارهێناوە. پێویستە فێرگە نەچێتە دۆخی بەرگریەوە بەرانبەر بە ڕێژەی زۆر، یان شانازی بکات بە کەمی ڕێژەکەوە. فێرگە دەتوانێت مێدیا بانگهێشت کات بۆ کۆبوونەوە و هەموو بەشدارانیش دەبێت پێشتر ئاگادار کرابێتنەوە لە هاتنی. ئەم بابەتە دەکرێت لە پلانرێژی کۆبوونەوە بڕیاری لە سەر درابێت.

تۆژینەوەکە ساڵی داهاتوو لە هەمان کاتدا دووپات دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ شرۆڤەکردنی کاریگەریی بەرەنگاربوونەوەکە و شێوازی بەکارهێنانی ڕێنماکە لە داهاتوودا. پاش یەکەم ساڵ فێرگە دەتوانێت هەموو ساڵێک تۆژینەوەی وەها، وەک بەشێک لە هەوڵی پێشگرتن لە چەپاندن ئەنجام بدات.

## گۆڕەپانی فێرگە

دیاردەی چەپاندن بە زۆری لە شوێنە گشتیەکانی فێرگە ڕوو دەدات و هەوڵی ئاشکرا کاریگەریی باشی دەبێت. فێرگە وەک بەشدارێک لە بەرنامەی بەرەنگاریی چەپاندا دەبێت هەموو شوێنەکان بە مامۆستای پەرۆشدار بپارێزێت. هەروەها شوێنی گشتیی دیوی ناو و دەرەوەی فێرگە. هێندێک شوێن زۆر جار لە تۆژینەوەکاندا دەرناکەون، وەک شوێنی جلگۆڕین، وەرزشگە و ئاودەست، ئەم شوێنانە بۆ تاک شوێنی تۆقاندنە و بەرپرسان دەبێت چارەسەرێک پەیدا بکەن کەس لە هیچ شوێنێکی فێرگە بێڕێزی پێ نەکرێت.

دەکرێت گرووپی چاودێر لە مامۆستایانی چەند پۆل و پلە پێکەوە ڕێکبخرێن هەتا زۆربەی فێرخوازان لە کاتی چاودێریدا بناسن. دەبێت مامۆستایان لە کاتی چاودێریدا تەواوی سەرنجی خۆیان بخنە سەر فێرخوازان نەک سەر یەکدی. نابێت چاودێران پێکەوە بگەڕێن، دەبێت بڵاوببنەوە هەتا بە باشی ئاگایان لە هەموو لایەک بێت.

دەکرێت لە یەکەم ڕۆژی فێرگەوە هەموو بەیانییەک مامۆستایەک یان دوو، فێرخوازان بەخێر بهێنن و لە کاتی پشوودا تێبکۆشن پەیوەندی لەگەڵ زۆرترین ڕێژەی فێرخوازدا بگرن و پێشانی بدەن کە ئەوان کۆنترۆڵیان هەیە. گەر ڕەفتارێکی نایەتی یان بەتایبەتی چەپاندن ڕووی دا، ئەمان بە ڕەفتارێکی ئارام و جێگیر دەسەڵاتی گەورەیی خۆیان بنوێنن.

کاتێک چەندین فێرخواز بە کێشەیەکەوە دەگلێن باشترە وایە یەک بە یەک دەربارەی کێشەکە قسەیان لەگەڵ بکرێت نەک هەموو بەتێکرا. گرینگە داوای خۆناساندن لە هەموو فێرخوازێک بکەیت، گەر نەویست ناوی بڵێت، پێی ڕابگەینە کە تۆ دەیناسیتەوە و ناو و نیشانیشی پەیدا دەکەیت.

بەم شێوەیە و بە نۆرە قسە لەگەڵ هەموو تێوەگلاوان دەکەین و ڕێگە نادەین پتر ڕەفتاری نەشیاو لەخۆ بنوێنن. دەبێت ڕووداوی گەورە لەگەڵ مامۆستای پۆل و بەڕێوەبەری فێرگە باس بکرێت. کاتێک فێرخوازان دەبینن تۆ کۆڵ نادەیت و بەپێی ڕێسا و ستانداردی فێرگە لە ڕووداوەکە دەکۆڵیتەوە، خێرا هەست بە ئاکامەکەی دەکەن و درێژەی پێ نادەن. بۆیە گرینگە هەر لە سەرەتای دەستپێکی فێرگەوە فێرخوازان بە ستاندارد و ڕێسای فێرگە ئاشنا بن پێش ئەوەی ببێتە هۆی ورووژاندن و تووڕەبوونی لایەنێک.

چارەسەرێکی بچووک بەڵام کاریگەر لە ڕێنمای مامۆستادا هەیە بە لەبەرکردنی ڤێست (یەلەگ - کراسیکی بێقۆڵی ڕەنگاوڕەنگ) بۆ باش دیاربوون لە حەوشی فێرگە لە کاتی پشوودا. ئەزموون کراوە ئەم ڤێست لەبەرکردنە بۆ فێرگەی بنەڕەتی کاریگەری زۆر باشی دەبێت. کاتێک پاییز لە دەستپێکی فێرگە ئەم چارەسەر جێبەجێ بکرێت، هەموو منداڵان بە ئاشکرا بۆیان دەردەکەوێت ڕووبەڕووی شتێکی نوێ دەبنەوە. ڤێستەکە سیمبولی دەسەڵات دەدات بە گەورەکان و هەروەها باشتر دیار دەبن بۆ فێرخوازان و بۆ یەکدیش.

### بەڕێوەبەری فێرگە

بەڕێوەبەر دەتوانێت لە یەکەمین دەرفەتدا سەردانی هەموو پۆلەکان بکات بەتایبەت کاتێک مامۆستا لە پۆلدایە. سەرەڕای گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازان و مامۆستای پۆل، بەڕێوەبەر پرسیار دەربارەی چەپاندن ئاڕاستە بکات و هەروەها پێیان ڕابگەیەنێت کە دیسان سەردانیان دەکاتەوە و بەتایبەتیش دەربارەی چەپاندن پرسیاریان لێ دەکات. لەم جۆرە سەردانەدا گرینگە مامۆستا و بەڕێوەبەر هاودەنگی خۆیان دەربارەی ڕێسا و ستانداردی فێرگە بخنە ڕوو. ئەم سەردانی بەڕێوەبەرە دەبێت بکرێتە ڕۆتین نەک هەر لە سەرەتای دەستپێکی فێرگە ڕووبدات. هاوکات پێوستە بەڕێوەبەر جاروبار لە گۆڕەپانی فێرگە دەرکەوێت و خولیای هاوکاریی خۆی پێشان مامۆستایان و فێرخوازان بدات. دەکرێت هاوکارانی ئەنجومەنیش وەک سەرپەرشتیار و پسپۆڕانی دیکە ئەم ڕەوتە بکەنە نەریتێکی نێو فێرگە.

### دەستەی هاوکاران

فێرگەی باش بەڕێوەبەرایەتیی باشی هەیە و هەموو هاوکاران بە هەند وەردەگرێت. هاوکاریی مامۆستایان بەندە بە دۆستایەتی و یارمەتیەوە. ئەزموون پێشانی داوە مامۆستا زۆر سوود لە ڕێنوێنی دوو لایەنە دەبینن و دەتوانن ڕا و

بۆچوونیان لە کۆبوونەوە و سمینارەکانی نێوخۆی فێرگە بگۆڕنەوە. بەم شێوەیە مامۆستایان پشتیان قایم دەبێت لە هەمبەر کردەوەیان لە نێو پۆل و هاوکاریان لەگەڵ خێزان و چاودێرانی پشووەکان.

لە ماوەی پاییزدا گرووپی هاوکارانی بەرەنگاریی بە مەبەستی بەرپرسایەتی و یارمەتی فێرگە لە پلانڕێژی و مێتودەکانی دژ بە چەپاندن دادەمەزرێت. شرۆڤە و کارکردن لە سەر بابەتەکانی ڕێنما زۆر گرینگە بۆ ئەم گرووپە. دەکرێت لە هەموو کێشەیەکی کۆنکرێت ناوی ئەو فێرخوازانەی بە چەپاندنەوە گلاون لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و گرووپی هاوکاراندا ئاشکرا بکرێت، هەروەها ناوی فێرخوازی تێوەگلاو لە ڕووداوی بچووکیشدا و بەپێی دابەشینی بەرپرسایەتی دیڤچوونی بۆ بکرێت.

**ئەنجومەنی فێرخوازان**

لە ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندندا بەپێی پرینسیپ گەورەکان بڕیاردەر و بەرپرسن لە پێشگرتن و نەهێشتنی چەپاندن. دەبێ ڕێنامەی ڕوون هەبێ بۆ چۆنیەتی یارمەتی دانی فێرخوازان لە پرۆسەکەدا بۆ بەکارهێنانی مێتود و چارەسەری کاریگەر.

**دەستەی کێشک/ ئێشک / خەفەر**

ئەو فێرخوازانەی دەستەی کێشک پێک دێنن، دەتوانن زۆر بەسوود بن بۆ فێرگە. دەستەی کێشک گرووپێک لە فێرخوازانە ڕاستەوخۆ ئەرکیان پێدەسپێردرێت لە کاتی پشوو بۆ هێورکردنەوە و پێکهێنانی ژینگەیەکی باشی نێو فێرگە. هاوکات دەتوانن بەرپرس بن لە چالاکیی دەرەوە و ناوەوەی فێرگە. شائەرکی دەستەی کێشک خۆ دەرخستنە لە گۆڕەپانی فێرگە. شێوەی دیاریکردنی ئەرکی ئەم دەستەیە و ناساندنیان بە هەموو فێرخوازان و پێدانی نیشانیەک بۆ کاتی پشوو لە گۆڕەپان. ئەم کەسانە نابێت ڕۆڵی نێوانجی لە ڕووداوی گەورەدا ببینن، تەنها دەتوانن مامۆستایان ئاگادار بکەنەوە. دەتوانن لە ڕووداوی بچووک بپرسنەوە و هێورکردنەوەی لایەنەکان بگرنە ئەستۆ. دەکرێت ڕۆڵی دەستەی کێشک لە لایەن ئەنجومەن، مامۆستا و هەموو بەرپرسانەوە دیاری بکرێت.

دەستەی کێشک دەکرێت لە چوار کەس بۆ هەر پشوویەک پێک بێت کە دوو دوو پێکەوە کێشک بدەن. بەگشتی 10-20 فێرخواز دەتوانن ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ و ڕۆژ و کاتەکان لەبەینی خۆیاندا دابەش بکەن. بواری بەرپرسایەتی دەستەکە دەبەسترێت بە بەشی ئەنجومەنی فێرخوازانەوە. بەشدارانی دەستە دەبێت بە نووسراوە داخوازی ئەندامەتی پێشکەش بکەن.

**سیستەمی براگەورە**

فێرگە دەتوانێت ئەم سیستەمە پیادە بکات. مێتودەکە بریتیە لە پێدانی بەرپرسایەتیی سنووردار بە فێرخوازی بەتەمەن لە گۆڕەپانی فێرگە و کاتی پشوودا. دەکرێت، بۆ نموونە فێرخوازانی پۆلی نۆ بەرپرسایەتی پۆلی سێ یان پۆلی شەش بەرپرسایەتی پۆلی یەک، یان تاک تاک بگرنە ئەستۆ. دابەشینی ئەم بەرپرسایەتیە لە لایەن مامۆستاوە دەبێت.

## ستراتێژی زانیاری

ئامرازێکی گرینگ لەم ڕێنمایەدا ستراتێژیەکی تۆکمەی زانیاریە هەم بۆ ناو هەم بۆ دەرەوەی فێرگە. مەبەستی سەرەکی لەم ستراتیژیە چڕکردنەوەی جەخت و توانای هەمە لایەنەیە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان.

بەڕێوەبەر بەرپرسە لە پیادەکردنی ڕۆژەڤی بەرەنگاریی چەپاندن بۆ هاوکاران، فێرخوازان و خێزان بە شێوەی بەردەوام. هەبوونی ستراتێژی باش گۆڕینەوەی زانیاریە لە نێوان گرووپەکان. بۆ نموونە بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری ئەنجومەنی فێرخوازان زانیاری دەربارەی کاری ئەنجومەن دەدەن بە هاوکارانی دیکەی ئەم بوارە لە فێرگە. دەکرێت فێرگە شوێنێکی گشتی وەک ژووری پشووی هاوکارانی هەبێت بۆ هەڵواسینی زانیاری دەربارەی سێمینار، کۆبوونەوە، تۆژینەوەی فێرخوازان، و هتد... سەرەڕای پێدانی زانیاری خێرا. بەڕێوەبەری فێرگە دەتوانێت ئەم زانیاریانە پێکەوە پەیوەست بدات بە زانیاری گشتی و لە کاتی ئاخاوتن بۆ هاوکارانی فێرگە و گرووپەکانی دیکەی ڕابگەیێنێت.

پرینسیپێکی گرینگ و سەرەکی پێدانی زانیاری بە بەشەکانی ناوخۆ، هاوکاران و پاشان دەرەوەیە. خێزان گرووپێکی زۆر تایبەتی ئەم بوارەن و دەبێت لە بەهاردا زانیاریان دەربارەی بەرەنگاریی چەپاندنەوە پێبدرێت. ئەم زانیاریە دەکرێت هاوکات لەگەڵ خوازنامەی فێرگە دەربارەی بەشداربوون یان نەبوونی منداڵ لە تۆژینەوەی فێرخوازان، بە خێزان بدرێت. کاتێکی گرینگتر بۆ پێدانی زانیاری بە خێزان دوای تەواوبوونی تۆژینەوە و ڕاگەیاندنی ئاکامەکەیەتی. دەکرێت لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی خێزان زانیاری دەربارەی شێوازی بەرەنگاربوونەوە و ئاکامی تۆژینەوە و کاریگەریی چارەسەرەکان بە نووسراوە بۆ هەموو لایەنەکان بنێردرێت. فێرگە دەکرێت ماوە ماوە زانیاری پوخت دەربارەی هەموو بابەتەکانی بەرەنگاریی چەپاندن بۆ خێزان بنێرێت. ئەم کارە سەنگی پرۆگرامەکە پێشان دەدات.

بێگومان مێدیا ویستی زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی مێتود و شێوازی بەرەنگاریی چەپاندن. بۆ پێدانی زانیاری پوخت و سیستماتیک پێویستە بە پارێزەوە بابەتەکان بخەینە ڕوو. بە داڕشتنی قەبارەیەک زانیاری دروست و سەرنجڕاکێش دەربارەی بابەتەکە مێدیا بانگهێشت دەکرێت، بەم شێوەیە کاریگەریی نایەتی مێدیا بە پێچەوانەوە دەبێتە وزە بۆ ڕێنماکە. ڕۆڵی مێدیا دەتوانێت ببێتە هۆی سەرنج و بەشداری کەسانی دەرەوەی فێرگە بە بەردەوامی.

## پلانی کار

ئەم پلانە گرینگترین دۆکیومێنتە (بەڵگەیە) بۆ ڕێکخستنی کار و مێتودەکان بەپێ ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندن لە ماوەی جێبەجێکردن و یارمەتی وەرگرتنی لە دەرەوەی فێرگە (پسپۆڕی فێرکاری) و بەردەوامبوونیشی لە داهاتوودا. ئەرکی گرووپی هاوکاران داڕشتنی پلانی کاری بەرەنگاربوونەوەیە، ئەنجومەن پێویستە ئەم پلانە لەگەڵ پلانی خوێندی ساڵانەی فێرگە ڕێک بخات، بگونجێنت و بیکاتە دۆکیۆمنتێکی کاری فێرگە. مەبەست لێرەدا پێکهێنانی ناوەڕۆکی سیستەمێکە و هاوئاهەنگکردنییەتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی گرووپەکان لە فێرگەدا بە شێوەیەک هەموو بتوانن پلانی کار بکەنە پلاتفۆرمێک بۆ کارەکان لە ماوەی ساڵی خوێندندا. بۆ ساڵانی دواتریش پلانی کاری لەم شێوەیە ڕۆتینی باش دەچەسپێنێت و فراژووتنێکیش لە هەموو بوارەکاندا بەدی دێنێت.

بەشی شەشەم

## میتود و چارەسەر بۆ ئاستی پۆل

### میکانیزمی دەستپێک لە پۆلدا

شائامانجی هەموو فێرگەیەک دەکرێ بریتی بێت لە: ڕاهێنانی بەردەوامی فێرخواز بۆ هەڵگرتنی بەرپرسایەتیی خۆی و هەڤاڵان. ئەم ڕاهێنانە کاتێک جێ دەگرێت مامۆستا لە یەکەم دەستپێکی چالاکیی ناو پۆلدا ئاماژە بە پرینسیپ و ڕێساکان بکات و بەکاریان بهێنێت. ئەمجا وردە وردە بەپێ پێشمەرج و ئامادەیی فێرخوازان بەرپرسایەتی بە تاک و گرووپ بسپێرێت.

یەکەم کاژێر و یەکەم ڕۆژی فێرگە لە پاییزدا بۆ ئەم بابەتە زۆر گرینگە. ئەو کاتەیە، مامۆستا دەرفەتی هەیە بتوانێت ماکی بەڕێوەبردنی باش لە پۆلدا بچەسپێنێت و هەر ئەم ڕەوتەیە دواتریش گەشە دەکات و دەبێتە نموونە. دەستپێکی ڕێکوپێک زۆر گرینگە بۆ پێشگرتن لە چەپاندنیش.

یەکێک لە ستانداردەکانی ئەم ڕێنمایە بۆ پۆلەکانی 2-10 پێدانی یەک کاژێرە بەلانیکەمەوە بە مامۆستای پۆل لە یەکەم ڕۆژی فێرگەدا. مامۆستا بە ڕاوێستان لە پەنای دەرگای پۆل و بەخێرهێنانی هەموو تاکێک و تەوقەکردن لەگەڵیان شوێنی فێرخواز کە ناوی خۆی بە پارچە کاخەزێک لێ نووسراوە، پێشان دەدات. سەرەتا، فێرخوازان نابێت بە گرووپ دابنیشن.

پاشان مامۆستا خۆی و ئەو وانەیەی دەیڵێتەوە لە یەکەم کاژێردا بە پۆل دەناسێنیت. بۆ ڕاگرتنی سەنگی پۆل و سەرنجی فێرخوازان، نابێ مامۆستا بابەت و وانەی دیکە لەم کاژێرەی یەکەمدا بناسێنێت.

ئەوجا بە شێوەیەکی سیستەماتیک وانە دەست پێدەکات. زۆر گرینگە مامۆستا ئامادەکاری تەواوی بۆ وانە، چارەسەر و چالاکیەکان کردبێت. مامۆستا دەبێت پێش تەواوبوونی کاتەکەی خۆی ئەنجامگیری بابەتەکەی بکات، دەنا ناڕوونی و نائارامی لە پۆلدا دروست دەبێت. پاشان فێرخوازان بە ئارامی پۆلەکە بەجێ دەهێڵن.

تەواوی ڕۆژ دەبێت بەپێ ئەم شێواز و دەستوورە بڕوات، گەر پۆل پتر لە یەک مامۆستای هەبوو، دەبێت ئەوان (مامۆستایان) پێشتر لە سەر ئەم ڕەوتە ڕێک بکەون. هەر مامۆستایەک بەرپرس بوو لە دوا وانەی ڕۆژ، دەکرێت لەگەڵ فێرخوازان ئەنجامگیری هەموو ڕۆژەکە بکات و ئاگاداریان بکاتەوە کە مامۆستایانی دیکە زانیاریان دەربارەی ڕۆژەکە پێداوە. مامۆستا نابێت دوودڵ بێت لە باسکردنی کەماسیی (کەموکورتی) بابەتێک، بەڵام پێویستە شاپەیامی ئایەتی بێت.

کاتێک، پاش چەند هەفتە، هەست دەکات پۆل ئامادەی وەرگرتنی بەرپرسایەتیە، دەتوانێت پلە بە پلە چالاکیەک یان ئەرکێک دەستنیشان بکات کە فێرخوازان بە گرووپ و تاک بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ، بۆ نموونە پلانی کار، ئەنجامدانی پرۆژە بە گرووپ و هتد... مامۆستایانی پۆل دەکرێت هاوئاهەنگ ئەم شێوازی بەرپرسایەتی پێدانە بەرفرەوان بکەن. بابەتەکان باشترین ئامرازن بۆ گفتوگۆی دیاردەی چەپاندن. دیاریکردنی ساختاری گرووپ دەبێت لەگەڵ بابەتی گرووپدا بگونجێت، دەنا سەرکەوتوو نابێت. زۆرگرینگە ڕۆتینە سەرەتاییەکان دەربارەی میکانیزمی کار وەک، کاتی دەستپێک، تەواوبوون و قەبارەی کار بە درێژایی ماوەی ساڵی خوێندن ڕێزی بگیرێت.

**مامۆستای سالار**

بەڕێوەبردنی باشی پۆل خاڵێکی سەرەکییە بۆ بەرەنگاریی چەپاندن و دوو مەبەستی گرینگ لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم: باش بەڕێوەبردنی پۆل کاریگەریەکی باشی هەیە لە پێشگرتن بە چەپاندن. دووەم مامۆستای باش و سالار Authoritative دەبێتە جێمتمانەی فێرخوازان و زۆر ئاسانتر دەتوانێت بە دیاردەی چەپاندن بزانێت و پێشی پێبگرێت.

لە ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندندا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە کاریگەریی باشی لایەنی فێرکاری و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی مامۆستا. پرینسیپەکانی سالاربوونی مامۆستا پەیوەستە بە پەرۆشیی ئەو بۆ فێرخوازان و جەختکردنەوە لە پرۆسەی فێربوون و ئەنجامەکەی. واتا مامۆستا دەبێت خۆی وەک بەڕێوەبەر و ڕێبەری فەرمی پۆل بخەملێنێت و مافی دوابڕیار بۆ خۆی بێت. سالاریی مامۆستا دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە و باوەڕ لای فێرخوازان.

هەر وەک پێشتریش باسمان کرد ئەم ڕەوتە نابێت لەگەڵ کەسایەتیی خۆسەپێندا تێکەڵ بکرێت: مرۆڤی خۆسەپێن و ملهوڕ کەسێکە ویستی خۆی بە زۆر بەسەر فێرخوازاندا دەسەپێنێ، کەسێکی ترسهێنەرە، جێی متمانە نییە لای فێرخوازان.

لە پۆلێکی باشدا هەموو پەیوەندیەکان دۆستانەن، ڕۆتین و نۆرمەکان ڕوون و ئایەتین. سالاریی مامۆستا یاریدەری ئەم ئامانجەیە.

**پشتیوانی**

مامۆستای سالار بایەخی زۆر دەدات بە پشتیوانیی جڤاکی هەموو فێرخوازان. واتا مامۆستا چاودێر و پەرۆشی هەموو تاکێکی فێرخوازە، ویڕای جیاوازیی توانا، خولیا و خەسڵەتیان. فێرخواز دەبێت هەست بە ژینگەی ئایەتیی پۆل و پەرۆشیی مامۆستا بەرانبەر بە خۆی بکات و بزانێت مامۆستا خەم و شادی ئەو بەهەند وەردەگرێت. ئەم بەهەند وەرگرتنە سەرنجی فێرخواز ڕادەکیشێت و متمانەی پێدەبەخشێت. مامۆستای سالار ڕێزی خۆی پیشانی فێرخواز دەدات، تەنانەت کاتی ڕاستکردنەوەی هەڵەش.

مامۆستای زیرەک دەزانێت هەموو جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ فێرخوازاندا گرینگە و سەنگی خۆی هەیە. مامۆستا دەزانێت زۆربەی ئەم پەیوەندیانە لەپڕ پێک دێت و ئەو کات دەبێت دەرفەت لە کیس نەدات بۆ جێگیرکردنی پەیوەندی باش. سەرەڕای ئەمەش مامۆستای زیرەک بە بەرنامە دەستپێشخەری دەکات، بۆ نموونە ئاماژە بە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی فێرخوازان دەکات.

پێداهەڵدان وزەبەخشە. هەموو فێرخوازان، کاتێک بەپێی ستاندارد و ڕێسا ڕەفتار دەکەن، دەبێت خەڵاتی زارەکی بکرێن. ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندن ئەم بوارە زۆر بەرز دەنرخێنێت. فێرخواز لە پۆلدا بێت یان نا، مامۆستای سالار بە ڕێزەوە ناوی دێنێت. ئەم ڕەوتە لای هەڤاڵان، هاوکاران و خێزانیش دەبێت هەروا بێت.

وەک ڕەوت لە ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندندا دەکرێت هەر فێرخوازێک توانای نووسینی هەیە، دەفتەری یادداشتی هەبێت. لەم دەفتەرەدا ئارەزوو و داواکاری خۆی لە مامۆستا دەخوازێت، مامۆستاش تێبینی خۆی دەنووسێت و دیڤچوون بۆ پەیامی گرینگ دەکات.

## پشتیوانی فێرکاری و ڕێکخستن

فێرگەی باش گشت سوودێکی فێرکاری ڕەچاو دەگرن و ئەم ڕەچاوگرتنەش ئاکامی جڤاکی باشی لێدەزێت. مامۆستای سالار ڕێسا و ڕێتمای ڕوون بۆ کارکردن لە پۆلدا دادەڕێژن، ئەمە دەبێتە هۆی یەکنەوازی پێشوەچوونی ئەرک لای فێرخوازان. مامۆستای زیرەک پێش وانە خۆ تەیار دەکات و فێرخوازیش ناچار دەبێت پەیڕەوی پلان بێت. وانەکان لە کاتی خۆیدا دەستپێدەکات و سەرنجی فێرخوازان ڕادەکێشێت. فێرخوازان دەزانن چ داواکارییەک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و چۆن دەبێت ئەرکیان ئەنجام بدەن. وانەکان نابێت بە شێوەیەکی بێ کۆنترۆڵ تەواو بن، بەپێچەوانەوە دەبێت زۆر ئارام و ڕێکوپێک کۆتا بن. ڕێکخستنی پۆل یان گرووپ دەبێت باش بێت و مامۆستاش سەرچاوەیەکی فێرکاریی ڕوون بێت بۆ فێرخوازانی.

## کۆنترۆڵکردن

مامۆستای سالار داواکاری لە فێرخوازان دیارە، ئەمە خۆی نیشانەی هاندانی ئەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرک، چاودێری پرۆسە و ئاکامی فێرکاری دەکات و بەپێی پێویست تێبینی دەداتەوە فێرخواز.

فێرخوازان دەزانن مامۆستا ڕەفتاریانی خستوەتە ژێر چاودێری و دەتوانێت هەر کات بیهەویت نائارامی و ژاوەژاوی ناو پۆل دابمرکێنێت. مامۆستای سالار زۆربەی جار ڕووی دەمی لە تاکی فێرخوازانە، نەک هەموو فێرخوازان بە جارێک. مامۆستا پەیامی ئاشکرا و ڕوونە دەربارەی هەر کەماسییەک. ئەم پەیامانە زۆر جار تەنیا بە نیگا یان ئاماژەیەک ئاراستەی فێرخواز دەکرێن. پەیامەکە گورج و کورتە هەتا ڕەوتی کاری پۆل تێک نەدات. پەیامەکە هەم ڕوونە بۆ فێرخواز و هەم ڕێزیشی دەگرێت.

## ژینگەی پۆل

مامۆستای سالار ڕاستەوخۆ یارمەتی کەمکردنەوەی چەپاندن و ناڕاستەوخۆ ژینگەی پۆل باشتر دەکات. کاریگەریی (ناڕاستەوخۆ) بریتیە لە بەشداربوونی پۆل لە چالاکی فێرگە و کاتی پشووگرتن لە گۆڕەپانی فێرگە و فرەوانبوونی ئەم ژینگە باشەی پۆل لە شوێنەکانی دیکە.

پەیوەندی نێوان فێرخوازان لایەنێکی گرینگی ئەم ژینگەیە، کاتێک مامۆستا پەیوەندی باشی لەگەڵ هەموو تاکی فێرخواز هەبوو دەبێتە هاندەرێک بۆ دروستبوونی هەمان ڕەوت لە نێوان فێرخوازاندا. ڕێکخستنی چاک و یارمەتی فێرکاریش هۆکاری دیکەن بۆ باشبوونی ژینگەی پۆل. کاتێک فێرخوازان هەست بە توانا، هاوئاهەنگی و هاوکاری لە کاردا دەکەن، پتر هۆگری یەکدی دەبن و چێژی باشتر لە ڕاهێنان وەردەگرن. هاوکات پەیوەندی نێوانیان ئارامتر دەبێت و واز لە پێشبڕکێ خۆ دەرخستن دێنن. خاڵێکی لە هەموان گرینگترە: پەیوەندی نێوان فێرخواز و مامۆستا ناکەوێتە ژێر کاریگەریی نایەتیەوە - دەنگەدەنگ و بۆڵەبۆڵ و وەڵامی نارێک. ڕۆتینی دیار و چاک پێشمەرجی ژینگەی باشی کار و کەشی دۆستانەی لێ دەزێت کە هەم  مامۆستا هەم فێرخواز سوودی لێ دەبینن. هاوکات توانای کۆنترۆڵ و زاڵبوونی مامۆستا کاریگەر دەبێت لە باشتربوونی ژینگەی پۆل. کاتێک فێرخواز هەست دەکات مامۆستا لە پۆلدا سالارە، ئاسوودە دەبێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی نۆرم و ستانداردی فێرگە.

پەیوەندیی نێوان فێرخوازان، شێوازی چێژ وەرگرتنیان لە توانای فێرکاری و نۆرمەکانی جڤات ئامرازی سەرەکین بۆ پێکهێنانی ژینگەیەکی باش لە پۆل و بێگومان ڕۆڵی مامۆستای سالار دەتوانێت ئەم ڕەوتە پەرە پێبدات.

کرداری چەپێنەر دژ بە چەپێنراوان وزەیەکی نایەتیە. بەرەنگاری و دڵەڕاوکێی کەسی چەپێنراو بەرتەکە (کاردانەوەیە)، بەڵام بە زۆری ئەم بەرتەکە لاوازە. وزەی سێیەم فێرخوازانی دیکەن و ئەم وزەیە زۆر گرینگە. وزەی سێیەم دەتوانێت بە شێوەی نایەتی دژی چەپێنراوان لە پۆلدا بەکار بێت و ژینگەیەکی نایەتی لە پۆلدا پێک بێنێت.

لەو پۆلانەی ڕێنمایەکانی مامۆستا پەیڕەو دەکرێت ژینگەی باش دەچەسپێت و وزەی سێیەم دەتوانێت ببێتە وزەیەکی بەهێزی پاراستن بۆ کەسانی چەپێنراو یان بەرچەپێن (ئەوانەی دەکەونە سنووری چەپاندنەوە).

بە ڕێژەیەکی زۆر لەو پۆلانەی ژینگەی باش باوە فێرخوازانی «بێلایەن» دەستپێشخەر دەبن لە داڵدەی کەسانی چەپێنراو یان بەرچەپێن. لەگەڵ ئەمەشدا فێرخوازانی بێلایەن دەتوانن سنوورێک دابنێن بۆ چەپێنەر. هەروەها ڕێبەرایەتیی سالار و ژینگەی باش دەرفەتی باش دەدات بە مامۆستا بەگشتی بۆ سەلماندنی مەبەستی خۆی لای فێرخوازانی بێلایەن و دەبێتە هاندەرێک بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی نافەرمیی هەڤاڵ - بەتایبەتی گەر دیاردەی چەپاندیان بەرچاو کەوێت. گەر تەماشاچیان هەڵوێست پێشان بدەن کاریگەریی زۆر دەبێت.

### پێشگرتن لە چەپاندن

لە زۆربەی پلانی کاری دژی چەپاندندا، مێتودی پێشگرتن زۆر گرینگی پێدەدرێت. کۆبوونەوەی پۆل، کەمپین، (ڕۆژانە یان هەفتانەی تایبەت بە دژی چەپاندن) نووسراوە، دروشم و ڕێنوێنی دەتوانێت ببێتە هێز بەفیڕۆدان، گەر ئەو نۆرمانەی داڕێژراون لەگەڵ کۆی ستانداردی دانراو بۆ ڕەفتاری ڕۆژانەی فێرخواز یەکنەگرنەوە. ئێمە دیسان پێگیرین لەوەی هەوڵی ڕۆژانە و تێکۆشانی درێژمەودا خۆی لە خۆیدا گرینگە و ستانداردی لەم بابەتە باشترین بنەمایە بۆ وروژاندن و لێکدانەوەی پرسیار بەتایبەتی دەربارەی چەپاندن. ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندن پشتڕاستە بەم جۆرە ئامراز و مێتودانەی پێشگرتن لە چەپاندن.

فێرگەی بەشدار لە پرۆگرامی بەرەنگاریی چەپاندندا دەبێت بابەتی چەپاندن لە پۆلدا بە شێوەی بەردەوام بخاتە بەرباس. پێویست ناکات کاتێکی زۆر بەکاربهێنین، بەڵام فێرخوازان دەبێت بزانن مامۆستاکانیان هەفتانە بابەتی چەپاندن دەوروژێنن. ئەم باسە دەکرێت کاتێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، وەک بەشێک لە بابەت و کاری ڕۆژانەی پۆل یان پەیوەند بدرێت بە بابەتی خوێندنەوە. بۆ وردەکاریی بنواڕە بڕگەی یەکڕەوتی.

### چارەسەری خۆڕسک

لە دۆخی ئاسایی فێرکاریدا زۆرجار دەرفەت هەڵدەکەوێت بۆ پێشگرتن بە چەپاندن، بابەتی خوێندن، یان سەرهەڵدانی ڕووداوی جڤاکی، خۆی دەتوانێت دەروازەیەک بێت بۆ بانگهێشتی مامۆستای وریا. بێگومان کەس نابێت فێرخوازان بە وتار و ڕوونکردنەوەی لەم بابەتە بێزار بکات. مەرج لێرەدا ئاگادارکردنەوەی فێرخوازە لە چەپاندن و پەیڕەویکردنە لە ستانداردی ئایەتی کە مامۆستا پەرۆشیەتی. بەم شێوە مامۆستا کەڵک لە ڕووداو و بابەتی خوێندن وەردەگرێت و نێوەرۆکی ستانداردی فێرگە پێشان دەدات.

**میتودی تێکبەستراو**

لێرەدا مەبەستمان پەیوەندیی پلانرێژکراوە دەربارەی چەپاندن کە گرێدراوە بە بابەتی خوێندن و چالاکی ڕۆژانەوە. بۆ نموونە تێکستێک لە وانەی زمانی کوردیدا ڕاستەوخۆ یان (ناڕاستەوخۆ) باسی چەپاندن دەکات. تێکستگەلێک دەربارەی ڕەوشت و ڕەفتار لە وانەی ئاییندا زۆر لەبارن. ئەوجا دەرفەتی دیکەش هەیە، وەک فیلم، ڤیدیو و هتد... هەیە.

دەکرێت فێرخوازان هان بدرێن بۆ نووسینی تێکست دەرب ارەی چەپاندن و ئامرازەکانی پەیوەست بەم دیاردەیە. ئەزموون پێشانی داوە نووسینەکە خۆی لە خۆیدا دەبێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ دەرک و ئاگاداربوونەوەی نووسەر لە بابەتی نووسین. پاشان دەرفەت بۆ مامۆستا دەگونجێت بۆ دەربڕینی سەرنج و تێبینی لە پەراوێز یان کۆتایی تێکستەکەدا و کاریگەریی پتری لە سەر دادەنێت. دەرفەتێکی دیکە ڕێکەوتنە لەگەڵ فێرخواز و خوێندنەوەی بابەتەکەی بۆ پۆلەکە، گەر فێرخواز پێخۆش بێت دەکرێت خۆی تێکستەکە بخوێنێتەوە. هەر دوو شێواز فێرخواز دەبەستێتەوە بەو بابەتەی نووسیویە و دەتوانێت کاریگەریش لە سەر ئەوانی دیکە دابنێت. گرینگە پێش هەڵبژاردنی فێرخواز بە وردی بیری لێبکەینەوە کێ باشە بۆ ئەم کارە.

میتودەکانی سەرەوە دەکرێت پێکەوە پەیوەست بدرێت. مامۆستا دەتوانێت بە تێکست، فیلم یان ئامرازی دیکە... فێرخوازان هان بدات بۆ نووسینی تێکست بە تاک یان بەگرووپ، پاشان دەکرێت بۆ پۆلەکە بخوێندرێتەوە. دەتوانرێت هەمان شێوازی پێشتر یان بە شێوەی دراما و ڕۆڵگێڕان بەکار بێت.

**«کۆتای هەفتە»**

لە سیستەمی دەروونناسیدا پتر گرینگی دەدرێت بە کاریگەریی ئایەتی کۆتای کاری تاک یان گرووپ. بەتایبەتی ئەم کاریگەریە کاتێک باش دەبێت کە ڕێبەری فەرمی گرووپ بونیادنەر و چالاک بێت. هەر بۆیە لە پرۆگرامی بەرەنگاریی چەپاندندا ڕۆتینێک هەیە کە مامۆستا تێیدا، دوا کاژێری هەفتە لەگەڵ فێرخوازان بۆ بابەتێکی ئایەتی تەرخان دەکات نێزیکەی 10-15 خولەک دەخایەنێت، بە ناوی «کۆتای هەفتە» و بەو بەرنامەیە ماڵاوایی لە فێرخوازان دەکات.

خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە فێرخوازان بزانن ئەم نەریتە هەموو هەفتەیەک دووبارە دەبێتەوە و ئاماژە بە چەپاندنیش دەکرێت. هاوکات گرینگە مامۆستای پۆل هەر بە بابەتی چەپاندن هزری فێرخواز داگیر نەکات بەڵکوو بیبەستێت بە بابەتی گەورەترەوە. دەکرێت یەک خولەک پتری پێوە خەریک نەبێت و جاری دیکەش دەتوانیت بچێتە قووڵایی باسەکەوە. مامۆستا دەتوانێت ڕوانگەی خۆی دەربارەی چەپاندن بۆ پۆلەکە بخاتە ڕوو. بۆ نموونە: «من ئەم هەفتەیە نەمبیستوە و نەمبینیوە کەسێک ئازار درابێت، چەپێندرابێت، تەنانەت مامۆستایانی دیکەش تێبینیان نەکردوە». هەمیشە لە کۆتاییدا پرسیار بکە بزانە کەسێک شتێکی هەیە بۆ باسکردن. گەر هەبوو یا ئەوکات یا دواتر بەدوایدا بچۆ و لێیبکۆڵەوە.

پێشەکیی باش بۆ ئەم سەرنج دانە بە بابەتی چەپاندن، ئەنجامگیری کۆتای کاری هەفتەیە، هێندێک ستایشی فێرخوازان یان پۆلەکە بکە، وەک ئافەرین و دەستخۆشی. دەکرێت کۆتای باسکەش بە بابەتێکی دیکە تەواو ببێت.

## گفتوگۆی فێرخواز

ئامرازێکی گرینگ لە پرۆگرامی بەرەنگاریی چەپاندندا، گفتوگۆیەکی وردی مامۆستایە لەگەڵ هەموو تاکێکی فێرخواز ماوەیەکی کورت پاش دەستپێکی فێرگە. ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاڕاستەی فێرخواز دەکرێت و خێزان دەبێت ئاگاداری نێوەڕۆکی گفتوگۆکە بن، دواتر بڕوانە بڕگەی کۆبوونەوی خێزان:

- ئەرکی فێرگەت چۆنە؟
- خۆشت لێدەگوزەرێت لە فێرگە؟
- کەس هەیە ئازارت بدات و بتچەپێنێ؟
- تۆ فێرخوازێک دەناسی بە چەپاندنەوە گلابێت؟
- بۆ خۆت ئازاری فێرخوازی دیکە دەدەیت؟

کاریگەریی زۆر دەبێت کاتێک مامۆستا پرسیارەکانی لە لاپەڕیەکدا لە پێش خۆی داناوە و ناوەناوە یاداشت هەڵدەگرێت، پاشان مامۆستا و فێرخواز لاپەڕەکە واژوو دەکەن و مامۆستا لە پێش چاوی فێرخواز دەیخاتە بەرگێکەوە و هەڵیدەگرێت.

بەپێ پرسیارەکانی مامۆستا دەربارەی چەپاندن، فێرخواز تێدەگات مامۆستا ئاگاداری بابەتە و فێرخوازانیش لە نێو خۆیاندا باسی دەکەن. هەر ئەمە کاریگەریی پێشگرتنی زۆرە. گەر فێرخواز زانیاری دەرباری چەپاندن بدات، دەبێت مامۆستا بیسەلمێنێت و دەستخۆشی لێبکات بۆ کراوەیی دەربارەی بابەتەکە. پاشان دەبێت خێرا دیڤچوونی بۆ بکرێت.

گفتوگۆی فێرخواز دیسان جارێکی دیکە لە مانگی سێ و چوار دووپات دەبێتەوە.

## پرینسیپەکان

ئامرازی چارەسەرکردنی چەپاندن دەتوانێت کاریگەریەکی باشی هەبێت، گەر فێرگە پرینسیپەکانی بچەسپێنێت. پێش هەموو شتێک دەبێت مامۆستایان هاوکارییەکی باشی یەکدی بکەن لە گۆڕەپانی فێرگە، لە پۆل و دەربارەی ستانداردی گشتی فێرگە کە مەرجی سەرەکییە بۆ جێگرکردنی ئامرازی چارەسەرەکانی چەپاندن. دواتر دەبێت چەمکی باسکردن دەربارەی چەپاندن خۆڕسک بێت و ببێتە بەشێکی ئاسایی پرۆسەی خوێندن و فێرکاری.

پاشان دێینە سەر: کاتە دیاریکراوەکان، گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازان، «کۆتای هەفتە» ئەو ئامرازانەن کە ڕۆتین بۆ تەواوی ماوەی ساڵی خوێندن دیاری دەکەن.

تێکبەستنەوەی ئەم ئامرازانە ئاسوودەیی بە فێرخوازان دەدات و دەبێتە فەرهەنگ بۆ فێرگە. هەتا ئێستا نەسەلمێنراوە هەفتەی کەمپین و ئامرازی لەم بابەتە بە تەنیا کاریگەریی دەبێت.

**کۆبوونەوەی خێزانی پۆل**

مامۆستا دەبێت کۆبوونەوەی خێزان بۆ پۆلی 1 و 8 ی ساڵی داهاتوو لە کۆتای ئەمساڵی خوێندندا بگرێت (پۆلی یەک لەبەر قۆناخی دەستپێکە لە فێرگە و پۆلی هەشت لەبەر قۆناخی سەرەتای لاویە). گرتنی کۆبوونەوەی خێزان پێش دەستپێکی فێرگە دەرفەتی چاک دەدات بە مامۆستا بۆ دانانی کاریگەریی ئایەتی و ستاندارديکی باش. زۆر گرینگە مامۆستا بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە دیداریان لەگەڵ بکات و سوودی زۆر دەبێت گەر بزانێت کێن و منداڵەکەیان کێیە.

کۆبوونەوەی پۆلەکانی دیکە چەند هەفتە دوای دەستپێکی فێرگە و پێش گفتوگۆی فێرخواز و مامۆستا لە پاییزدا دەست پێدەکات.

دەکرێت باوک و دایکان لە گرووپی 4-6 کەسی لە سەر مێزێک دانیشن. کۆبوونەوە بە خۆ ناساندنی بەشداربوان دەست پێدەکات، سەرەتا مامۆستای پۆل بە شێوەیەکی کورت و پوختە باسی پلانی چەند هەفتەی سەرەتا دەکات و ئاماژە بە پرینسیپە گشتییەکانی فێرگە و گرینگیان دەدات. پێویستە لێرەشدا باسی دەسکەوتی فێرخوازان لە خوێندن، ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیان لە ژینگەی فێرگە بکرێت.

پاشان ڕێنمای بەرەنگاریی چەپاندن پێشکەش دەکرێت، مامۆستا لێرەدا ئاماژە بە تۆژینەوەی فێرخوازان دەکات کە بەهاری ڕابوردو ئەنجامدرا و ڕادەگەینێت هەر کاتێک ئەنجامەکەی ئامادە کرا دەخرێتە بەردەستیان. دواتر دەکرێت فیلمێک دەربارەی چەپاندن پێشان بدرێت.

ئەوجا مامۆستا بە وردی باسی چەپاندن و ڕێژەکەی لە جڤاتدا دەکات و پرینسیپە سەرەکییەکانی پرۆگرامەکە بۆ بەشداربوان ڕوون دەکاتەوە. چاک وایە سەرەتا گرینگی بدرێت بە ئامرازی پێشگرتن دواتر باسی گفتوگۆی نێوان فێرخواز و مامۆستا بە نێوەرۆکەوە بکرێت. هاوکات دەتوانرێت زانیاری دەربارەی چۆنیەتی هەوڵی فێرگە لەگەڵ دیاردەی چەپاندن بەپێ ڕێنمای مامۆستا بە خێزان بدرێت.

ئێستا کاتی پشوودان و خواردنەوی چا و قاوە هاتوە، بێگومان لەم کاتەدا باوک و دایکان باسی مێتود و چارەسەرەکانی پەرتووکی بەرەنگاریی چەپاندن دەکەن. بۆیە پێویستە بە ئاڕاستەی چەند پرسیارێک و گفتوگۆکردنی لە نێو گرووپدا سوود لەم دەرفەتە وەربگرین. گرووپەکان پاش گفتوگۆ و ڕێکەوتن لە سەر چۆنیەتی وەڵامەکان یەک ئاخێوەر دەستنیشان دەکەن بۆ وەڵامدانەوە، ئەمجا مامۆستا داوای وەڵامی گرووپەکان دەکات دەربارەی ئەم سێ پرسیارەی خوارەوە.

- دەکرێت فێرخواز هەر شتێک دەربارەی چەپاندن بزانێت بۆ خێزان و مامۆستای باس بکات؟
- چۆن لەماڵەوە باسی چەپاندن لەگەڵ منداڵەکانمان بکەین؟
- ئێمەی خێزان چۆن دەتوانین هاوکاری یەکدی بین گەر منداڵەکانمان بە چەپاندنەوە گلان؟

مامۆستا داوا لە ئاخێوەری گرووپەکان دەکات هەر یەک بە نۆرە دیدی گرووپەکەیان پێشکەش بکەن. دواتر مامۆستا بە کورتی باسی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی فێرگە دەکات، گەر چەپاندن تێیدا ڕووبدات. سەرەڕای ئەمەش مامۆستا بەشداربوان هان دەدات بۆ پێدانی زانیاری دەربارەی نێوەرۆکی کۆبوونەوەکە و ئەو بڕیارانەی لەوێ دەرچوون بە منداڵەکانیان بدەن.

کۆبوونەوە بە ئاخاوتنی مامۆستا دەربارەی دیقچوونی بابەتەکە لە ڕێگەی گفتوگۆی دووقۆڵی و کۆبوونەوەی پۆل بەردەوام دەبێت. مامۆستا ئەرکی نووسینەوەی ڕاپۆرتی کۆبوونەوە دەگرێتە ئەستۆ و پاشان بۆ هەموو خێزانی دەنێرێت. زۆر گرینگ دەبێت مامۆستا بە ئاشکرا پەرۆشی خۆی بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەپاندن پیشان بدات.

ڕۆژی دواتر مامۆستا هەموو فێرخوازان لە نێوەرۆک و ئەنجامی کۆبوونەوەی خێزانی پۆل ئاگادار دەکاتەوە.

لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی خێزانی پۆلدا دەبێت بابەتی چەپاندن هەمیشە لە ڕۆژەڤی کۆبوونەوەدا بێت، بەڵام با یەکێک لە چەند بابەت بێت. هاوکات زۆر پێویستە سەنگێکی زۆر بە بابەتەکە بدرێت، بەڵام با بە شێوەیەکی سروشتی تێکەڵ بە بابەتێکی گەورەتر بکرێت. «خێزانی پۆل» (دوو نوێنەری خێزانن کە دڵخواز بەرپرسایەتی پەیوەندی نێوان خێزان و پۆل دەگرنە ئەستۆ) بە گشتی هێندێک بەرپرسایەتیان لە نێوەرۆکی کۆبوونەوەکان پێدەدرێت و دەکرێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە چەسپاندنی ڕۆتینەکان لە نێوان فێرگە و خێزاندا بگێڕن.

**کۆبوونەوەی دووقۆڵی**

مامۆستا دەبێت وەک ڕۆتین باسی چەپاندن لە هەموو کۆبوونەوە دووقۆڵیەکانی نێوان خۆی و خێزاندا بکات. ئەمە نیشانەیەکی گرینگە کە پێشان دەدات مامۆستا و فێرگە پەرۆشی ئەم بابەتەن، هەروەها دەرفەتیش دەدات بە خێزان بۆ باسکردنی هێندێک کێشە کە پێشتر باسکردنی سەخت بووە بۆیان.

گەر خێزان هەست بکەن ڕووداوی چەپاندن هەیە، دەبێت مامۆستا کێشەکە بەهەند بگرێت و بێ دواخستن لێکۆڵینەوەی بۆ بکات. مامۆستا دەتوانێت گوێ بگرێت لەو زانیاریەی خێزان دەیدەن و پرسیاری ڕوونکەرەوەش ئاڕاستەیان بکات. مامۆستا نابێت هیچ جۆرە زانیاری و هەڵسەنگاندنێک دەربارەی فێرخواز یان خێزانێکی دیکە بە لایەنی گفتوگۆ بدات.

گفتوگۆ دەربارەی چارەسەرەی نەهێشتنی چەپاندنە و بەپێی هەمان پرینسیپ دەڕوات کە لە پۆل و لە کۆبوونەوەی خێزانی پۆل ڕەچاو دەگیرێت. بابەتەکە هەمیشە باس دەکرێت، بەڵام لە چێوەیەکی بەرفرەوانتردا. هەر بۆیە دەبێت کۆبوونەوە دووقۆڵیەکان بەشێوەیەکی سروشتی و سەرەکی باسی بابەتگەلێکی دیکەش بکات. یەکەمین کۆبوونەوەی دووقۆڵی نێوان خێزان و مامۆستا دەکرێت لە سەرەتای پاییزدا بێت. بۆ خێزان گرینگ دەبێت گەر بڵێین دیاردەی چەپاندن لە کۆبوونەی داهاتووشدا باس دەکرێت. فێرخواز دەتوانیت بەشدار بێت لە کۆبوونەوەدا، هەروەها دەکرێت تەنیا بۆ گفتوگۆی نێوان گەورەکان بێت.

بەشی هەفتەم

**چارەسەرکردنی کێشە**

چەپاندن ململانێ نێوان دوو کەس یا دوو گرووپ نییە، چەپاندن دەستدرێژییە. هەر بۆیە نابێت ڕووداوی چەپاندن بە ناوبژی و پێکهێنان چارە بکرێت. زۆر گرینگە بۆ ئەو کەسەی بەرەنگاری چەپاندن دەبێتەوە ڕێزی هەبێت لای هەر دوو لایەن. لەم ڕێنمایەدا پێداگری دەکرێت لەسەر ئەوەی مامۆستا کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام لە دۆخی ئاڵۆزدا دەکرێت تاکێکی ئەنجومەن بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

ڕێکخستنی گفتوگۆکان بەم شێوازەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:

- گفتوگۆ لەگەڵ چەپێنراو
- گفتوگۆ لەگەڵ چەپێنەر و بە شێوەی تاکەکەسی
- گفتوگۆ لەگەڵ هەموو چەپێنەران بە گرووپ

بەم شێوەیە گفتوگۆ لەگەڵ هەر دوو لا دەکرێت و لە کۆتادا لایەنەکان کۆ دەبنەوە. پاشان خێزانیش بە شێوەیەکی تایبەت بەشداری باسەکە دەبێت.

شێوازی ڕووداوەکان جیاوازن هەر بۆیە دەبێت زیرەک بین لە ڕێکخستن و ریزبەندی گفتوگۆیەکان و چۆنیەتی پێکگەیاندنی لایەنەکان. لەم ڕێنمایەدا مێتود و چارەسەر بە نموونە هێنراوەتەوە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ڕووداوی جۆراوجۆر کە دواتر پێیان دەگەین. پرینسیپی سەرەکی لە گفتوگۆی فێرخوازدا پشتیوانیکردنی کەسی چەپێنراوە و داواکارییە لە کەسانی چەپێنەر بە بێ سازش و دانووستان.

**هەوڵدان لەگەڵ کەسی چەپێنراو**

**گفتوگۆی دووقۆڵی لەگەڵ چەپێنراو**

پێش هەموو شتێک مامۆستا گفتوگۆیەک لەگەڵ کەسی چەپێنراو ساز دەکات و گفتوگۆکەش دەکرێت بە چەندین شێواز دەست پێبکات. جار هەیە کەسی چەپێنراو بۆ خۆی باسی ئازاردانەکە بۆ مامۆستا دەکات. جاریش هەیە خێزانی فێرخواز ئەم کارە دەکەن. جاری واش هەیە ڕووداوەکە لە لایەن هەڤاڵ یان کارگێڕێکی فێرگە ڕادەگەیێنرێت، یان مامۆستا بۆ خۆی بە سەر ڕووداوەکەدا دەکەوێت.

مامۆستا دەبێت وردبینانە وادەی گفتوگۆیەک لەگەڵ چەپێنراو دابنێت، ئەم وادەیەش دەبێت زۆر نێزیک بێت لە کاتی دانیشتنەکە، بۆ نموونە لە پشووی نێوان وانە و پێش گفتوگۆیەکە. پێویست ناکات بڵێیت دانیشتنەکە بۆ چییە. مامۆستا و فێرخواز بە تەنیا لە ژوورێک گفتوگۆ دەکەن.

گفتوگۆ نابێت شێوازی لێپرسینەوەی هەبێت، بۆ نموونە چۆنت لێدەگوزەرێت لە فێرگە و چ کێشەت هەیە!... ئەمە دەبێتە هۆی ترس و شەرمکردنی زۆربەی چەپێنراوان کە ناوێرن بەسەرهاتەکەیان ڕوون بکەنەوە و بیسەلمێنن.

سەرەتا مامۆستا بۆ فێرخوازی باس دەکات کە هۆی گفتوگۆکە ئازاردانی ئەوە لە لایەن کەسانی دیکەوە. دەبێت مامۆستا بەم شێوەیە بۆ خۆی باسی کێشەکە بکات و فێرخواز نەخاتە ژێر فشارەوە. زۆر گرینگە پێش دانیشتنەکە زانیاری پێویستی دەربارەی ڕووداوەکە بەدەست هێنابێت، هەتا پێویست بە لێپرسینەوەی فێرخواز نەکات.

خاڵی گرینگ لەم دانیشتنەدا ئەوەیە فێرخواز هەست بکات کە مامۆستا پشتیوانی ئەوە. دەبێت مامۆستا بە ڕاشکاوانە بڵێت کە ئەو بە هیچ شێوەیەک چەپاندن ناسەلمێنێت و بە هەموو توانایەوە بەرپرسایەتی دەگرێتە ئەستۆ هەتا کۆتایی پێدێنێت.

ئەم قسانە ئاسوودەیی دەدات بە فێرخواز، بەڵام ئەو پێویستی بەوەیە بزانێت دواتر چی ڕوو دەدات. زۆربەی چەپێنراوان ترسیان لە کاردانەوەی چەپێنەرە کاتێک مامۆستا دەربارەی کێشەکە دەیانخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە. لێرەدا گرینگە مامۆستا ورد بێت لە پێدانی زانیاری بە جۆرێک دەرفەت نەدات بە کەسی چەپێنراو بکەوێتە دڵەڕاوکێ و ترسی پتر دایبگرێت. دەبێت لە دانیشتندا بگوترێت کە کەسانی چەپێنەر هەتا ئەوکات پەیوەندیان پێوە نەگیراوە و پێش پەیوەندیگرتن لەگەڵیان ئەو ئاگادار دەکرێتەوە. هاوکات دەبێت مامۆستا کاتێکی دیکە دیاری بکات بۆ دیڤچوونی دۆخەکە و ڕوونکردنەوەی پتر.

نابێت کاتی نێوان گفتوگۆی یەکەم و دیڤچوون زۆر بێت. لێرەشدا پەیوەندی بە ڕووداوەوە هەیە، گەر ڕووداوەکە گەورە بێت و فێرخوازی چەپێنراو لە ژێر فشاردا بێت، دەکرێت کاتی دانیشتنی دووهەم کەمتر لە یەک هەفتە بێت. پاشان دەبێت چەپێنراو ئاگادار بکرێتەوە کە فێرگە پەیوەندی بە خێزانیەوە دەکات، گەر هەتا ئەو کات ئەم پەیوەندیە نەگیرابێت.

دەبێت بەگشتی بە کەسی چەپێنراو ڕابگەیێندرێت کە پێش ئەنجامدانی هەر کارێک ئەو ئاگادار دەکرێتەوە. هاوکات نابێت دەرفەتی پێبدەین بڕیار بدات یان دوودڵ بێت لە هەوڵ و چارەسەرەکان. خاڵی سەرەکی لێرەدا نابەرپرسایەتیی کەسی چەپێنراوە لە پرۆسەکە، دەستەبەرکردنی ئاسایشی فێرخواز و پێدانی زانیاری دەربارەی هەوڵەکان خاڵێکی دیکەی ئەم دانیشتنەن.

ئەرکی مامۆستایە هەر لە سەرەتای گفتوگۆوە بە فێرخواز ڕابگەیێنێت کە ئەو ئاگادارە لە هەموو ڕووداوەکە، بەڵام دەبێت لە ماوەی دانیشتنەکەدا گوێ بداتە هەر قسەیەک فێرخواز بۆ خۆی بیهەوێت بیکات دەربارەی ڕووداوەکە یان دۆخی خۆی بە بێ فشار بۆ هێنان. هێندێک کەسی چەپێنراو لە ترسی کاردانەوەی چەپێنەر ناوێرن هەموو شتێک باس بکەن، بەڵام بەم حاڵەشەوە چەند شتێک هەر باس دەکەن، چۆن وا هەست دەکەن ئەم کەسە پەرۆشیەتی و دەیهەوێت یارمەتی بدات. لەم دۆخەدا دەبێت مامۆستا گوێگری باش بێت، لە فێرخواز تێبگات و پرسیاری ڕوونکەرەوە بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان ئاڕاستەی فێرخواز بکات.

مرۆڤ نابێت باسی نایەتیی چەپێنەر وەک تاک بکات، ڕەفتاری ئەوان نایەتییە نەک خۆیان وەک تاکەکەس. لێرەدا دەتوانین چەند خاڵێک ڕیز بکەین بۆ یەکەم دانیشتن لەگەڵ فێرخواز و نێوەڕۆکی گفتوگۆ:

- ڕوونکردنەوەی دۆخەکە بۆ فێرخواز
- پشتیوانیکردنی

- پێدانی بەڵێن بۆ ئاگادارکردنەوەی لە هەموو زانیارییەک دەربارەی ڕووداوەکە
- دیاریکردنی کات بۆ دیڤچوون

**خێزانی چەپێنراوان**

نموونەیەکی باو، بە زۆری لە سەرەتاوە ڕوو دەدات کە خێزانی فێرخوازی چەپێنراو پەیوەندی بە فێرگەوە دەگرن و ڕادەگەیێنن کە منداڵەکەیان دەچەپێندرێت. فێرگە دەبێت لە باری وەهادا هەموو هەواڵێکی لەم بابەتە بەهەند بگرێت و بێ دواخستن لێپرسینەوە لە کەسانی تێوەگلاو و ڕووداوەکە بکات. نموونەیەکی دیکە ئاشکراکردنی ڕووداوە لە لایەن فێرگەوە. شێوازێکی ئاسایی کردار نواندن جێبەجێکردنی گفتوگۆیە لەگەڵ فێرخوازی چەپێندراو وەک سەرەتای کار و پەیوەندیگرتن لەگەڵ خێزانی لە هەمان ڕۆژدایە.

سەرەڕای شێوازی دەستپێکی گفتوگۆ دەبێت تێبگەین کە ئەم خێزانانە لە بارودۆخێکی سەختدان. زۆرجار دەتوانن هاوکارێکی باشی فێرگە بن، بەڵام دەکرێت چاوەڕوان بین فێرگە بە کەم تەرخەم و بێدەسەڵات تاوانبار بکەن، یان داواکاری کاردانەوەیەکی توند لە فێرگە دەکەن بەرانبەر بە ئازاردەران و خێزانیان. دەبێت بزانین ئەم جۆرە داواکاری و ڕەفتارەش ئاساییە بۆ خێزان لە دۆخی وادا. جاری واش هەیە خێزانی فێرخوازان داوا لە فێرگە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی خێرای کێشەکە، دەنا بۆ خۆیان کێشەکە چارەسەر دەکەن.

دەبێت بە وردی و ڕێزەوە گوێ لە خێزان بگرین و دڵنیایان بکەین کە فێرگە کێشەکە چارەسەر دەکات و لە شێواز و چۆنیەتی چارەسەرەکە ئاگاداریان بکەین.

لە شێوازی دەستپێکدا گرینگە بە خێزان بسەلمێنین کە فێرگە هەموو بەرپرسایەتی چارەسەرکردنی کێشەکە دەگرێتە ئەستۆ. گەر فێرگە و خێزان هەریەک ڕۆژەڤی خۆیان هەبێت و پێکنەیەن، کێشەکە نەک هەر چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو ئاڵۆزتریش دەبێت. ئەگەر مامۆستا دوودڵ بو لە دانانی شێوازی چارەسەر یان نەسەلماندنی لە لایەن خێزانەوە، دەتوانێت داوای گفتوگۆیەکی دیکە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بکات. لەم ماوەیەدا مامۆستا دەتوانێت بە یارمەتی هاوکارانی پلانێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دابڕێژێت.

**گفتوگۆ و چاودێری فێرخوازی چەپێنراو**

پەیوەندی و چاودێریەکی پتەو پێویستە بۆ کەسی چەپێنراو و ئەو وەک پاڵپشتیەکی گرینگ دەیخەملێنێت. بە ڕەچاوگرتنی هەستی فێرخواز لە کاتی گفتوگۆدا دەتوانینن گەلێک زانیاری بەسوود بۆ چارەسەرکردنی کێشە بە دەست بهێنین.

لە ماوەی چاودێری و گفتوگۆدا مرۆڤ دەتوانێ هەوڵ بدات زانیاری گشتی دەربارەی فێرخواز و ژینگەی فێرخواز کۆ بکاتەوە. بەتایبەتی گەر کەسی چاودێری فێرخواز مامۆستای نەبێت، پێویستە بزانێت لە چ پۆلێکە، هەڤاڵەکانی کێن، ناوی ئەو کەسانەی ئازاری دەدەن، ناوی کەسایەتی بەرچاو لە پۆلدا و وەسفی دۆخەکانی چەپاندن.

هێندێ جار بەسوود دەبێت گەر ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی کەسی چەپێنراو دەکرێت دەربارەی ڕەفتار و کرداریی لە پێش ڕووداو، کاتی ڕووداو و پاش ڕووداوەکە بێت. لەبەر ئەوە کەسی چەپێنراو کاتێک دەربارەی خۆی زانیاری دەدات

کەمتر هەست بە ترس دەکات، هەتا دەربارەی چەپێنەر. بەم شێوەیە زانیارییەکی ورد دەربارەی ڕووداوەکە، کاتی ڕوودانی، شوێنی ڕووداو و چەپێنەر دەخاتە ڕوو. هاوکات گرینگە بەپێ ئەم زانیاریەی بەدەستمان هێناوە (بارودۆخی چەپێنراو و کاردانەوەی) هەڵسەنگێنین و بزانین هەتا چ ڕادەیەک دەبێتە هاندەر بۆ کەسانی چەپێنەر و بەردەوامبوونی دۆخەکە. بۆ نموونە هەر کاردانەوەیەک دەبێتە هاندەر بۆ چەپێنەر دەکرێت لەگەڵ کەسی چەپێنراودا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و سەرنجی پێبدرێت. ئەم سەرنجڕاکێشانەش دەبێت بە جۆریک بێت فێرخوازی چەپێنراو هەست بە تاوانباریی خۆی نەکات.

جاریش هەیە دەکرێت بە ئامانجەوە کار بکرێت لە سەر کاردانەوەی فێرخوازی چەپێنراو لە کاتی ڕوودانی چەپاندندا. بەم شێوەیە هاوکاریی کەسی چەپێنراو دەدەین بۆ ئامادەکاری پێشکات. بۆ نموونە گفتوگۆ و چاودێری فێرخواز دەتوانێ بریتی بێت لەم جۆرە زانیاریانە. بۆ مامۆستا گرینگە بزانێت کەسێکی دیکە هەیە یارمەتی و پشتیوانی فێرخوازی چەپێنراو بدات وەک، هەڤاڵێک، هەڤالانیک یا لەگەڵ باوک و دایکی ئەم کێشەی باس کردوە.

پرینسیپی یەکەم لێردا ئاگادارکردنەوەی خێزانی فێرخوازە دەربارەی کێشەکە و چۆنیەتی چارەسەرکردنە لە لایەن فێرگەوە. خێزان هەتا چ ڕادەیەک هاوکار بێ و ڕێژەی چالاکیان چەندە بێت، دەکرێت بەپێ ڕووداو هەڵسەنگێندرێت. تەمەنی فێرخواز و تایبەتمەندیەکانی ڕووداوکە گرینگن بۆ دیاریکردنی چارەسەر.

بەشێوەیەکی ئاسایی 2-3 دانیشتن لەگەڵ کەسی چەپێنراو بەسە، پێش ئەوەی مامۆستا یان کەسی بەرپرس پەیوەندی لەگەڵ چەپێنەر دەگرێت. وەک باسکرا دەبێت چەپێنراو پێشتر ئاگادار بکرێتەوە دەربارەی گفتوگۆکردن لەگەڵ چەپێنەر. ئەوکات دەبێت پێ ڕابگەیێنین چ کاتێک و لەگەڵ کێ قسە دەکرێت. هەروەها خێزانی چەپێنەریش ئاگادار دەکرێنەوە. ئەمەش وەک خاڵێکی ئایەتی لای چەپێنراو باس دەکرێت. پاش گفتوگۆ لەگەڵ چەپێنەریش پەیوەندی و چاودێری کەسی چەپێنراو هەر بەردەوام دەبێت.

**چارەسەر بۆ چەپێنەر**

زانیاری ورد دەربارەی ڕووداو پێوستە پێش ئەوەی مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ چەپێنەر بگرێت. هێندێک زانیاری لە فێرخوازی چەپێنراو وەردەگرین، پاشانیش دەتوانین بە خستنە ژێر چاودێری چەپێنەر لە گۆڕەپانی فێرگە و شوێنی دیکە... زانیاری پترمان دەستکەوێت.

زۆر پێویستە گفتوگۆی تاکەکەسی لەگەڵ چەپێنەر ئەنجام بدرێت. وەک پێشتر باسمان کرد سەربە گرووپ بوون یەکێک لە وزە هاندەر و سەرەکییەکانی دیاردەی چەپاندنە. کاتێک فێرخواز خۆی بە گرووپێکەوە دەبەستێت گرووپەکە بەهێزتر دەکات، جا ئەم گرووپە کرداری ئایەتی بێت یان نایەتی. گفتوگۆی تاکەکەسی لەگەڵ چەپێندران پەیوەندی نێوان ئەندامانی گرووپەکە لاواز دەکات و گرووپەندی هەڵدەوەشێنێتەوە. دواتر دەکرێت ئەم پەیوەندیە بە ڕەفتاری ئایەتی وەک نۆرمی بنەڕەتی بونیاد بنرێتەوە. گەر ژمارەی چەپێنەران زۆر بوو، دەبێت دانیشتنەکان لە ماوەیەکی کورتدا تەواو بێت و نابێت دەرفەتی قسەکردنیان لەگەڵ یەکدی پێبدرێت هەتا مامۆستا کۆبوونەوە دووقۆڵیەکانی لەگەڵ هەموویان کۆتایی پێ دێنێت. دەبێت گفتوگۆی تاک و گرووپی چەپێنەر تێکڕا لە ماوەیەکی کورتی یەک یان دوو کاژێریی کۆتا بێت لە کاتێکدا مامۆستایەکی دیکە سەرپەرەشتی پۆلەکە دەکات. گەر چەپێنەر تەنها یەک کەس بوو گفتوگۆ بەپێ پرینسیپی پێشوو بەڕێوە دەچێت.

## گفتوگۆی تاکەکەسی (دووقۆڵی) لەگەڵ چەپێنەر

پاش ڕێککەوتن لەگەڵ هاوکاردا، مامۆستای بەرپرس بەم ئەرکە لە کاتی وانەدا دەچێتە نێو پۆل و بانگهێشتی چەپێنەر دەکات. مامۆستا و فێرخوازی چەپێنەر پێکەوە لە ژوورێک دەست بە گفتوگۆ دەکەن، مامۆستا نابێت لە سەرەتادا بچێتە قووڵای باسەکە، کێشەکە نابێت یەکسەر باس بکرێت. گەر فێرخواز پرسیاری کرد، مامۆستا پێدەڵێت هەتا چەند خولەکێکی دیکە ئاگاداری دەکات هۆی بانگکردنی چییە.

سەرڕێچکەی باسەکە بە دەست مامۆستاوەیە و پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخ بەم پرسیارە چەپێنەر ئاگادار دەکاتەوە، تۆ دەزانیت ماوەیەکە ئارام دەچەپێندرێت: «من ویستم دەربارەی ئارام قسەت لەگەڵدا بکەم، ماوەیەکە ئازارێکی زۆر دەدرێت و تۆش بەشداری لەم ئازاردانەیدا».

نابێت باس لە ڕاست یا ناڕاستبوونی کێشەکە بکرێت. مامۆستا بە بەڵگەوە قسە دەکات و بەڵگەکەش بنەمای گفتوگۆیە، بەڵام دەکرێت دەرفەت بدات بە فێرخواز قسەی خۆی بکات. سوودی پترە گەر مامۆستا بە شێوەیەکی دابڕ بەڵام میهرەبان لەگەڵ فێرخوازدا بدوێت. بەم شێوەیە فێرخواز ئاسانتر دەتوانێت بەشداری دیالۆگێکی بە سوود بێت، بەتایبەت کاتێک هەست دەکات مامۆستا متمانەی پێی هەیە. متمانە واتای ئەوە نییە مامۆستا بەرانبەر ڕەفتاری نایەتی ڕاڕایە و قسەی فێرخواز دەسەلمێنێ.

بەپێی ئەزموون ڕێژەی تەنگاوبوونی فێرخواز لە ماوەی گفتوگۆدا زۆر بەرزە و هەوڵ و تەقەلای خۆ بە بێگوناه زانین و ڕەوایەتی پێدان بە کردەوەکانی خۆی شتێکی ئاساییە. نیشانەیەکی باوی ئەم کەسانە بچووککردنەوەی ڕۆڵی خۆیانە، وەک باش لەبیریان نییە، ڕووداوەکان وەک یاری و گاڵتە وەسف دەکەن، جەخت لەسەر کەسانی دیکە و ڕۆڵیان گەورە دەکەنەوە. هەروەها زۆربەی چەپێنەر تیشک دەخەنە سەر ڕەفتاری چەپێنراوان و ئەوان بە بەرپرس دادەنێن. وەک پێشاندانی ڕەفتاری فێرخوازی چەپێنراو بە گشتی وروووژێنەر، هاندەر و گێل دادەنێن. لێرەدا زۆر گرینگە مامۆستا فریوی ئەم قسانە نەخوات و نەیسەلمێنیت، تەنانەت گەر بزانێت قسەکانی تاڕادەیەک ڕاستن.

بێگومان تاڕادەیەک سەلماندنی ئەم شێوە بۆچوونە یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی دیالۆگێکی قووڵتر، بەڵام سوودەکەی زۆر برناکات. لە کاتێکی وادا چەپێنەران یەکسەر هەست بە پێوانەی ڕەخنەئامێزی مامۆستا بەرانبەر بە فێرخوازی چەپێنراو دەکەن و لە دۆخی پێویستدا دژی مامۆستا و فێرخوازیش بەکاری دەهێنن. هەروەها نابێت گفتوگۆ دەربارەی ڕۆڵی چەپێنەر و کەسانی دیکە بکرێت. بێگومان چەپێنەر باش شارەزای گفتوگۆی لەم بابەتەیە و مامۆستا دەروەستی نایەت. لەم بەشەدا نابێت مامۆستا لایەنگیر بێت بەرانبەر بەو شتانەی چەپێنەر دەربارەی خۆی، چەپێنراو و کەسانی دیکە باسی دەکات. ئەو کات ڕاو بۆچوونی چەپێنەر دەربارەی خۆی و کەسانی دیکە هەر بۆ خۆی دەمێنێتەوە. ئەم هەڵوێست نەگرتنە (بێلایەنییە) ی مامۆستا دەبێتە هۆی گومان و دوودڵی لای چەپێنەر کە مامۆستا چەندە دەربارەی کێشەکە دەزانێت و ئەم بە گومان خستنەی چەپێنەر بە سوودە بۆ پرۆسەکە.

لێرەدا دەکرێت دەرفەت بدەین بە چەپێنەر بۆ پەیداکردنی چارەسەرێک. لەوانەیە پێویست بێت باسەکە چەندپات بکەینەوە، بەڵام ئەرکی مامۆستا گەڕانە بەدوای سەرەداوێک لە لایەن فێرخوازەوە سەر هەڵبدات. بۆ نموونە مامۆستا دەتوانێت بەم شێوە دەرفەت بداتە چەپێنەر بۆ دەرخستنی سەرەداو:

«بۆیە من لەگەڵ تۆ گفتوگۆ دەکەم دەزانم تۆ بەشداری لە ئازاردانی ئارام و منیش ئەم ڕەفتارەت بە هیچ شێوەیەک ناسەلمێنم. بەڵام دەشزانم تۆ کوڕێکی ژیریت و پێشتر چەند جار پێکەوە دەربارەی چەمکی دیکە قسەمان کردووە و پێموایە تۆ دەتوانیت یارمەتی ئارام بدەیت هەتا لەم دۆخە ڕزگاری بێت».

دیسان بەردەوام دەبێت: «تۆ کەست بینیوە لە پۆلەکانی دیکە بێڕێزی بە ئارام بکات». بەم شێوە گفتوگۆ بە دەوری بابەتەدا دەسووڕێنین هەتا چەپێنەر پێشنیاز یان بژارە (ئەڵتەرناتیڤ) یەک دەخاتە پێشمان. یان دەکرێت ڕاستەوخۆ بە شێوەی خوارەوە لێی بپرسین: «پێشنیازی تۆ چییە؟ یان چی بکەین باشە هەتا کۆتایی بەم ئازاردانە بێنین؟».

دوور نییە چەپێنەر پێشنیازی بونیادنەر و بەسوود بداتە مامۆستا. خێرا دەبێت ئەم پێشنیازە وەربگرین و بیکەینە بنەمای ستراتێژییەک. ئامانج پابەندبوونی فێرخوازی چەپێنەرە بە کۆتایی هێنان بە ڕەفتاری نایەتیی خۆی (چەپاندن) و نواندی کرداری باشە، بەتایبەت کاتێک کەسێکی دیکە بیهەوێت ئازاری ئارام بدات.

**ئەنجامگیری لە گفتوگۆی مامۆستا و ڕەچاوگرتنی ئەم خاڵانە**

- هەڵوێستی جیددی چەپێنەر دەربارەی ڕووداوەکە
- نەسەلماندنی پەیڤ و بۆچوونی نایەتیی فێرخواز بەرانبەر بە چەپێنراو
- قەناعەت هێنان بە فێرخواز بۆ دووریگرتن لە دیاردەی چەپاندن
- پابەندبوونی فێرخواز بە ڕەفتاری ئایەتی بەرانبەر کەسی چەپێنراو

گفتوگۆ کۆتای دێت و مامۆستا فێرخوازی چەپێنەر دەباتەوە نێو پۆلەکەی و کەسی دووەم بانگ دەکرێت و بەهەمان شێوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت. لە ماوەیەکی کورت و بە شێوەیەکی خێرا گفتوگۆکان جێبەجێ دەکرێت بێ ئەوەی دەرفەت بە چەپێنەر بدرێت پەیوەندی بەیەکەوە بگرن. پاشان هەموو چەپێنەر (گرووپەکەیان) لەگەڵ مامۆستا کۆ دەبنەوە بۆ بڕیاردان دەربارەی چۆنیەتی ڕەفتاریان لە داهاتوودا.

**ڕیزبەندی (خاڵبەندی) گفتوگۆکان**

گرینگترین خاڵی دانیشتنەکان ئەنجامدانی گفتوگۆی دووقۆڵیە. گفتوگۆ بەپێی ڕیزبەندی سەرەوە بایەخی خۆی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکە. ئەم ئامرازانەش دەتوانێت کاریگەریی باشی هەبێت لە ڕیزبەندی گفتوگۆکان:

- چ کەسێک دەتوانێت هاوکارییەکی باشمان بکات؟
- چ کەسێک کاریگەری (دەسەڵاتی) زۆری هەیە لە سەر گرووپەکە؟

گەر فێرخوازێک لە گرووپەکەدا کاریگەری و دەسەڵاتی هەبوو و چاوەڕوان دەکرێت ویستی هاوکاری تێدا هەبێت، پێویستە یەکەم کەس گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا ئەنجام بدرێت. گەر ئەم دانیشتنە ئایەتی بێت، دەکرێت ببێتە دەستپێکێکی باش بۆ کەسی دووەم و زانیاری دانیشتنی یەکەم ببێتە هۆی بونیادنانی بۆچوونێکی سوودمەند لەگەڵ کەسی دووەمدا.

**گفتوگۆ لەگەڵ گرووپ**

کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ دوا فێرخواز کۆتایی پێهات پێ ڕادەگەیێنین هەر لە ژوورەکە چاوەڕێ بێت. هاوکات مامۆستا دەڕواتەوە نێو پۆل و هەموو چەپێنەران دەباتە لای دوا کەس.

ئێستایە مامۆستا ئەرکی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی گرووپ بە ئەستۆ دەگرێت بۆ پێشگرتن لە چەپاندن و چاندنی بۆچوون و ڕەفتاری ئایەتی تێیاندا. وێڕای ئەوە مامۆستا لە ڕێگەی گفتوگۆی دووقۆڵییەوە هێندێک زانیاری لە هەموو ئەندامانی گرووپ دەستکەوتوە، بەڵام هەموو فێرخوازان لەم دۆخە دوودڵن بەرانبەر بە یەکدی و هیچیان نازانن کێ هەموو شتێکی باس کردوە و کێ هاوکاری مامۆستای کردوە یان نەکردوە. زۆربەیان وا بیر دەکەنەوە کە خۆیان زانیاری پتریان بە مامۆستا دابێت. مامۆستا لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژە بە ئاکامی گفتوگۆکان دەکات کە لە دانیشتنە دووقۆڵیەکان دەستی کەوتوە. ئەو دەتوانێت بڵێت ئاکامی دانیشتنەکان ئایەتی بوە و بە ویستی هەموان ڕێککەوتین کە چارەسەری کێشەکە بکەن. ئەگەر تاکێکی گرووپ لە گفتوگۆوە دووقۆڵیەکاندا ڕای نایەتی بوو و هیچ هیممەتی هاوکاری تێدا بەدی نەدەکرا، نابێت مامۆستا ئەم دانیشتنەش بخاتە کۆی گشتی و بە هەموویاندا هەڵبڵێت. ئەو دەتوانێت بۆ نموونە بڵێت: «شۆڕش تۆ هێندێک دوودڵ بویت کە چۆن دەتوانیت یارمەتی ئارام بکەیت».

مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوە ڕێکخستنەوەی گرووپەکەیە و گۆڕینی ڕەفتاریانە بەرانبەر بە چەپێنراوان. بێگومان شۆڕشیش بۆچوونی ئایەتی لا دروست دەبێت بۆ ئەوە لە گرووپەکە جیا نەبێتەوە مل بە هاوکاری دەدات.

لەم کاتەدا دەکرێت مامۆستا بەشداربوانی کۆبوونەوە ئاگادار بکاتەوە کە کێشەکەی لەگەڵ فێرخوازی چەپێنراودا باس کردوە و ئەو ئاگادارە لە بەستنی کۆبوونەوەکە. هاوکات دەبێت ڕابگەیێنێت کە بۆ خۆی پێشدەستی کردوە و بەم کێشەیەی زانیوە، نەک فێرخوازی چەپێنراو. دەکرێت پێیان ڕابگەیێنێت کە هەر ئەمڕۆ خێزانیان لەم کێشەیە ئاگادار دەکرێتەوە، هەر بۆیە هانیان دەدات بۆ خۆیان کاتێک چوونەوە ماڵ باسی هەموو شتێک بکەن.

مامۆستا دیسان ڕێککەوتنەکە دووپات دەکاتەوە: چەپاندن هەر لە ئێستاوە کۆتایی پێدێت و لەباتی دەبێ یارمەتی فێرخوازی چەپێنراو بکەین. پاشان دەڵێت لەم کاتەوە بە وردی چاودێریان دەکات و بەڕێوەبەری فێرگەش لە هەموو شتێک ئاگادار دەکاتەوە.

دەکرێت مامۆستا لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا تەکنیکی «وەڵامی پێچەوانە» بەکار بێنێت، هەم بۆ ڕێبەستن لە فریودان و هەم بۆ ئاشکراکردنی بۆچوونیان و پێداگری لە سەر هەڵوێستی دروست: «ئاراس، تۆ چی دەکەی گەر کەسێک ئازاری ئارام بدات. ئاسانە بۆت، تۆش بێ وەستان بەشداری دەکەیت لە ئازاردانیدا؟»

ئاساییە فێرخوازان ئەمە نەسەلمێنن. مامۆستا دەکرێت داوا لە هەموویان بکات یەک بە یەک بە دەنگی بڵند بڵێن ئێمە ئیدی ئارام ناچەپێنین (ئازاری) نادەین. فێرخوازان بەم شێوەیە دڵنیا دەبنەوە لە هەڵوێستی یەکدی و خۆیان پەیوەست دەدەن بە دۆخێکی جڤاتی بەرانبەر بە گرووپ و مامۆستا. ئەگەر تەنیا یەک چەپێنەر لە پۆلدا هەبێت، مامۆستا دەکرێت هەر لە یەکەم گفتوگۆدا تەکنیکی «وەڵامی پێچەوانە» بەکار بێنێت. «وەڵامی پێچەوانە» دەکرێت بە شێوەی پرسیار یان پێچەوانەی وەڵامی ئەو پرسیارەی دەتەوێت ئاڕاستەی بەرانبەری بکەیت سوود وەرگرێت بۆ «ئاشکراکردنی» هەڵوێست، بۆچوونی یان بەرتەک (کاردانەوە) ی لە دۆخی تایبەتدا.

سەرەڕای ئەمەش دەکرێت سوود لەم تەکنیکە وەربگرین و بزانین کاتێک چەپێنەر هەڤاڵانی دیکەیان لە پۆلدا دەبینن چی ڕوو دەدات. بە دڵنیایەوە فێرخوازانی دیکە دەربارەی کۆبوونەوەکە پرسیاریان لێدەکەن. هەر بۆیە مامۆستا دەتوانێت دانە دانە پرسیاریان لێبکات کە دەیانەوێت چ وەڵامێک بدەنەوە. یان دەکرێت مامۆستا لە چەپێنەر بپرسێت، یەکەم جار فێرخوازی چەپێنراوتان لە دوای ئەم کۆبوونەوە بینی چی پێدەڵێن؟ لێرەدا مامۆستا دەتوانێت پێشنیازێکیان پێبکات.

پاشان کاتی کۆبوونەوەی داهاتوو دیاری دەکرێت کە مامۆستا داوای زانیاری دەکات دەربارەی چۆنیەتی ڕەوتەکە. نابێت لە ماوەی 2-4 ڕۆژ پتر لە نێوان کۆبوونەوەی یەکەم و دووەمدا تێپەڕیت.

بۆ ئەنجامگیریی کۆبوونەوەکە، دەکرێت ئاماژە بکەین بە نێوەڕۆکی خاڵەکان:

- زانیاری
- پابەندبوون
- قووڵبوونەوە لە چەمک
- ئاگاداریی دەربارەی دیڤچوون
- دیاریکردنی کاتی کۆبوونەوە
- بەکار هێنانی وەڵامی پێچەوانە

جار هەیە دەکرێت فێرخوازی چەپێنراو لە کۆتایی کۆبوونەوەی چەپێنەران بەشداری پێبکرێت. سوودی ئەم بەشداری پێکردنە، بوونی مامۆستایە لەو شوێنەدا و ئەو دەتوانێت پەیوەندیان کۆنترۆڵ بکات.

پێش هەموو شتێک دەبێت فێرخوازی چەپێنراو لە سەرەتای پرۆسەکەدا توانا و بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەبێت و بۆ خۆی بیهەوێت لە کۆبوونەوە بەشدار بێت.

شێوازی دەستپێکی ئەنجامگیریەکە وا دەست پێدەکات کە هەموو گرووپ تێکڕا ڕێکدەکەون کۆتایی بە چەپاندن بێنن و لەباتی یارمەتی و پشتیوانی فێرخوازی چەپێنراو بدەن. دواتر مامۆستا دەڵێت ئەو پێی باشە فێرخوازی چەپێنراو بێنێتە کۆبوونەوەکە و پرسیارەکە ئاراستەی گرووپەکە دەکات. ئەزموون پێشانی داوە ئەوان ڕێگر نین لە هاتنی چەپێنراو و پێیان باشە بەشدار بێت، مامۆستا لە چەپێنەر دەپرسێت، ئەوان دەیانەوێت چی بڵێن بە فێرخوازی چەپێنراو. بەتێکڕا مامۆستا و چەپێنەر دەڕۆن و فێرخوازی چەپێنراو لە پۆل بانگهێشت دەکەن بۆ ژووری کۆبوونەوەکە.

ئێستا مامۆستا سەری قسە دەست پێدەکات و گفتوگۆکە دەخاتە گەڕ و تێدەکۆشێت ئاکامێکی بەسوودی لێ بەدی بکرێت. دەکرێت تەکنیکی وەڵامی پێچەوانە بەکار بێنین، وەک پێشتر باس کرا. لە کۆتاییدا پێیان ڕابگەیێنە کە تۆ چاوەڕوانیت هەموو شتێک بە چاکی بڕوات، بە وردی چاودێری بارودۆخەکە دەکەیت و بەڕێوەبەری فێرگەش ئاگادار دەبێت.

بەشێک لە ئەنجامگیریەکە دەتوانرێت ببرێتەوە نێو پۆل و مامۆستا و فێرخوازان پێکەوە زانیاری دەربارەی کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکە بە هەموو پۆلەکە ڕابگەیێنن.

ماوەی گفتوگۆ لەگەڵ هەر یەک لە چەپێنەر نابێت پتر لە 5-10 خولەک پتر بێت. هەروەها لەکۆبوونەوەی گرووپیش هەمان کات بەکار دێنین. هاوکات چەند خولەکێک بە هاتوچۆی فێرخوازان لە پۆلەوە بۆ ژووری کۆبوونە بەکار دێت. تێکڕا یەک کاژێر بەسە بۆ سەرلەبەری کۆبوونەوەکان. گەر فێرخوازی چەپێنراو بۆ یەکەم جار بەشداری کۆبوونەوە بێت، پێویستە دوو کاژێر بێ پشوو بەکار بێنین.

**خێزانی چەپێنەر**

گرینگە خێزانی چەپێنەر هەمان ڕۆژی کۆبوونەوە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکرێت بۆ خۆشیان ئاگادار بکرێنەوە. ئاسانترین شێواز ئەوەیە مامۆستا هەر هەمان ڕۆژ بە تەلەفۆن خێزانەکان بانگهێشت بکات بۆ کۆبوونە لە دوای کاتی دەوام. ئەوکات دەتوانیت بپرسیت ئایە منداڵەکەیان ئاگاداری کردونەتەوە لەم باسە؟ وەک پێشتر خۆت داوات لە فێرخواز کردوە. بەرهەرحاڵ دەبێت بە کورتی زانیاری دەربارەی کێشەکە و گفتوگۆی منداڵەکەیان پێبدرێت. هاوکات خێزانی فێرخوازی چەپێنراویش دەبێت ئاگادار بێت لەم کۆبوونەوە و پێی ڕابگەیێنرێت کە لە گفتوگۆکاندا ناوی منداڵەکەی دێنن.

جار هەیە چەندین چەپێنەر لە کێشەکەدا بەشدار بوونە و مامۆستا دەبێت لە کاتی وادا پرینسیپی «نهێنی پاراستن» لە بەر چاو بگرێت و کۆبوونەوەکە وا ڕێک بخات دەستکەوتی لێ بەدی بکرێت. لێرەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە دوو شێواز بەکار دێنین:

- هەموو خێزانی فێرخوازانی چەپێنەر بانگهێشت دەکرێن بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی. مامۆستا پێیان ڕادەگەیێنێت کە منداڵەکانیان بە کێشەی چەپاندنەوە گلاون. گەر ئەوان ئەم زانیاریە نەسەلمێنن و لە ڕووداو بەگومان بن، دەکرێت دواتر یەک یەک بانگهێشت بکرێن بۆ کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی.
- خێزانی هەر فێرخوازێکی چەپێنەر بە تەنیا بانگ دەکرێت، ئەو کات مامۆستا جەخت دەکاتە سەر ڕەفتاری منداڵەکە و بە هیچ شێوەیەک باسی چەپێنەری دیکە ناکات، دەکرێت بەڕێوەبەری فێرگەش بەشدار بێت.

پرینسیپەکان لە هەر دوو شێوازی دەستپێک یەک جۆرە. خێزان دەبێت بە گەرمی و شێوازێکی دۆستانە پێشوازیان لێبکریت. دەبێت ئاگادار بکرێن لە چۆنیەتی گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازی چەپێنراو، خێزانی و منداڵەکەی خۆی دەربارەی ئاکام و شێوازی چارەسەرکردنەکە. بە کورتی و کۆنکرێت باسی ڕووداوی چەپاندن دەکەین و ئاماژە بەو ڕێککەوتنەش دەکەین کە منداڵەکانیان بەڵێنیان داوە واز لە چەپاندن بهێنن و لەباتی ئەو کارە، ببنە یاریدەر و پشتیوانی کەسی چەپێنراو. ئەمە خۆی لەخۆیدا سەلماندنی دیاردەکەیە لە لایەن چەپێنەرەوە و نەهێشتنی گومانە لای خێزان. هاوکات مامۆستا بە پوختی و کۆنکرێت باسی شێوازی دیڤچوون و چاودێری منداڵەکان دەکات.

دواتر باسی هاوکاری دەکەین و خێزان هاندەدەین بۆ ئامۆژگاری منداڵەکانیان و چاودێریکردنیان لێرەبەدواوە. بەگشتی زۆربەی خێزان یارمەتی و پشتیوانی خۆیان لە هەوڵ و تێکۆشانی فێرگە بۆ چارەسەری کێشەکە پێشان دەدەن و ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکن. جار هەیە کەشی گفتوگۆ بەبەریەوە هەیە مامۆستا باسی مێتودی هێورکردنەوەی بارودۆخی چەپێنراو لە پۆل و باشترکردنی پەیوەندی نێوانیان بکات.

جاری واش هەیە خێزان دەیانەوێت بزانن منداڵەکەیان هەتا چ ڕادیەک بەشداری لە چەپاندندا کردوە، یان دوودڵن کە دیاردەی چەپاندن ڕووی دابێت... سوودی نییە مامۆستا بکەوێتە وردەکاریی کێشەکە، بەڵام بە کورتی پێدابگرێت لە گرینگی چارەسەر و نەهێشتنی دیاردەکە. ئەگەر نەیان سەلماند و داوای ڕوونکردنەوەی پتریان کرد، دەکرێت پێشنیازی دانیشتنێکی نوێ بکرێت کە بەڕێوەبەری فێرگەش لەوێ بەشدار بێت. زۆرجار خێزانی دیکە لە کۆبوونەوەی یەکەمدا دەستپێشخەری هاوکاری دەکات و دەبێتە هۆی نەهێشتنەوەی گومان و پێکهێنانی هاوکاری هەموو لایەک. گەر هەر کۆڵی نەدا پاش تێپەڕبوونی هەفتەیک بەپێی شێوازی دوەم ڕەفتاری لەگەڵ دەکەین.

لە شێوازی یەکەم دەکرێت خێزانی فێرخوازی چەپێنراو لە کۆبوونەوەی یەکەم یان دوەم بەشدار بێت. ئەوکات دەبێت مامۆستا دڵنیا بێت کە خێزانی هەر دوو لایەن تاقەت و بەرگەی ئەم دۆخە دەگرن، دەکرێت پێشتر ئامادەکاریی بۆ

کرابێت. بە هەر حاڵ زۆربەی خێزانی چەپێنەر پێویستیانە پەیوەندی بگرن لەگەڵ خێزانی چەپێنراودا. گەر کەسێک لە بەشداربوان نەیەوێت (خێزانی چەپێنەر) بەشداری کۆبوونەوە بکات، دەبێت لە کۆتایی کۆبوونەوە باسی هۆکارەکەی بکات. پێویستە بزانین خێزانی ئەم کەسانە پێویستیان بە پشتیوانی و هاوکاریە و نابێت لۆمە بکرێن. بەگشتی گرینگە کاتێکی دیکە بۆ پەرەپێدان بەم پەیوەندیە دیاری بکرێت و هەتا بە هەموو لایەک بتوانین گەشە بە ژینگەی چاک لە فێرگە بدەین.

فێرگە پاش هەڵسەنگاندی ورد دەتوانیت کێشەکە بە باشترین شێوە چارەسەر بکات بێ ئەوە خێزانی فێرخوازان تێیدا بەشدار بن، پاشان زانیاریان دەربارەی دۆخەکە پێبدرێت یان هەر پێویست بە ئاگاداریان نەکات.

### کۆبوونەوەی چەپێنەر و چەپێنراو

ئەگەر فێرخوازی چەپێنراو لە کۆتایی کۆبوونەوەی چەپێنەر بەشدار نەبێت، دەکرێت پاش ماوەیەکی کورت کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ هەر دوو لا بە بەشداری مامۆستا ڕێک بخرێت. لێرەدا هەم فێرخوازی چەپێنراو و هەم چەپێنەر دەبێت ئاگادار بن لە ئاستی پەیوەندیان بە مامۆستاوە. کاتێک کێشەکە خەریکە چارەسەر دەبێت و مامۆستا ڕازییە لە پێشڤەچوونی دۆخەکە، هەر دوو لایەن دەتوانن بە سەرپەرەشتی مامۆستا کۆببنەوە. بابەتی گفتوگۆ لەم کۆبوونەوە پێداچوونەوەی کێشەکانە، گوێگرتن لە بەسەرهات، هەست و ئەزموونی تاڵی فێرخوازی چەپێنراوە، گەر دانیشتنەکە سوودبەخش بوو، دەکرێت پلانرێژی بۆ کۆبوونەوەی دیکەش لە داهاتوودا بکرێت. جار هەیە دەکرێت فێرخوازی دیکەش بەشداری گفتوگۆ بێت. هەڵبەت مەرج نییە ئەم شێوازە بە تاکە ڕێگە و باشترین شێوازی چارەسەر بۆ هەموو دۆخێک بزانین.

### دیڤچوون و چاودێری

کۆبوونەوەی گرووپ دەبێت بەردەوام بێت هەتا کێشەکە چارەسەر دەکرێت و دۆخی پۆل سەقامگیر دەبێت، بەڵام دەتوانین ماوەی نێوان کۆبوونەوەکان پتر بکەین. بەم شێوەیە مامۆستا پێشان دەدات کە ئەو پەرۆشی چارەسەری کێشەکەیە و وازی لێ ناهێنیت. هاوکات چاودێری فێرخوازی چەپێنراویش دەکرێت، لانی کەم بە لێپرسینەوەی ناوەناوە لە لایەن مامۆستاوە. دەبێت کۆبوونەوەی گشتی بۆ هەر دوو لا ڕێک بخرێت و پەیوەندی نێوان مامۆستا و خێزانیان بەردەوام بێت.

تەنیا لێکۆڵینەوەی مامۆستا لە کێشە کە پرینسیپی سەرەکییە بەس نییە، بەڵکوو دەبێت بە وردی چاودێری و دیڤچوونی هەبێت. جاروبار هێندێک لە کێشەکان زۆر ئاڵۆزن و پێویستیان بە چاودێرییەکی زۆر و درێژخایەنە. بەڵام جاری واش هەیە بە پرسیاری کورت یا وەبیرهێنانەوەی بابەت پەرۆشی و چاودێری خۆت ڕادەگەیێنیت. ئەمەی دواییان بەتایبەت زۆر سوودبەخشە بۆ پێشگرتن.

### بەرتەک (کاردانەوە)

گەر گرووپ بەڵین و پێکهاتنی خۆی جێبەجێ نەکات، مامۆستا دەتوانێت بەپێی ڕۆتینی سەرەتا یەک بە یەک لێیان بپرسێتەوە نەک بە گرووپ. دیسان بەرپرسایەتی دەخرێتەوە ئەستۆی تاک و ئەوجا خێزانیش ئاگادار دەکرێتەوە. ئەگەر بەم شێوەیەش سەرکەوتوو نەبووین لە چارەسەرکردنی کێشەکە و چەپاندینش هەر بەردەوام بوو، دەبێت کاردانەوەمان

بەرانبەریان هەبێت. دەکرێت پێشکات مامۆستا و فێرگە بەگشتی بیریان لە چەند کاردانەوەیەک و چۆنیەتی شێوازی جێبەجێکردنی کردبێتەوە بۆ کۆتایی پێهێنان بە کێشەکە.

دەتوانرێت لیستێک لە مێتود و چارەسەر بەپێی هەڵکشان و بەردەوامبوونی کێشەکە دەستنیشان بکرێت. ئەمجا بەکارهێنانی کام مێتود بۆ کام کێشە دەست دەدات دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا و هەڵسەنگاندی ئەو لە دۆخەکە. بەرتەک (کاردانەوە) زۆر گرینگە بۆ بنبڕکردنی کێشە، جا چەپاندنەکە لە لایەن تاکەوە بێت یان گرووپ.

**نموونەی لیستی چارەسەر و بەرتەک**

- ڕەفتاری چەپێنەر لە پۆلدا ئاشکرا دەکرێت
- ڕەفتاری چەپێنەر لە پۆلدا گفتوگۆی لە سەر دەکرێت
- ڕووبەڕووکردنەوەی چەپێنەر لەگەڵ خێزانی فێرخوازی چەپێنەر و مامۆستا
- ڕووبەڕووکردنەوەی چەپێنەر و خێزانی لەگەڵ خێزانی فێرخوازی چەپێنراو و مامۆستا
- لە کاتی پشوودا چەپێنەر لەگەڵ مامۆستای چاودێر دەبێت
- کاتی پشوو دەبێت چەپێنەر لە ژووری مامۆستایان بمێنێتەوە
- یەک یان چەند کەسێک لە چەپێنەر دەبێت پۆلەکەیان بۆ ماوەیەک بگۆڕن، بەڵام نابێت هەموویان بگوێزرێنەوە بۆ یەک پۆل

جار هەیە دەکرێت لە سەرەتای پرۆسەکەوە چەپێنەر ئاگادار بکرێنەوە لەوەی بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە بەرتەکی دیکەی دەبێ. پێویست ناکات لە سەرەتاوە باسی مێتود و چۆنیەتی کاردانەوەکان بکەین. گرینگ ئەوەیە فێرخواز بزانێت گەر کێشەکە چارەسەر نەبێت مامۆستا و فێرگە شێواز و کاردانەوەی توندتر بەکار دێنن و کۆڵ نادەن هەتا کۆتایی بە کێشە نەهێنن.

پێویستە بەپێی هەر کێشەیەک چارەسەر و مێتودێک دیاری بکەین کە لای فێرخواز وەک کاردانەوە ڕەنگبداتەوە و کاریگەری لە سەر دابنێت. کاتێک چەپێنەران ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کاردانەوانە دەکرێنەوە، نابێت بە گرووپ گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت، بەڵکوو لەگەڵ تاک تاکی چەپێنەر. نابێت شێوازی کاردانەوەش بۆ هەموو چەپێنەر وەک یەک بێت. لە دۆخی وادا گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپ و یەک شێواز کاردانەوە پێشاندان بەرانبەریان، دەبێتە هۆی تێکبەستنەوەی و پێکهێنانی گرووپێکی نایەتی.

**فێرخوازانی دیکە**

بە زۆری کاتێک چەپاندن ڕوو دەدات تەماشاچی هەیە و مامۆستاش دەتوانیت بزانێت ئەم کەسانە کێن. دەکرێت گفتوگۆ لەگەڵ تاکی ئەم فێرخوازانە بکرێت و سەرنجیان ڕابکێشرێت بۆ ئەو بەرپرسایەتییەی لە ئەستۆیانە بەرانبەر هەڤاڵ. زۆرجار فێرخوازی جێمتمانە و پەرۆشدار لە پۆلدا هەیە بۆ ئەم بەرپرسایەتییە. بەتایبەت گەر ئەم کەسانە پلەی کۆمەڵایەتیان بەرز بێت و خۆشەویست بن لە پۆلدا و دەتوانن سوودبەخش بن لە ڕاکێشانی هەڤاڵان بۆ یارمەتی و

پشتیوانی فێرخوازی چەپێنراو. گەر کاتێک چەپاندن ڕوو دەدات تەماشاچیان یارمەتی کەسی چەپێنراو بدەن، کاریگەری زۆر دەبێت بۆ پێشگرتن لەم دیاردەیە. هاوکات دەکرێت هاوپۆلانی دیکەش هان بدەین بۆ دۆستایەتیکردنی فێرخوازی چەپێنراو.

## کوڕ و کچ

کاتێک چەپاندن لە لایەن کوڕ، یان کوڕ و کچ پێکەوە ڕوودەدات/ دەکرێت، کاریگەری توندترە لەوەی کچ بە تەنیا دەیکات. بەتایبەت کاتێک کچان یەکدی دەچەپێنن، زۆر ئەستەمە بتوانین دیاردەکە دیاری و پێناسە بکەین. هەر بۆیە زۆر جار ئاسانترە بۆ کچان کردەوە و ڕەفتاری نایەتی خۆیان لە دۆخی وادا بشارنەوە و نەسەلمێنن، مامۆستاش دەستەوەستان و بێبەڵگە لە بازنەیەکی بۆشدا بێهیوا بمێنێتەوە.

لە هەموو کێشەیەکدا گرینگە و پێویستە مامۆستا پێداگر بێت بەرانبەر بە چەپێنەران کە چەپاندن ڕووی داوە و داواکارە بە بێ هیچ بیانوویەک کۆتایی پێبێنن. ئەم شێوازی دەستپێکە کلیلی چارەسەری کێشەیە و تەنانەت لە چەپاندنی کچانیشدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. مامۆستا دەتوانێت تەنها گوێگر بێت لە ڕاڤەی بێبنەما و بیانووی چەپێنەر، ئەوجا کورت و پوختە داواکاریەکەی خۆی دووپات بکاتەوە کە لە ئێستاوە کۆتایی بە چەپاندن بهێنن.

دیسانیش دووپاتی دەکەینەوە کە شێوازی دەستپێک زۆر گرینگە، کاتێک چەپێنەر بانگهێشتی گفتوگۆی دووقۆڵی دەکرێن پێویستە مامۆستا متمانەی تەواوی بە خۆی بێت و کۆڵ نەدات. وەک لە باری دەروونناسیدا ئەزموون کراوە لێکدانەوە لە سەر ڕابردوو هیچی لێ شین نابێت، گرینگ سەرنجدانە بە داهاتوو.

## جۆری ئاڵۆزی چەپاندن

ئەو نموونانەی پێشتر باس کران، وەک چەپاندنی فێرخوازێک لە لایەن فێرخوازێکی دیکە یان گرووپێکەوە شێوازی ساکاری ئەم دیاردەیەن. مەرج نییە کێشە هەمیشە تەنها بەم شێوەیە ڕوو بدات. جار هەیە فێرخوازێک یان گرووپێک چەندین کەس بە شێوەی جیاواز دەچەپێنیت. جاری واش هەیە فێرخوازێک لە لایەن چەندین تاک یان گرووپەوە دەچەپێندرێت.

مەرج نییە فێرخوازێک تەنها لە یەک کەس و دەستەوە بێتە چەپاندن. هیچ دوور نییە ئەم فێرخوازە لە لایەن چەندین فێرخواز یان گرووپی دیکەشەوە بچەپێنرێت. هەر بۆیە پێویستە لە سەرەتای کاردا ڕووبەرێکی فرەوانتر بدەینە بەر پەیجۆری و شیمانەی ئەوەش بکەین کە چەپێنەرێک دەتوانیت چەندین تاک بچەپێنێت. لە باری وەهادا دەبێت چەندین مامۆستا بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و بەکارهێنانی مێتودی جیاواز، پێکەوە هاوکار بن. ئەم جۆرە هاوکاریەش کاریگەرییەکی بەهێز و ئایەتی هەیە لە سەر ژینگەی فێرگە بەگشتی.

## چارەسەرکردنی کێشە لە پۆلدا

کاتێک مامۆستا دەیەوێت کێشەیەکی چەپاندن لە پۆلدا بخاتە بەرباس، پێویستە پێشتر ئاستی ڕەفتاری پۆلەکەی بەگشتی هەڵسەنگاندبێت و بزانیت بەرگەی ئەم بەرەنگارییە دەگرێت یان نا. پۆل هەیە کارێکی زۆری تێدا کراوە بۆ

فراژووتنی لایەنی جڤاکیی فێرخوازان. ستاندارد و نۆرمی ڕەفتاری باش لەم پۆلانەدا ڕەگی داکوتاوە. هەر بۆیە ئاسانترە کێشەی چەپاندن بخرێتە بەرباس و گفتوگۆ و ئاکامێکی ئایەتی و بونیادنەری لێ بەدی بکرێت هەتا لە پۆلێک کە گرووپێک چەپێنەر بوونەتە سیمبۆلی هەموو ڕەفتار و بۆچوونێک.

لە هێندێک پۆلدا گرووپی نایەتی بەهێز هەن کە کاریگەریان لەسەر دید و ڕەفتاری گشتی داناوە. بۆیە گرینگە پێشەکی کار لەگەڵ ئەم گرووپانەدا بکرێت. ئەمجا لە کۆبوونەوەی پۆلدا ئەم کەسانە دەتوانن وەک هەڤاڵانیان پابەند بن بە نۆرم و ستانداردی پۆل. هەر ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی فراژووتنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و گەشە سەندنی ڕەفتاری ئایەتی بەردەوام لە فێرگەدا.

جار هەیە یەک یا چەند کەسێکی کەم لە پۆلدا بە چەپاندنەوە دەگلێن. لەوانەیە تەنیا یەک چەپێنراو لە پۆلدا بێت و چەپێنەر لە پۆلەکانی دیکە بن. ئەوکات مامۆستا دەتوانیت شێواز و مێتودی چارەسەری کێشە ڕاستەوخۆ بۆ ئاستی پۆل بەکار بهێنێت.

لێرەدا دەمانەوێت بە کورتی ئاماژە بەو قۆناخانە بکەین کە بابەتی چەپاندن لە کۆبوونەوەی پۆلدا دەخاتە بەر باس و پەیجۆری.

**ئامادەکاریی**

پێویستە باسی ڕەفتار بەگشتی لە سەرەتاوە بکەوێتە ژێر چەتری بابەتی چەپاندنەوە، لێرەدا مەبەستمان ڕێکخستنی نۆرمی گرووپە. سەرەڕای بوونی کاریگەری گشتی لە قسەکاندا، پێوستمان بە ڕایەکی هاوبەش هەیە لە پۆلدا کە دووری بگرێت لە چەپاندن و کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر چەپێنەر دانێت. بە جۆرێک ئەو وا هەست بکات لە نێو پۆلدا کەس پشتیوانی لە کردەوەکانی ناکات.

**دەرخستن / بەرجەستەکردن**

کاتێک نۆرمی خوازراو جێگیر کرا، دەبێت مرۆڤ دەرخستن هەڵسەنگێنێت و بزانێت هەتا چ ڕادەیەک پێویستە درێژەی پێبدرێت. دەکرێت مامۆستا ناوی چەپێنەر و چەپێنراو بێنێت؟ دەکرێت فێرخوازی چەپێنراو و چەپێنەر خۆیان بناسێنن؟- یان دەکرێت ئەم بابەتە بە نهێنی گفتوگۆی لەسەر بکرێت؟

ئەگەر مامۆستای پۆل پێشتر گفتوگۆی لەگەڵ فێرخوازی چەپێنەر یان چەپێنراو کردبێت، بێگومان ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی پۆل کردوە و لەوێدا ڕێککەوتوون کە ناوەکان ئاشکرا بکەن یان نە، گەر ویستیان «ئاشکرا بێت» کێ بیکات. گەر ویستیان ناوەکان ئاشکرا بکەن، پێویستە بەڕێزەوە باس بکرێن. مرۆڤ دەبێت بەڕێزەوە ڕەفتار لەگەڵ چەپێنەر بکات، بەڵام شێوەی ڕەفتارەکەیان نەسەلمێنێت.

نموونە و بژارە (ئەڵتەرناتیف) یەک بۆ ئەوەی بەدەرخستن سنووردار بکەین دەکرێت بڵێین، لەم پۆلەی ئێمەدا چەپاندن هەیە، چۆنیەتی ڕوودانی چەپاندن، لە کوێ ڕوو دەدات، ڕۆڵی تەماشاچیان چییە و هتد... بێ ئەوە ناوی بەشداربوان ئاشکرا بکەین.

**هەڵسەنگاندن**

**هەڵسەنگاندن**

مەبەست لێرەدا ڕاگۆڕینەوەی فێرخوازانە دەربارەی کێشەی ڕەفتار و هەڵوێستگرتنیان. پرسیارە سەرەکییەکان دەکرێت دەربارەی هەڵەبوونی چەپاندن لە هەموو بارودۆخێکدا بێت، یان بۆچی چەپاندن هەڵەیە. زۆر گرینگە فێرخوازان لە کاتی هەڵسەنگاندن و ئەنجامگیریدا سەرنجی تەواو بدەنە باسەکە و بەشدار بن تێیدا.

**پلانڕێژی**

قۆناخی داهاتوو پلانڕێژیە لە چۆنیەتی هەڵوێستگرتنی فێرخوازانی پۆل بەرانبەر بە چەپاندن. بێگومان ئێستا فێرخوازان شارەزایی زۆریان دەربارەی ئەو دۆخانە هەیە کە فێرخوازی چەپێنراو تێیدا تەنگاو دەبێت، ئەوان دەتوانن پلانێک دانێن بۆ ئەندامانی پۆل کە لە دۆخی وادا چی سوودبەخشە و چی زیانبەخشە بۆ ئەو فێرخوازە. لەوانەیە پۆلەکە گونجاو بێت بۆ پێکهێنانی تۆڕێکی دۆستانە و جڤاکی لە دەوری کەسی چەپێنراو.

**پابەندبوون**

لە کۆتادا دەبێت فێرخوازان پابەند بن بەو پلان و پێکهاتنەی دایان ڕشتوە دەربارەی ڕەفتاری ئایەتی و دژ بە چەپاندن. پابەندبوونەکە دەبێت پەیوەست بێت بە ویست و بەڵێنی فێرخوازەوە هەتا کاریگەر بێ. ئەو پابەندی و بەڵێننامەیە بە شێوەی نووسراو یان زارەکی لە پێشچاو هەڤاڵان و مامۆستا دەبەسترێت، کاریگەریی بەهێزترە لە سەلماندنێکی بێ دەنگ و ڕەنگی کۆتای کۆبوونەوە. لە هێندێ فێرگەدا بەڵێننامە بە شێوەی ڕاپۆرتنامە (هەموو فێرخوازێک ڕاپۆرتنامەیەک دەربارەی چەپاندن و کەم و زۆری لە پۆل یان فێرگە دەدات بە مامۆستا) دیڤچوونی بۆ دەکرێت. بێگومان بەم جۆرە ڕەفتاری ئایەتیی پلانڕێژ جێگیرتر دەکات.

**ڕاگرتن / ئاگا لێبوون**

کێشەکە نابێت بە هیچ جۆرێک بخرێتە لاوە، تەنانەت گەر ئاکامی کۆبوونەوەی پۆلیش زۆر ئایەتی بووبێت. مامۆستا دەبێت ڕەفتاری ئایەتی بپارێزێت و ناوەناوە بابەتەکە بێنێتە بەرباس. ئەو بەم شێوەیە دەتوانێت بەردەوام ئاگاداری ڕەوشی پۆلەکە بێت و پێشکات بەر بە چەپاندن بگرێت.

ئەم شێوازە نموونەیەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆبوونەوەی پۆل کاتێک چەپاندن دەبێتە کێشە. کۆبوونەوەی پۆل بەم ساختار و سیستەمەوە دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەربەستن لە دیاردەی چەپاندن.

**کۆبوونەوەی خێزانی پۆل**

گەر بمانەوێت کێشەیەکی کۆنکرێتی چەپاندن لە کۆبوونەوەی پۆلدا بخەینە بەرباس، دەبێت فێرخوازی چەپێنراو و خێزانی ئەو فێرخوازە، باسکردن و شێوازەکەی بەسەلمێنن. لە کاتی بانگهێشتکردن بۆ کۆبوونەوەدا بۆ نموونە دەکرێت بنووسین، لە بەر پەرۆشیمان بۆ پۆلەکە و فراژووتنی دیاردەکە، پێویستە کێشەکە بە ئاشکرا گفتوگۆ بکرێت. ئەم مێتودەش دەتوانێت سوودبەخش بێت گەر چەپاندن لە لایەن چەندین فێرخوازی پۆلەوە بەڕێوە بچێت و تاڕادەیەکیش وەک فەرهەنگێکی نایەتی دژی یەک یان چەند فێرخوازێک بەکار بهێندرێت.

کۆبوونەوەکە دەبێت پلانڕێژی باشی بۆ کرابێت و بە پێشەکییەکی گشتگیرەوە دەست پێبکات. دواتر پێشکەشکار باسی کێشەیەکی کۆنکرێت دەکات. مامۆستا یان خێزانی فێرخوازانی چەپێنراو ناوی فێرخواز ئاشکرا دەکەن و تیشک دەخەنە سەر ئەو بارودۆخە. مامۆستا دەبێت ستراتێژییەکی ئامادەکراوی هەبێت بۆ وەڵامدانەوە. گەر پرسیار دەربارەی ناونیشانی چەپێنەرکرا، مامۆستا دەڵێ ئەم دیدارە بۆ وەڵامی لەو بابەتە نییە.

مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوە مسۆگەرکردنی هاوکاری و پشتیوانی خێزانە لە فێرخوازانی پۆل. شێوازێکی باش بۆ دەستپێک دەتوانیت دەرفەت بدات بە خێزان بۆ ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆی کێشەکە لە گرووپدا و گرووپەکانیش دەبێت لە لایەن مامۆستاوە دیاری بکرێن. پاشان گرووپەکان وەڵامەکانیان پێشکەش دەکەن.

بێگومان ئەم شێوازی دەستپێکە پێویستی بە کۆششێکی زۆرە و مامۆستا دەتوانێت بۆ پلانڕێژی کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی داوای یارمەتی بکات لە بەڕێوەبەری فێرگە یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەن. لەگەڵ ئەمەشدا هەبوونی پەیوەندی باش لە نێوان فێرگە و خێزان و ڕادەی هاوکارییان دەتوانیت ببێتە پلاتفۆرمێکی باش بۆ دیداری لەم بابەتە.

**دیڤچوون**

چەپاندن بۆ چەپێنراوان شکاندنە و شادییان کز دەکات و خۆنۆڕین (تێڕوانینیان بەرانبەر بە خۆیان) دەکەوێتە بەر هەڕەشە. هێندێکیان تووشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەبن. بارودۆخی ئازاردەرانیش نایەتی دەبێت. ڕێزیان بۆ مافی مرۆڤەکانی دیکە دادەبەزێت و ڕوانگە و شێوازی هەڵسوکەوتیان نایەتی دەبێت و دواتر تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن. هێندێکیشیان تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن.

زۆر گرینگە بۆ فێرگە پرۆگرامێکی کاریگەر و تۆکمەی بۆ نەهێشتنی چەپاندن هەبێت. هەم کاریگەریی ئایەتی تەواوی ژینگەکەی پێ بەهێز دەبێت و هەم ناوبانگێکی باشیش پەیدا دەکات. سەرەڕای پێشگرتن بە دیاردەی چەپاندن، پێویستە چاودێری و دیڤچوونێکی باش لەو فێرخوازانە بکات کە بەم کێشەیەوە گلاون. ئەم کارە هەم یارمەتیدەرە لە پێشگرتنی و هەم فێرخوازانیش دەپارێزێت. لەوانەیە بۆ کەسێک کە ماوەیەکی زۆرە ئازار دەدرێت ئاسوودەیی بێت، کاتێک دەبینێت مامۆستا یان گەورەسالان لە فێرگە پەرۆشی ئەویانە و چاودێری دەکەن. هێندێک کەسی چەپێنراو پێویستیان بە میکانیزمێکی ڕێکوپێکە بۆ هەموارکردنی باری دەروونیان و یارمەتیدانیان لە خۆگونجاندن و هاوبەشکردنیان لە هەموو چالاکییەکی پۆلدا.

دەبێت چەپێنەریش چاودێری و دیڤچوونیان بۆ بکرێت، مامۆستا دەبێت ناوەناوە بەڵێننامەیان وەبیربێنێتەوە. ڕاستە ئەمە کۆنترۆڵکردنە، بەڵام پەرۆشی و سەرپەرەشتیانەیە گەر بەڕێزەوە ئەنجام بدرێت. لەم ڕێنمایەدا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە پێشگرتن و نەهێشتنی چەپاندن، بەڵام داواکاریشە کە چەپێنەر لە کاتی چارەسەرکردنی کێشە و دواتریش وەک

مرۆڤێک بەڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت. زۆربەی چەپێنەر بەشێک لە ناسنامەی خۆیان پەیوەست دەدەن بە ڕۆڵی چەپاندنەوە. فێرگە بە ڕێزگرتنی فێرخواز وەک مرۆڤ و ڕێنوێنیکردنی لە جێبەجێکردنی ئەرکی بونیادنەر و سوودبەخش هەم ستانداردێکی باش دەکاتە فەرهەنگ و هەم خزمەتێکی گەورەشی پێدەکات. لەوانەیە چەپێنەر هەبن پێویستیان بە پلانێکی تایبەتی چاودێری بێت.

بەشی هەشتەم

## ئەنجامگیری

نێزیکەی 60-70 هەزار فێرخواز هەفتانە تەنیا لە یەک شارێکی وەڵاتی نۆروێژدا بە چەپاندنەوە دەگلێن، ئەم ڕێژەیە هەر دوو لایەنی چەپێنەر و چەپێنراو دەگرێتەوە و هەزاران کەسیش جاروبار بەم کێشەیەوە دەگلێن. سەرەڕای ئەمەش هەزاران کەسی دیکە ڕۆژانە (ناڕاستەوخۆ ) - وەک تەماشاچیی چالاک و پاسیڤ - بەشداری چەپاندن دەبن.

ئەزموون سەلماندویەتی کاری سیستەماتیک و ئامانجی دیاریکراو لە ئاستی هەم تاک و هەم گرووپدا کاریگەریەکی بێهاوتای دەبێت لە پێشگرتن بە دیاردەی چەپاندن. مامۆستا وەک بەڕێوەبەری پۆل ئامراز و بابەتی فێرکاری زۆری لەبەر دەستدایە بۆ گونجاندنی بابەتی دژ بە چەپاندن و کار پێکردنی لە نێو پۆلدا.

کاتێک چەپاندن دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی، کارگێڕانی فێرگە و مامۆستا بەرپرسن لە پەیجۆری و چارەسەرکردنی لە ڕێگەی مێکانیزمی چڕی گفتوگۆ و ستانداردێکی چالاکی ڕەفتار و سزا، فێرگە دەتوانێت دیاردەی چەپاندن لە بنەوە ڕیشەکێش بکات.

فێرگە بۆ پابەندبوون و بەجێگەیاندنی بەرپرسایەتی لە پێشگیریی چالاکانە دژی دیاردەی چەپاندن، دەتوانێت لە ڕێگەی پلان بۆ چارەسەری تۆکمەوە کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت.

بێگومان کەمپین و چالاکی ڕۆژانە و هەفتانە دژی چەپاندن کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام کاری سیستەماتیک و درێژمەودایە کە باشترین ئەنجامی لێ دەزێ. هاوکات فێرگە لە پێشگرتنی سیستەماتیک بەرانبەر بە کێشەی چەپاندن سوودێکی زۆری پێدەگات کە بە گشتی دەبێتە هۆی پێشگرتن لە ڕەفتاری ناپەسەندی دیکە و فراژووتنی ژینگەیەکی شاد و ڕەفتاری ئایەتی لە فێرگە و جڤاتدا.

«...»